دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموٚکراتیکی فیدراڵی‌دا

کوردستان

ژمارە: ٤٣٥
پێنج شەمە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٥
٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموٚکراتی کوردستانی ئێران

# یادە تاڵو شیرینەکان

ژمارەی ئەمجارەی "کوردستان" لەنێو خۆشی‌و ناخۆشیی دووسێ بۆنەو یادی جیاوازدادەگاتە دەستی خوێنەران. لە حاڵێك دا موسوڵمانان بەبۆنەی ساڵرۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام‌و، مەسیحی‌یەکان بەبۆنەی جەژنی "قیامە"وە، ئاهەنگ دەگێڕن، بیرەوەریی تاڵی کوشتاری دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێتاوانی کوردستانیش بەهۆی ڕێژیمی بەعسەوە لەژێر ناوی "ئەنفال"دا دەستەملانێی ئەم بۆنەو یادە خۆشانە بۆتەوە. بەم بۆنەیەوە وێڕای پیرۆزبایی جەژنی مەولوود لە موسوڵمانانی کوردستان‌و جەژنی قیامە لە خوشك‌و برا مەسیحی‌یەکانمان، لەگەڵ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەتایبەتی‌و هەموو گەلەکەمان بەگشتی، هاودەردی دەکەینەوەو ئارەزوو دەکەین بە یەکیەتی‌و تەبایی هەموولاو بە پاراستنی دەسکەوتەکانی خەباتی چەندین ساڵە، شوێنەواری کارەساتەکان بە خێرو بەرەکەتی ئاشتی‌و ئازادی‌و دادپەروەری بسڕینەوە.

# کاربەدەستێکی قەزایی سویس داوای گیرانی عەلی فەلاحیانی کردوە


AFFAIRE RADJAVI Un mandat d'arrêt est délivré contre un ex-ministre iranien

L'Iran visé au sommet

LAUSANNE Le juge d'instruction vaudois Jacques Antenen vient de délivrer un mandat d'arrêt international contre le commanditaire présumé de l'assassinat de l'opposant iranien Kazem Radjavi. Tensions diplomatiques en vue

Ludovic Rocchi

«Strictement confidentiel». C'est sous ce sceau que le courrier du juge d'instruction vaudois Jacques Antenen est parti le 20 mars dernier à l'adresse de l'Office fédéral de la justice. Dans l'enveloppe, un mandat d'arrêt international en trois exemplaires à l'encontre d'Ali Fallahijan, ressortissant iranien né en 1949. Sous la rubrique profession, on peut lire: «ancien ministre de l'Intelligence et de la Sécurité de la République islamique».

Comment un juge vaudois en vient-il à poursuivre un haut dignitaire du régime des mollahs toujours très influent à Téhéran, même s'il n'occupe plus de fonctions ministérielles? «Il a décidé et ordonné l'exécution de Kazem Radjavi», renseigne le mandat d'arrêt. Seize ans après l'assassinat à Coppet (VD) du défenseur des droits de l'homme Kazem Radjavi, la justice suisse franchit un pas décisif dans une enquête qui s'ensablait.

Dès le départ, treize suspects iraniens ont été poursuivis. Mais le juge en charge de l'enquête jusqu'en 1997, Roland Chl-

CANTON DE VAUD
JUGE D'INSTRUCTION DU CANTON DE VAUD
Valentin 34
1014 Lausanne

Dossier N° : A/288/90

JUSTICE PENALE

MANDAT D'ARRET INTERNATIONAL

Nous, Jacques ANTENEN, Juge d'instruction du Canton de Vaud, à Lausanne, magistrat compétent pour informer sur les actes imputés au prévenu, conformément aux dispositions du Code de procédure pénale vaudoise, ordonnons à tous huissiers et agents de la force publique d'arrêter et de conduire dans les prisons du canton de Vaud, la personne suivante :

Nom : FALLAHIJAN
Prénoms : Ali
Nom de naissance : —
né le : 1949
à : Najafabad/Iran
fils de : ?
et de : ?
célibataire/marié à/divorcé de : ?
originaire de : ?
profession : ancien ministre de l'Intelligence et de la sécurité de la République islamique d'Iran.

MANDAT Jacques Antenen (à g.) a lancé un mandat d'arrêt international contre Ali Fallahijan, ancien ministre iranien. Ali Fallahijan «a décidé et ordonné l'exécution de Kazem Radjavi», il y a seize ans à Coppet, renseigne le mandat.

دادوەری لێکۆڵەری دەوڵەتی هەرێمی ڤۆ (یەك لەو ٢٦ دەوڵەتەی کە کۆنفدراسیۆنی سویس پێك دێنی‌و پێتەختەکەی شاری لۆزانە)، ژاك ئانتنەن بڕیاری گرتنی نێونەتەوەیی لەسەر عەلی فەلاحیان، وەزیری پێشووی زانیاری‌و ئاسایشی ئێران، بە تاوانی تیرۆرکردنی کازمی ڕەجەوەی لەسەر خاکی ئەم هەرێمەدا. ڕۆژنامەی فەڕانسەیی‌زمانی لۆمەتەن، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٩ی مانگی ئاوریلی ٢٠٠٦، بە چاپکردنی بەشێك لە ئەسڵی نامەکە لەنێو ڕۆژنامەکەدا، ئەم هەواڵەی ئاشکرا کردو نووسی کە "ماوەیەك دەبێ کە دادوەر، ژاك ئانتنەن لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی فیدراڵ لەسەر دۆسیەی ڕەجەوی لە هاتوچۆدا بووو لە ئاکام دا ڕێکەوتی ٢٠ی مانگی مارس، نامەیەکی بە مۆری "بە تەواوی نهێنی" ئاراستەی ئیدارەی عەداڵەتی فیدراڵ" کرد. لەم نامەیەدا دادوەر ئانتنەن، عەلی فەلاحیان، وەزیری پێشووی زانیاری‌و ئاسایشی ئێران وەك "بڕیاردەرو ڕێکخەری کوشتنی "کازم ڕەجەوی" دەناسێنێ. کوردستان میدیا

به بەشداریی زۆربەی حیزبە ئێرانییەکان:

## پێکهاتنی سمینارێك لەژێر ناوی "حزب دمکرات کردستان ایران و دورنمای تحولات سیاسی در ایران و..." لە ئاڵمان

ڕۆژی ٢ی ئاڤریلی ٢٠٠٦، سمینارێك لەژێرناوی "حزب دمکرات کردستان ایران و دورنمای تحولات سیاسی در ایران، شعار فدرالیزم‌و مسئلەی ملی در ایران" لە لایەن کومیتەی حیزبەوە لە وڵاتی ئاڵمان، بە بەشداریی زۆربەی حیزبە ئێرانییەکان لە شاری هانوفردا بەڕێوەچوو.

کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ سمینارەکە دەستی پێ‌کردو سەرەتا دوکتور ئەمیر ڕەشیدی، دۆستی حیزب‌و بەڕێوەبەریی سمینارەکە بەخێرهاتنی بەشدارانی کردو سەرنجیانی بۆ لای باسەکە ڕاکێشا.

لەم سمینارەدا کاك عەبدولڕەزا کەریمی‌و کاك شەهریار نەقشبەندی، بەشدارییان کرد. کاك عەبدولڕەزا کەریمی، وتەبێژی حیزب لە سمینارەکەدا باسێکی تێروتەسەلی لەسەر بابەتی سمینارەکە پێشکەش کرد کە سەرنجی بەشداربووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو پاشان وڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

سمینارەکە لە کەش‌وهەوایەکی دۆستانەدا، کاتژمێر ٦:٣٠ی ئێوارە کۆتایی پێ‌هات.

کوردستان میدیا

## گەڵاڵە داڕشتن بە مەبەستی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران



"دویچەوله" لە زمانی هەواڵدەریی فەرانسەوە ڕای‌گەیاند کە "ویلیام ئارکین"، هاوکارێکی پێشووی سرویسی نهێنیی ئەمریکا بە ڕۆژنامەی واشنگتۆن پۆست (چاپی ڕۆژی یەکشەمە ١٦ی ئاوریل)ی گوتوە گەڵاڵەی هێرشی سەربازیی ئەمریکا بۆ ئێران بریتی دەبێ لە هێرشی مووشەکی، چوونی هێزی پیادە بۆ خاکی ئێران‌و دەست بەسەرداگرتنی تەنگەی هورمۆز لە کەنداوی فارس.

بە گوتەی "ویلیام ئارکین" گەڵاڵەکانی هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران لە کۆڕو کۆبوونەوە نیزامی‌یەکانی ئەمریکادا بە ناوی "تیرانت" (TIRANNT) ناسراون. بە گوتەی پسپۆڕانی نیزامی، هەڵسەنگاندنێکی وردی زەڕادخانەی مووشەکیی ئێران لە گۆڕێ دایەو هەورەها گەڵاڵەیەکیش بۆ چوونی هێزی پیادە کە ئامادەی ئەنجامدانی عەمەلیات لە سەرانسەری جیهانن، ئامادەیە تا دامەزراوە نیزامی‌و ئەتۆمی‌یەکانی ئێران لەنێو ببەن، تەنانەت مانۆڕێکی هاوبەشیش لەنێوان یەکە نیزامی‌یەکانی ئەمریکاو بریتانیا لە دەریاری خەزەر بەڕێوە چوو. ژێنراڵی ئەمریکایی "جان ئەبی زەید" کە لەم ماوەیەدا فەرماندەری ستادی ناوەندیی هێزە نیزامی‌یەکانی ئەمریکا (centcom)ە، لە ساڵی ٢٠٠٢وە مەئمووریيەتی داڕشتنی ئەم گەڵاڵە نیزامی‌یەی پێ ئەسپێردراوە.

### لە ناوچەی سەردەشت

## تەقینەوەی مین، کوژران‌و برینداربوونی ٤ کەسی لێکەوتەوە

ڕێکەوتی ١٣٨٥/١/٢٤، کاروانی کاسبکارانی گوندی "کونەمشکێ"ی سەردەشت لە چیای بلفەت، کەوتنە نێو مەیدانی مین‌و بەهۆی تەقینەوەی مینەوە کەسێك بەناوی عوسمان عەبدوڵلایی گیانی لەدەست داو سێ‌کەسی دیکەش بەم ناوانەی خوارەوە بریندار بوون:

ـ ڕەحمەت عەبدوڵلایی، ـ کامران خەیاڵی، ـ ئومید خەیاڵی

سەرجەم کوژراوو بریندارەکان خەڵکی گوندی کونەمشکێن.

## بەرهەڵستکارێکی ئێرانی لە بەسرا تیرۆر کرا

لە شاری بەسرە ی باشوری عێراق تەرمی ئەندامێکی بزوتنەوەی موقاوەمەی ئەهواز کە لەو شارە نیشتەجێبوو دۆزرایەوە.

بەرپرسێکی بزوتنەوەی عەرەبی بۆ رزگارکردنی ئەهواز لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی بە ئاژانسی" ئاکی" ی ئیتاڵیای راگەیاندووە کە لەدوای پێنج رۆژ لەسەر رفاندنی سەرکردەیەکی پارتی نیشتیمانی عەرەبستان بەناوی( رەعد دەعیر بستان) لەلایەن چەند چەکدارێك کە جلی پۆلیسیان پۆشیبوو، تەرمەکەی لە شەقامێکی بەسرا دۆزرایەوە.

سەرچاوەکە کەنەیویستووە ناوی ئاشکرابکرێ ئەوەی راگەیاندووە کە هەواڵگری ئێران ئەو کارەی جێبەجێکردووە و ئەو لایەنە عێراقیانەی کە سەربە ئێرانن هەڵدەستن بەڕاوەدوونانی پەنابەرانی ئەهوازی کەلە عێراق نیشتەجێن و دەسەڵاتی ئێرانیش بەوە تۆمەتباریان دەکات کە بەشداری دەکەن لە چالاکیە بەرهەڵستکاریەکان لە ئەهواز. سایتی: پەیامنێر

## تێکهەڵچوونی نێوان خەڵکی سەقزو هێزەسەرکوتکەرەکانی ڕێژیم

کاتژمێر ١٢ی نیوەشەوی سێ‌شەممە، ١٣٨٥/١/٢٢، مەئموورانی شارەداریی سەقز بە دوو ئوتووبوسی پڕ لە مەئموورى هێزی ئینتیزامی، دوو دەستگاه لۆدێر، چەند ماشینی باری‌و ئێلەگانزی سواری، بۆ تێکدانی ماڵ‌و حاڵی ئەو خەڵکە هەژارەی کە لە گەڕەکی قەوخ، دروست کرابوون، کەوتنە ڕێ. ئەم هێزانە هەر کە گەیشتنە شوێنی مەبەست دەست بەجێ دوو ماڵیان تێك ڕووخاندو بێ‌بەزەییانە دەستیان کرد بە لێدان‌و ئازاری خاوەن ماڵەکان. کاتێك خەڵکی وەزاڵەهاتووی گەڕەکی قەوخ لەم پیلانە ئاگاداربوون، هاودەنگ‌و هاوهەڵوێست بە شێوەیەکی کەم وێنە لە هێزەکانی ڕێژیم ڕاپەڕین‌و تێکهەڵچوونێکی قورس ڕوویدا. لە ماوەیەکی کورت دا حەشیمەتێکی زۆر کە ژمارەیان ٣هەزار کەس بەراورددەکرا، ڕژانە شوێنی ڕووداوەکەو چەندین ماشینی ڕێژیمیان تێك شکاندو هەڵمەتیان بردەسەر مەئموورانی ڕێژیم‌و بەرەو پردی قەوخ‌و پارکی کەوسەر ڕاویان نان. لە تێکهەڵچوونی نێوان خەڵك‌و هێزەسەرکوتکەرەکان دا ژمارەیەك خەڵك بریندار بوون کە ١٣ کەسیان چوونەتە نەخۆشخانەی سەقزو ٣ کەسیشیان حاڵیان خراپەو بۆ نەخۆشخانەی سنە بەڕێ‌کراون. جێی سەرنجە ڕۆژی دواتر خەڵکی قەوخ لە بڕیارێکی مرۆڤدۆستانەدا ڕایان گەیاند کە ئامادەن بە هانای ئەو دوو ماڵە ڕووخاوەوە بچن‌و هەموو زیانەکەیان بۆ قەرەبوو بکەنەوە. کوردستان میدیا

## پەرەگرتنی خۆکوژی‌و خۆسووتاندن لە کوردستان دا



لەماوەی کەمتر لە یەك حەوتوودا، چەند ڕووداوی پەنابردن بۆ خۆکوشتن، خۆسووتاندن‌و خۆخنکاندن لە کوردستان ڕوویان داوە کە بەداخەوە زۆبەیان بوون بەهۆی مردنی کەسەکان. هۆکاری سەرەکیی زۆربەی ئەم ڕووداوانەش گیروگرفتی کۆمەڵایەتی وەك نەبوونی‌و کەم داهاتی، ئیعتیادو کێشەی بنەماڵەیی بووە. بەپێی هەواڵەکانی سایتی "کوردستان میدیا" کە هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دابڵاو بوونەوە لەسەرجەمی ئەو ٧ کەسەی هەوڵی کۆتایهێنان بە ژیانی خۆیان داوە سێ کەسیان ئافرەتن کە یەکیان هێشتا لە ژیان دایەو بەڵام لە بارودۆخێکی نالەباردا دەژی.

## یارمەتیی ٥٠ میلیۆن دۆلاریی ڕێژیمی ئێران بە حەماس

مەنووچێهری موتتەکی وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕێژیمی ئێران گوتی: کۆماری ئیسلامی ٥٠ میلیۆن دۆلاری بۆ یارمەتی بە خەڵکی فەلەستین تەرخان کردوە.

موتتەکی ئەم قسانەی لە ڕێورەسمی کۆتاییهاتنی "سێهەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی قودس‌و پشتیوانی لە مافەکانی خەڵکی فەلەستین"دا کرد. وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێران وێڕای بانگهێشتنی وڵاتانی ئیسلامی‌و عەرەبی بۆ یارمەتی بە خەڵکی فەلەستین، گوتی: هەڵوێستی هێندێك دەوڵەت لەبارەی تەحریمی یارمەتی بە خەڵکی فەلەستین، شوێنێك لەسەر ئیرادەی پتەوی بەگوتەی ناوبراو فەلەستینی‌یەکان دانانێ." موتتەکی ناوی ئەو دەوڵەتانەی نەبرد بەڵام مەبەستی وڵاتانی ئورووپایی‌و ئەمریکا بوو کە پاش سەرکەوتنی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی فەلەستین‌و پێکهاتنی دەوڵەت لەلایەن ئەم گرووپەوە ڕایان گەیاند یارمەتی‌یەکانی خۆیان بە دەوڵەتی خودموختاری فەلەستین هەڵدەپەسێرن. هەڵپەساردنی یارمەتی‌یەکان زۆرتر لەبەر ئەمە بوو کە حەماس ئامادە نەبوو ئیسرائیل بە ڕەسمی بناسێ. یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا درێژەی یارمەتی‌یەکانی خۆیان بەستۆتەوە بە بەرەسمی ناسرانی ئیسرائیل‌و مەحکووم کردنی توندوتیژی لەلایەن حەماسەوە. BBC


(AP PHOTO)

ڕۆژنامەنووسیی سەرکەوتوو لە سەردەمی بەجیهانیبوون دا ٢
سەبارەت بە ناوچە کوردییەکانی باکووری کوردستان ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
کودەتایەکی ئیدئۆلۆژیك یا شۆڕشێکی کولتووری ٤
تێڕامانێك لە سەر قسەکانی باڵوێزی ئێران لە تورکیە ٤
کای کۆن بەبا کردن ٥
باڵە سیاسییەکان لە ئێران لە شۆڕشی(١٣٥٧) ەوە تا ئێستا ٨
مین مەرگێکی شاراوەو نەدیتراو ٩
تەوەرێك لە سەر تیرۆریزم ١٠
لە قامووسی فیمینیزمدا ١١

# ڕۆژنامەنووسیی سەرکەوتوو لەسەردەمی بەجیهانیبوون دا

**قادر وریا**

**"شارستانەنیی زانیاری (تمدن اطلاعاتی) سەری هەڵداوەو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا خۆی وەدیار خستوە. مرۆڤی پترخوازو هەوڵدەر، قنیات بەوە ناکا کە هەیەتی‌و، بە دوای بەرەوژوور بردنی زانایی‌و پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی بە سەر هەموو شتێك دایە. هەر بۆیە دیسان تێدەکۆشێ ئەوەی هەیەتی پتر پەرەی پێبدا. ئەم هەوڵدانەی لە پێناوی پەرەپێداندا، ئەگەر هەوڵدەرەکە کەسێکی گونجاوو لێوەشاوە بێ، شتێکی جوان‌و پیرۆزە، بەڵام ئەگەر وانەبێ، ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە ببێ بە ئانترۆپی‌و، هێزێکی تێکدەر. لە ڕاستی‌دا لە هەر شوێنێك لە نێوان ئامرازو ئامانجدا جێگۆڕکێ پێك بێ، ئامانجە مەجازی‌یەکان، ئامانجی سەرەکی لە قەڵەمڕەوی تیۆرو مەیدانی کردەوە ڕاودەنێن‌و [ئەمەش] ئاکامێکی لێناکەوێتەوە بێجگە لە بشێوی‌و ئاڵۆزی. تێکنۆلۆژی دەبێ لەگەڵ بەشەکانی دیکەی پێکهێنەری سیستەم بە شێوەیەکی هاوکێش‌و هاوهەنگاو لە هەڵسوکەوت دابێ."[1]**

سەردەمی ئێستا بەسەردەمی بەجیهانیبوون ناوی دەرکردوە. "بەجیهانیبوون"یش ئەو وەزعییەتە یا بارودۆخ‌و هەلومەرجەیە کە ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکان لە زەمەنێکی کورتتردا، لە سەر شوێنە دوورەکان کاریگەر دەبن. ئەم کاریگەر بوونەش بەر لە هەر شتێکی دیکە بەرهەمی ئەو پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرانەیە کە تێکنۆلۆژیی پێوەندی‌یەکان‌و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە خۆیانەوە دیتوە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین ڕاگەیەنەکان ڕۆڵ‌و گرنگی‌یەکی یەکجار گەورەیان لە ژیانی سەردەمی بەجیهانیبووندا هەیە. چونکە دەتوانن دەم‌و دەست زانیاریی پێویست لە بارەی ڕووداو ئاڵوگۆڕەکان بە پانتایی جیهاندا بڵاوبکەنەوەو "زانیاری" کە پێویستترین کاڵای ژیان لەم سەردەمە نوێ‌یەدایە، بگەیەننە مرۆڤەکان‌و توانای ڕادەربڕین‌و بڕیاردانیان پێبدەن.

"توماس فریدمان"، "خێرایی" بە پێوانەی باوی نیزامی نێونەتەوەیی بە جیهانیبوون دادەنێ، خێرایی لە بازرگانی‌دا، خێرایی لە هاتوچۆو گواستنەوەو خێرایی لە داهێنان‌و هتددا. ئەو، لەسەر بناغەی ئەم پێوانەیە، ملبەملە لە دوو سەردەمی جیاواز ـ سەردەمی شەڕی ساردو سەردەمی بەجیهانیبووندا ـ پێکەوە بەراورد دەکا. لە بارەی ململانێ لە سەردەمی شەڕی سارددا، تەعبیرەکەی جان هاپکینز بەکار دێنێ‌و ملبەملەی ئەو سەردەمە بە زۆرەوانیی ژاپۆنی (سۆمۆ) دەشوبهێنێ کە دوو مرۆڤی زۆر قەڵەو لە نێو ڕینگدا، هەتا کۆتایی پێشبڕکێ‌یەکە، کەمترین پێوەندییان بە یەکترەوە هەیەو، لە داواساتەکاندا، دۆڕاو بە پاڵێکی ڕەقەبەرەکەی لە ڕینگ دەچێتەدەر. هیچکەسیش زیانێکی پێناگا. بەڵام ملبەملەی سەردەمی بە جیهانیبوون لە "ڕاکردنی خێرایی سەدمیتر" دەچێ، چونکە ئەوە گرنگ نیە کە چەند جار سەردەکەوی، گرنگ ئەوەیە کە ڕۆژی دواتریش بتوانی بێیەوە بۆ پێشبڕکێ. ئەگەر بەقەرا ١٪ی ورتکە (ثانیە)ش لەم پێشبڕکێ‌یەدا، کەم بێنی، وەك ئەوە وایە سەعاتێك دواکەوتبی! (٢)

ڕۆژنامە وەك یەکێك لە ڕاگەیەنەکان، لە سەردەمی بەجیهانیبووندا، سەرەڕای بەرەوروو بوون لەگەڵ "چالش"ی جۆراوجۆر، هەروا ڕۆڵ‌و نەخشێکی گرنگی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کۆمەڵە جیاوازەکاندا هەیە. دیارە گۆڕان‌و لەمەش زیاتر، گۆڕانی قەڵەمبازانە (جهشی)، ئەم بوارو پانتایی‌یەشی وەك زۆر لە بوارەکانی ژیان گرتۆتەوە، بەجۆرێك کە بەهیچ جۆر ناتوانین ڕۆژنامەنووسیی ئەم سەردەمە لەگەڵ پێشوو وەك یەك سەیر بکەین. بەرچاوترین جیاوازیی نێوان ڕۆژنامەنووسیی ئەم سەردەمە لەگەڵ ڕابردوو، لەلایەکەوە ئامادەبوون لە فەزای سایبێرو لە جیهانی ئەلێکترۆنیك دایە، لە لایەکی دیکەشەوە هەم لە باری خاوەنیەتی‌یەوە، هەم لە لایەنی پێوەندی‌یەوە، لە خەڵك نزیك بۆتەوە. بەدەربڕینێکی دیکە، سەرکەوتنی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووس پتر لە هەموو سەردەمانی ڕابردوو، بە ڕەزامەندیی خوێنەرو بەردەنگ (مخاطب) بەستراوەتەوە. ئێستا لەمێژە ئەو سەردەمە بەسەر چووە کە تەنیا دەوڵەت‌و دامودەزگای دەوڵەتی دەیانتوانی خاوەنی ڕۆژنامە بن‌و، ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووس بۆیان نەبوو لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەو سنوورانەی دەوڵەت بۆی دیاری کردوون، شتێك بڵێن. هاتنەدەری خاوەنیەتیی ڕاگەیەنەکان‌و یەك لەوان، یا زیاتر لە زۆربەیان، ڕۆژنامەکان لە دەست دەوڵەت‌و دامودەزگاکانی سەر بە دەسەڵات‌و، پێویستیی ئەوان بە دابینکردنی ڕەزامەندیی بەردەنگ لە ڕێگای پێگەیاندی زانیاریی دروست، ئەمڕۆ هەموو شوێنێکی جیهانی گرتۆتەوە، یا خەریکە هەموو وڵاتانی جیهان دەتەنێتەوە.

مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لە پێوەندی لەگەڵ تێکۆشانی ڕاگەیەنەکان‌و بە تایبەتی ڕۆژنامەکان کە مەبەستی ئەم نووسینەن، ئەوەیە ئەگەرچی تێکنۆلۆژیاو ئامرازەکانی دیکەی ژیان‌و سیستەم‌و جۆری دەسەڵاتداریتی لە هەموو شوێنێکی دنیای بەجیهانیبوو وەك یەك نین، بەڵام چاوەڕوانی‌یەکانی خەڵك لە ڕاگەیەنەکانی وڵاتی خۆیان لە هەموو دنیا، لەسەر یەك وەکوو یەك وایە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕاستی‌یە کە لەبەرەکەتی هەرزانبوون‌و بڵاوبوونەوەی بەهاسانیی هێندێك تێکنۆلۆژیی وەك سەتەلایت، موبایل‌و ئینتێرنێەوە، ئاستی چاوەڕوانیی خەڵك لە بارەی دەستڕاگەیشتنی خێرا بە زانیاری، سەرەڕای جیاوازیی ئاستی ژیان‌و جۆری سیستەمێکی سیاسی کە بەسەریاندا زاڵە، وەکوو یەك بەرز بۆتەوە. هەرواکە تاکێکی کانادایی، سویسی‌و ئوسترالیایی دەیانەوێ ساتبەسات زانیارییان لە بارەی هەر ڕووداوێکەوە هەبێ، کە پێوەندیی بە ژیانی ئەوانەوە هەیە، مرۆڤێکی کورد، ئێرانی‌و سومالیاییش هەمان چاوەڕوانییان هەیە.

دیارە وەك گوترا، "خێرایی"، پێوانەی باوی سەردەمی بە جیهانیبوونە، خێرایی لە دەستڕاگەیشتن بە زانیارییشدا، پێوەندی‌یەکی چڕو پڕی بە ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمەوە هەیە.





زۆرترین زانیاریی دەداتێ. شتێکی زۆر سروشتی‌یە کە خوێنەران، ئەو ڕۆژنامانە بکەن بە ڕووگەی خۆیان کە وردترین‌و زۆرترین زانیارییان پێدەگەیەنن‌و، لەو ڕۆژنامانەش کە دڵۆپ دڵۆپ‌و بە پارێزەوە، بە کلك‌و گوێ کراوی‌و ناتەواوی زانیارییان دەدەنێ، بەرە بەرە دەکشێنەوەو متمانە بەوان لەدەست دەدەن. بەڵام ئەم دوو مەرجەش تەواوی ئەو مەرجانە نین کە ڕەزامەندیی خوێنەرو بەردەنگی ڕۆژنامەی ئەم سەردەمە دابین دەکەن. مەرجی سێهەم ئەوەیە پێوەندیی نێوان خوێنەرو ڕۆژنامە دوولایەنە بێت. ڕۆژنامەو خاوەنەکانیان نابێ خۆیان بە تریبوونێك بزانن کە خەڵك هەر دەبێ قسەیان لێ‌ببیستێ‌و پەیامیان لێ‌وەربگرێ. نابێ ئەوان هەر سەرچاوەو ناوەند بن‌و، خەڵکیش بەردەوام خوێنەرو پەیام وەرگر. خوێنەران دەبێ ڕاوبۆچوونی خۆیان، دەنگیان‌و هەڵوێستیان لە ڕۆژنامەی خۆیاندا ببیننەوە. ئەوە کە ڕۆژنامە ئەلکترۆنی‌یەکان پتر لە ڕۆژنامە کاغەزی‌یەکان سەرنجی خوێنەر

ئەوانەی خوێنەری ڕۆژنامەن بەلایانەوە گرنگە کام ڕۆژنامە بەر لەوانی دیکە پێویستیی ئەوان بە وەدەستهێنانی زانیاریی لە بارەی ڕووداوو گۆڕانەکانەوە دابین دەکا. بەڵام خێرایی لەگەڵ ئەوەش‌دا کە یەکەم مەرجی ڕازیکردنی خوێنەر یا بەردەنگی ئەم سەردەمەیە، تاقە مەرج نیە. مەرجی گرنگی دیکە ئەوەیە کە کام ڕۆژنامە زانیاریی دروست، ئەویش

ڕادەکێشن‌و ڕازییان دەکەن، هی ئەوەیە لانی کەم دوو لەو سێ مەرجانەیان باشتر بۆ جێبەجێ دەکرێ: هەم دەتوانن چاوەڕوانیی خوێنەر لە باری خێرایی‌یەوە بهێننە دی، هەم بە پێکهێنانی دەرەتانی پێوەندیی دەستبەجێ وەکوو ناردنی ئیمەیل‌و جێگە تەرخانکردن بۆ نووسینی بۆچوون لەسەر بابەتەکان، خوێنەر لە مەوقعییەتی "خوێنەر بوون"ەوە بگوازنەوە بۆ کەسێکی خاوەن دەنگ‌و خاوەن بۆچوون لەسەر ڕۆژنامەکە؛ دەنگ‌و بۆچوونێکیش کە دەستبەجێ دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەرانی دیکە.

کورتەی قسە ئەمەیە کە خاوەنانی ڕۆژنامەو ڕاگەیەنەکان بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە بە دواکەوتوو یا لە حاڵی پەرەسەندندا دەژمێردرێن، دەبێ بە عەقڵییەتێکی نوێوە بڕواننە کاری ڕۆژنامەو ڕاگەیەنەکانی خۆیان‌و، لە هەوڵی تێگەیاندنی خێراو تێروتەسەلی خوێنەرو بەردەنگی خۆیان دا بن نەك فریودان‌و چەواشە کردن‌و بەلاڕێدا بردنی. ڕاستی لێ‌شاردنەوەو ئەم دەستو ئەودەست پێکردن‌و دابین نەکردنی مەرجە ڕەواکانی ڕەزامەندبوونی خوێنەرو بەردەنگ، کەمترین زیانی ئەوەیە کە ئەوان ڕوو لەم جۆرە ڕاگەیەنانە وەردەگێڕن‌و متمانەی پێناکەن. ئەمەش یانی شکستی ئەم جۆرە ڕاگەیەنانەو سەرنەکەوتنیان لە ئاراستە کردنی خەڵك بەرەو ئەو شوێنانە کە مەبەستیانە. بەڵام زیانی گەورە لەو نێوەدا قوربانیبوونی حەقیقەت‌و ونبوونی ڕاستی‌یەکانە، ئەمەش یانی کارەسات. چونکە حەقیقەت‌و ڕاستی ماکی سەرەکیی زانست‌و زانیارین‌و، ئەگەر ئەمانە نەبن هەموو بڕیارو لێکدانەوەکان لە سەر بناغەیەکی بۆش بنیات دەنرێن‌و، خەڵك‌و کۆمەڵ‌و وڵات لە تێگەیشتن‌و سەرکەوتن دوور دەکەونەوە.

[1] دوکتور شەمسولسادات زاهیدی، "نقش فنآوری‌های نوین ارتباطاتی در مدیریت دمکراتیك جامعە"، "دموکراسی دیجیتال"، یەکشەمە، ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٣، سایتی" آیندەنگار".

[2] توماس فریدمان، ڕۆژنامەی جام جم، ژمارە ٢٩٥، ١٣٨٠/٢/٢٣، لاپەڕی ٨

# سەبارەت بە ناوچە کوردییەکانی باکووری کوردستان

**سارینا**

ڕۆژی سێ‌شەممە، ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٣/٢٨ لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی ٦ ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان (P.k.k)، لە شاری ئامەدی باکووری کوردستاندا، خۆپیشاندانێکی چەند هەزارکەسی دژی سیاسەتەکانی کورد کوژانەی، دەوڵەتی تورکیە سەری هەڵدا کە بە هۆی دەستێوەردانی پۆلیسی ئەو وڵاتەوە، توندوتیژیی دوولایەنەی لێ‌کەوتەوەو بووە هۆی کوژرانی ٣ کەس‌و بریندار بوونی ٢٥٠ کەس تەنیا لە ڕۆژی یەکەمداو زیانێکی ماڵیی بەرچاو لە دامودەزگاو ناوەندە دەوڵەتییەکان کەوت. ئەو خۆپیشاندانە ئێعترازییە لە ڕۆژانی دواتریشدا درێژەی کێشاو بۆ چەند شارو ناوچەی دیکەی باکووری کوردستان‌و تورکیە تەشەنەی سەند کە بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی ئانادۆڵیی تورکیە، لە ماوەی هەشت ڕۆژدا، واتە لە ڕۆژی سێ‌سەممە ٢٠٠٦/٣/٢٨ تا چوارشەممە ٢٠٠٦/٤/٥، لە شارەکانی ئامەد، قۆسەری، ماردین، بینگۆڵ‌و ئیستانبۆڵ ١٦ کەس کوژراون‌و زیاتر لە ٤٠٠ کەس بریندارو ٨٠٠ کەسیش دەستگیر کراون کە زۆربەیان ئازاد کراون. هەروەها زەرەرو زیانێکی بەرچاو لە زیاتر لە ١٠٠٠ دامودەزگای دەوڵەتی کەوت‌و ١٢ ماشێنی دەوڵەتی ئاگریان تێ‌بەردرا. بە گوێرەی هەواڵی CNN ‌TRK، ژمارەیەکی بەرچاو لە پۆلیس‌و هێزی تایبەتی دژە شۆڕش، نێردراونەتە ناوچە نائارامەکان‌و دەزگا ئەمنییەتییەکانی تورکیە هەموو هەوڵی خۆیان بەکار هێناوە تا بارودۆخەکە ئاسایی کەنەوەو پێش بە تەشەنەی خۆپیشاندانەکە بگرن.



ئەوەی لەو نێوەدا سەرنجی بیروڕای گشتیی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپاو ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، نیشاندانی تەرمی ٤ شەهیدی خۆپیشاندانەکان بوو کە تەمەنیان تەنیا ٤ تا ٩ ساڵ بوو. عوسمان بایدەمیر، شارەداری ئامەدو کەسایەتیی بەنێوبانگی کوردستانی باکوور، ڕۆژی هەینی ٣١ی مارس لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژناماڤانی‌دا ئەو پرسیارەی بەرەورووی دەوڵەتی تورکیە کردەوە کە ئایا ئەو منداڵانەی لە خۆپیشاندانی شارە کوردییەکاندا کوژروان یان برینداربوون، تیرۆریست بوون؟! بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆك وەزیری تورکیە، لە وتووێژێکدا وڵامی شارەداری ئامەدی داوەو گوتی: "ژن‌و منداڵ‌و هەر کەسێك لەو خۆپیشاندانەدا بەشداری بکا، تیرۆریست بە حیساب دێ‌و دەبێ سەرکوت بکرێ"! ئەردۆغان هەرچەشنە دانیشتن‌و وتووێژێك لەگەڵ نوێنەرانی کوردی باکووری کوردستان، بە تایبەتی DTP (حیزبی کۆمەڵگای دیموکراتیك) بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد تورکی بەو مەرجە بەستەوە کە ئەوان بەر لە هەر شتێك P.K.K وەك تیرۆریست بناسن‌و پاشان ئەوان بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد حازر دەبن وتووێژیان دەگەڵ بکەن.

دەوڵەتی ئێستای تورکیە کە زۆربەی ئەندامانی لە(AKP) یان "حیزبی عەدالەت‌و پەرەپێدان"ن، کە خۆی بە یەکەم حیزبی دێمۆکراتی ئیسلامیی تورکیە دەزانێ، پێك هاتون، بە دروشمی پەرەپێدانی دێمۆکراسی‌و ئاسایش‌و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تورکیەو بە تایبەتی کێشەی کورد هاتۆتە سەرکارو لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی باکوور، جیا لە ئامەدو چەند ناوچەی دیکە، زۆرینەی دەنگی هێنایەوە. بەڵام پاش هاتنەسەرکار زۆر زوو نیشانی‌دا کە لە حاست کێشەی کورد، جیاوازییەکی لەگەڵ دەوڵەتەکانی بەرلە خۆی نیە. بە تایبەتی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی گەلی کورد لە کوردستانی باکوورو هەڵویستی AKP کە تەنانەت گەلاڵەی توندترکردنی یاساکانی سەرکوتی خۆپیشاندەرانی کوردی ئامادە کرد، ئەو ڕاستییەی بە تەواوی دەرخست.

لەو نێوەدا هێندێك توندوتیژی نواندنی بەدەر لە عەقڵ‌و مەنتیقیی کەسانێکی نەناسراو، لە ئیستانبۆڵ کە هەواڵدەرییەکانی تورکیە ئیددیعایان دەکرد کە سەر بە P.K.K بوون، نەك هەر یارمەتیی تورکیەیان دا تا بە دەستێکی ئاوەڵاترەوە خۆپیشاندەرانی مافخوازی کورد سەرکوت بکا، بەڵکوو دژکردەوەی هێندێك لە وڵاتانی وەك ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپای بە دواوە بووو وەك کردەوەی تیرۆریستی مەحکووم کرا. تەلەویزیۆنەکانی تورکیە پەیتا پەیتا دیمەنی سووتاندنی ئۆتومبیلێکی شارەداریی مەیدانی "تەقسیم"ی ئیستانبوڵیان لە شەوی یەکشەممە ٢٠٠٦/٤/٢ دا پیشان دەدا کە ٣ هاووڵاتیی تورکی بێدیفاعی تێدا بووو هەرسێکیان گیانیان لەدەست دا. دەوڵەتی تورکیە ئەو دیمەنە فیلم لێ‌هەڵگیراوی وەك بەڵگەی تیرۆریست بوونی کوردەکانی ئەو وڵاتە لە قەڵەم داو پڕۆپاگەندەیەکی زۆری کرد کە ئەگەر هێزەکانی ئەمنییەتی‌و پۆلیس ئیزن بدەن، ئەو جۆرە کردەوانە لە سەرانسەری تورکیە ڕوو دەدا.

خۆپیشاندانی هێمنانەو دوور لە توندوتیژی‌و حەقخوازانەی خەڵکی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی تورکیە ڕەوایەو کێشەی کورد لە تورکیەو لە هەموو وڵاتانی ناوچەکەدا، کێشەیەکی حاشاهەڵنەگرەو بوونی هەیەو پێویستە لە ڕێگای دێموکراتیکەوە چارەسەر بکرێ. بەستنەوەی مەسەلەی کورد بە تیرۆریزم‌و یان هەر شتێکی دیکە لە پێناوی حاشاکردن لە مەسەلەی کورد، تەنیا کێشەکە قووڵترو ئاڵۆزتر دەکاو دەوڵەتی تورکیە کە هەنگاوەکانی بەرەو ئەندامەتی لە یەکیەتیی ئورووپادا خێراتر کردون، پێویستە لە ڕوانگەیەکی دێموکراتیك‌و سەردەمیانەوە سەیری مەسەلەی کورد بکا. لەبەر ئەوە کە کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، بۆتە کۆسپێکی گەورەی بەردەم ئەندامەتیی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپاداو بەوتەی "ئوولی ڕەهن"، سەرۆکی کۆمیسیۆنی پەرەپێدانی یەکیەتیی ئورووپا، ئەندامەتیی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا بە ڕێگای کوردستاندا تێپەڕ دەبێ‌و دەوڵەتی تورکیە دەبێ لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا، وەك مەرجێکی وەرگێرانی بە ئەندامەتیی ئەو یەکیەتییە دان بە مافی کولتووری‌و نەتەوایەتی کورد دابنێ.


# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە نێوخۆی وڵات

شەوی١٣٨٥/١/٢٦، ئەندامانو لایەنگرانی نهێنی حیزب لە پیرانشار لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا، چەندین سی‌دیی فیلمە حیزبی‌یەکان (ڕێوڕەسمو ئاهەنگە حیزبی‌یەکان)و وێنەی ڕێبەرانی شەهیدیان لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاوکردەوە:

گەڕەکەکانی فەرهەنگیانی ١، قۆدس (دەوروبەری حەمامی قەرەگوڵ)، کۆنەخانیّو زەرگەتەن، دەوروبەری فەلەکەی "محەممەد هەوراز"، چوارڕای سەعدی‌و شەقامی سەعدی.



هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە گیانبازی‌و لەخۆبوردوویی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بەگشتی‌و شەهیدانی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ بە تایبەتی‌و بەرزراگرتنی نااوویادی ئەو شەهیدانە، بە بۆنەی "ڕۆژی شەهیدانی کوردستان"ەوە، لە شنۆ، ژاوەرۆ، مەریوان، سەقزو مەهاباد، چالاکیی تەبلیغاتی لە لایەن ئەندامانو لایەنگرانی نهێنی حیزبەوە بەڕێوە چوو.

## حوکمی زیندان و دوورخرانەوە بۆ دوو هاووڵاتی مەهابادی

ڕەسووڵ ڕەزمو کاوە ڕەسووڵی، دوو کەس لە گیراوانی زستانی ڕابردوو (١٣٨٤)، هەر کامیان بە دوو ساڵ بەندبوونو دوورخرانەوە بۆ نەغەدەو میاندواو مەحکووم کران.

مەهاباد: بەپێی بڕیارەکانی دەرکراو لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی مەهابادەوە، "ڕەسووڵ ڕەزم" بە دوو ساڵ بەند بوونو دوورخرانەوە بۆ میاندواو مەحکووم کراوە. هەروەها بەپێی حوکمێکی دیکە "کاوە ڕەسووڵی" بە دوو ساڵ بەندبوونو دوورخرانەوە بۆ میاندواو مەحکووم کراوە. ناوبراوان کە بە گرتنی پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حیزبە کوردەکانی دژبەردا تاوانبارکراون، بەبێ هەبوونی پارێزەر دادگایی کراون.

شیاوی وتنە ڕەسووڵ ڕەزمو کاوە ڕەسووڵی لە زستانی ڕابردوودا ماوەیەك دەستبەسەرکرابوونو دواتر بە دانانی زەمانەت ئازاد کران.

**سەرچاوە: ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان**

## کرماشان

### ڕێژیم خەڵك بۆ بەڕێوەبردنی چالاکیی خۆکوژی ناونووسی‌دەکا

بەپێی هەواڵێ کە بە "کوردستان میدیا" گەیشتووە، ڕێژیمی تیرۆریستو تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تەنیا هێزی خۆی لە بەڕێوەبردنی کردەوەی تیرۆرریستی‌و یارمەتی‌دان بە گرووپە تیرۆریستی‌یەکان دا، دەبینێتەوەو هەروەها لە ئەنجامی ئەو ترسو لەرزەی لە ئەگەری هێرشی نیزامیی ئامریکا بۆ سەری، لێی نیشتووە، لە کردەوەیەکی زەبوونانەو ترسنۆکانەدا کە پیشاندەری بە تەواوی کزی‌و لاوازی‌و بێ‌دەرەتانی‌یەتی، خەریکی ناونووسی‌کردنی کەسانی سەر بە خۆی‌و خەڵك بۆ بەڕێوەبردنی چالاکیی تیرۆریستی‌و خۆکوژییە.

جێی باسە کە ڕێژم لەم پێوەندییەدا لە ڕێگای دامو دەزگا نیزامی‌و ئیتلاعاتی‌یەکانیەوە لە کرماشان دا خەریکی ناونووسی کردنی خەڵکە.

ڕێژیم دەیەوێ شەڕی خۆی لەگەڵ جیهانی پێشکەوتووو ئازاددا بە شەڕی ئیسلامو کافر لە قەڵەم بداو لەم ڕێگەیەوە کەسانی خۆشباوەڕو نائاگاو هەژار، بە دانی وادەی مادی‌و مەعنەوی، بکاتە سووتەمەنیی ئاگری شەڕی مانەوەی خۆی لەسەر تەختی دەسەڵات دا.

## پەرەگرتنی گوشارەکانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان

بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ناسەردەمیانەو دژی‌گەلیی ئاخوندی ماوەیەکە ڕادەی گوشارەکانیان بۆ سەر خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان چەندقات کردۆتەوە.

لەم پێناوەدا ماوەیەکە گیراوانی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٨٤ی شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان (خۆپیشاندانەکانی هاوینی ٨٤) سەر لە نویّ بانگ کراونەتەوە بۆ بەناو دادگاکانی ئینقلابو سەرەڕای سەپاندنی بڕیاری نادادوەرانەی چوونە بەندیخانە بە سەریان دا، داوای قەرەبووکردنەوەو بژاردنی ئەو خەسارەتانەی کە لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکان دا بە شوێنە دەوڵەتی‌و مەدەنییەکان کەوتوون، لێیان دەکەن. ئەمە لە کاتێك دایە کە بۆ بیروڕای گشتیی خەڵك ڕوونو ئاشکرایە کە ئەوە بەکرێگیراوانو گۆپاڵبەدەستەکانی خودی ڕێژیم بوون کە بۆ خەوشدارکردنی ڕوخساری خۆپیشاندەران، نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی هێرشیان دەکردە سەر شوێنە دەوڵەتی‌و مەدەنییەکان کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە ئاگردانی "حوسەینیەی سەقز" بکەین.

شیاوی وتنە کە داوا لە هەرکام لە گیراوەکان کراوە کە ١ تا ٦ میلیۆن تمەن، دەبێ بۆ بژاردنی خەسارەتەکان بدەن.

## بۆکان

**هەواڵنێرانی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان:**

### ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی بەندکراوی بۆکانی، بۆ ئیدارەی "اطلاعات"ی ورمێ گواستراونەتەوە

لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی دەسگیرکراوی بۆکانی (کە هۆی گیرانەکەیان لە ژمارەکانی پێشووی ڕۆژنامە کوردستاندا هاتوە) ئازاد کرانو ژمارەیەکی‌تر هەروا لە بەندیخانەدا ماونەتەوە. بەڵام لەوانە ئەبووبەکری باپیری، ئاکام قوڕەیشی، خدری سەعیدپوور، ئازاد ڕەسووڵی، حەمەساڵەی کوێخاشێرە، خالید شێرزاد، ئەبووبەکری تیکان تەپە، ئاوات قوڕەیشی، محەممەد ئەمین سەلیمیان، سەعدوڵڵا سوڵتانیان، خزر مەولوودی‌و دارا قوڕەیشی بۆ بەندیخانەی ئیدارەی "اطلاعات"ی ورمێ گواستراونەتەوە. زانرا ئەو کەسانە کە لەژێر لێپرسینەوەی دەزگا ئەمنییەتییەکانی ئێران دان، لە پێوەندی لەگەڵ پارتە کوردستانییەکان دەسگیر کراون.

## سەڵماس

### منداڵێکی ١٢ ساڵە لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە کوژرا

ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٨٥، منداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵ بەناوی "محەممەد قەسیم"، کوڕی کەماڵ، خەڵکی گوندی خانکی ئەلباك، لە ئاوایی برشخورانی سەڵماس دا، کەوتەبەر دەستڕێژی هێزە دژی‌گەلییەکانی ڕێژیمو بەهۆی کەوتنی گوللە وەبەر سەری گیانی لەدەست دا.

شایانی گوتنە ناوبراو لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە بەڕێی نەخۆشخانەی سەڵماس کراوەو دەستی بەسەرداگیراوەو بێ‌هیچ هۆیەك تەحویلی بنەماڵەکەی نادرێتەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لە ماوەی چەندرۆژی ڕابردوودا ناوبراو سێهەمین کەسە کە بە هۆی دەستڕێژی بێ‌بەزەییانەی هێزەخوێنڕێژەکانی ڕێژیمەوە گیانی لەدەست دەدا.

ڕێژیمی کۆنەپەرستو ناسەردەمیانەی ئاخوندی تەنانەت بەزەیی بە منداڵانی بنەماڵە هەژارو دەستکورتەکانی کوردستان دا نایەتەوەو لەباتی چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری‌و هەژاری کە ئەو بنەماڵانەی ناچارکردوە منداڵەکانیش بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان لە کارو لە کاسبی مەترسیداری سەرسنوور بەشداربکەن، وەڵامی ڕێژنەی گوللەو گرتنی گیانیانو داخدارکردنی بنەماڵە هەژارەکانیانە.

## ڕێژیم خەریکی ئاوەدانکردنەوەی مۆڵگەنیزامییەکانە

ماوەیەکە ڕێژیم لە ناوچەکانی باکووری کوردستان (ئێران)دا دەستی‌کردوە بە ئاوەدانکردنەوەی ئەو پایەگاو مۆڵگە کۆنە نیزامییانەی کە پێشتر چۆڵی کردبوون.

هەر لەم پێوەندییەدا گوشارەکان بۆ سەر خەڵك پەرەیان سەندووەو شەوانە بەبێ ئاگادارکردنەوە، لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە تەقە لە خەڵکی گوندەکان لە کاتی هاتووچۆکردن دا دەکریّو هەروەها داوا لە خەڵك کراوە کە شەوانە لەنێو گوندەکان دا هاتووچۆ نەکەنو بە گشتی شێوە حکوومەت نیزامییەکی ڕانەگەیەندراو لە ناوچەکەدا دەبینرێ.

ئەو شوێنانە کە ڕێژیم تیایاندا هەوڵی زۆرتری بۆ ئاوەدانکردنەوەی مۆڵگەکانی خستۆتەگەڕ، بریتین لە:

سنووری دالانپەڕو چیاکانی تەرگەوەر، برادۆست، گەلی بەردەڕەش، سۆماو شپیران.

**راست کردنەوەی هەڵەیەك:**

لە ژمارەی ٤٣٤ی "کوردستان"دا ناوی پارتی سەربەستیی کوردستان بە هەڵە بە ڕێکخراوی ئازادی نووسرابوو، بەم چەشنە ڕاستی دەکەینەوە.

هاوڕێیان! خوێنەرانی خۆشەویستی ڕۆژنامەی "کوردستان"!

لەگەڵ داوای لێبوردن، تکایە بۆ خوێندنەوەی ئەو هەواڵانەی لە لاپەڕەی هەواڵەکاندا نەهاتوون سەردانی سایتی کوردستان میدیا بکەن. هەواڵەکان بریتین لە:

- خۆپیشاندانی لاوانی گوندی قەوخ لە دژی ڕێژیمو شارەداریی سەقز
- قوتابیانی قوتابخانەکانی سەقز پێشوازییان لە جێژنی دەست ڕاگەیەشتنی ڕێژیم بە ئورانیومی پیتێنراو نەکرد
- هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە چەند شوێنی سەقزدا
- کوژرانی هاووڵاتییەك لە ناوچەی سەڵماس
- ڕێژیم دەیهەوێ خەڵکی ناڕازی بە بەسیجییە کوردەکان سەرکوت بکا
- پیرانشار
- کوژرانی کاسبکارێك لە لایەن سوپای تورکیەوە
- لە ڕۆژی عاشوراو تاسوعادا بەسیجییەکانی بانە بۆ ٥ میلیۆن تمەن ٥ کاتژمێر سینەی خۆیانیان کوتا
- کۆچی دوایی یادگاری شەهیدێکی حیزب لە فەنلاند
- کوژرانی دڕندانەی لاوێك لە شارەدێی جانەوەرە
- لە لایەن فیدراسیۆنی کوردەوە ڕێوڕەسمی نەورۆز لە ئوتریش بەڕێوەچوو
- داخوازی بۆ پشتگیری لە پەنابەرێکی مانگرتوو لە وڵاتی تورکیە
- گەلاڵەی ئوستانداری کرماشان بۆ چێ‌کردنی بازاڕی تایبەت بە ژنانو پیاوان
- ڕێژیم بۆ چاوەدێریی سنوورەکانی کرماشان لە دووربینی مەداربەستە کەڵك وەردەگرێ
- بانگەواز بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێکهاتنی کوردستانێکی سەربەخۆ

## تەرمی سەیدعەلیی ئازەری،
## ئەندامی لەمێژینەو تێکۆشەری حیزب لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزب دا بەخاك سپێردرا



کاتژمێر ٩:٣٠ی شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی، ٢٤ی خاکەلێوە تەرمی خوالێخۆشبوو، حاجی سەید عەلی ئازەری، ئەندامو پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکرات کە لە نۆرویژ کۆچی دوایی کردبوو، لە فرۆکەخانەی هەولێر، لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی، پێکهاتوو لە کۆمەڵێك لە بەرپرسان، کادرو پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبو خزمو کەس‌وکاری‌یەوە، پێشوازی لیّ‌کرا. سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی تەرمەکەی لە هەولێرەوە، لە حاڵێك دا ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێیانی حیزبی، کوردە پەنابەرە ئێرانی‌یەکانی دانیشتووی کوردستانی عێراقو ئەندامانی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو، خزمانو نزیکانی لەگەڵدا بوون، بەرو گۆڕستانی شەهیدانی حیزب لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە نزیك کۆیە گوێزرایەوە. پێش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، تەرمی ئەو تێکۆشەرە لەنێو ئاپۆرای کادروپێشمەرگەو بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتو دۆستانو هاوڕێیانی ئەمەگناسی‌دا، لە پەنای گڵکۆی شەهیدانو نەمرانی حیزب دا بەخاك سپێردرا.

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە، ٢٦ی خاکەلێوەش، لە مەجلیسێکی پرسەو سەرەخۆشی‌دا کە بەم بۆنەیەوە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب پێك هات، کاك حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، وتەیەکی پێشکەش کردو پرسەو هاوخەمیی ڕێبەری‌و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی بە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو ڕاگەیاند. پاشان کاك قادر وریا لەسەر ژیانو کەسایەتیی سەیدعەلیی ئازەری بۆ بەشداران دوا. دواتر ئەنوەر، کوڕی خوالێخۆشبوو لە لایەن بنەماڵەکەیانەوە ڕێزو سوپاسو پێزانینی خۆی بەرامبەر هاوکاری‌و هاودەردیی بێدرێغی حیزبی دێموکرات، ڕاگەیاندو ڕێزو سوپاسی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە لە کوردستانی عێراق، بە گەرمی لە مەجلیسی پرسەو سەرەخۆشی‌دا بەشداربوونو وهاوکاری‌و هاودەردییان لەگەڵ دا کردوون.

بەڵێنیشی‌دا کە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو، بە ڕێبازی باوکیان کە وەفاداری بە حیزبی دێموکراتو خزمەت بە گەلی کوردە، هەروا وەفادار دەمێننەوە.

## کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزب لە ناوچەی بانە

پێشمەرگەی لەمێژینەو دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاك مەحموود مەحموودی، ناسراو بە "مەحموود زەرواوی" لە ڕۆژی ١٣٨٥/١/٣دا بەهۆی نەخۆشیەوە لە شاری بانە کۆچی دوایی کرد.

کاك مەحموود لە ساڵی ١٣٥٨دا جلوبەرگی پڕلەشانازیی پێشمەرگایەتی لەبەرکردو تا ساڵی ١٣٦٤ بەو پەڕی دڵسۆزی‌و لێوەشاوەییەوە لە بەرانبەر ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی‌دا خەباتی کرد.

ناوبراو لە ساڵی ١٣٦٤دا بەهۆی چوونەسەرەوەی تەمەنو لەسەر مۆڵەتی کومیتەی شارستانی بانە ڕۆیشتەوە نێو بنەماڵەو کەس‌وکاری.

خاڵە مەحموود مرۆڤێکی ئەمەکناسو نیشتمانپەروەرو کەسایەتییەکی خۆشناوی ناوچەی بانە بوو کە تا ماڵئاوایی لە ژیان بە ڕێبازو ئامانجەکانی حیزب وەفادار مایەوە.

ڕۆحی شادو ڕێگای پڕڕێبوار بێ.

## چەند کردەوەیەکی خۆکوژی لەم دواییانەدا

ڕۆژانە لە ئێران دا بە دەیانوبگرە سەدان کەس پەنا بۆ کردەوەی خۆکوژی دەبەن، کە بەگشتی هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری، لاوازیی پەروەردەیی کۆمەڵایەتی (دواکەوتوویی کولتووری)، هەست بە گوناه کردن لە کاتی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕوانگە ئیدئۆلۆژییەکان، بێکاری، گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکانو... دیارە ئێستاش هۆکارگەلێکی چاوەڕوان نەکراوو نادیار بۆ خۆکوژی هەر لە ئارادان کە بەگشتی هەموویان دەگەڕێنەوە سەر کەمتەرخەمیی دەسەڵات لە بەرانبەر کۆمەڵانی خەڵك دا.

بۆ وێنە لەم دوایانەدا چەند کردەوەیەکی خۆکوژی ڕوویان داوە کە قوربانییەکان بریتین لە:

- نوسرەت پەروەرش، ٢٠ ساڵان، خەڵکی گوندی قەلەڕەشی سەردەشت، کە بە هۆیەکی نادیار خۆی خنکاند.
- ئەیوب ئەحمەدی، خەڵکی مەهاباد، بە چەکی کۆڵتو بە هۆیەکی نادیار خۆی کوشت.
- دڵنیا. ر، ١٤ ساڵان، دانیشتوی قون پەلای مەهاباد، دوای کردەوەکە ڕزگاری بوو.
- ئامینە. ف، ٣٠ ساڵان، لە گوندی قون قەلای مەهاباد، بە هۆیەکی نادیار خۆی سووتانو مرد.
- خۆسرەو. ج، ٣٧ ساڵان لە گوندی قون قەلای مەهاباد، بەهۆیەکی نادیار، خۆی سووتاندو مرد.
- ئاوات ئازەرەنگ، کە دانیشتوی تەپەی قازی مەهاباد بوو، بەهۆی گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، خۆی کوشت.
- بایەزید مورادی، ٤٠ ساڵان، خەڵکی پیرانشار، بەهۆی ناکۆکیی بنەماڵەیی‌و هەژاری، خۆی خنکاند.

شایانی باسە ئەم کردەوە خۆکوژییانە لە نێوان ڕۆژەکانی ٢٠ تا ٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٥دا ڕوویان داوە.

## بۆکان

### ئیسلامییە توندڕۆیەکان گڵکۆی هونەرمەندحەسەن زیرەکیان خراپ کرد




گڵکۆی هونەرمەند حەسەن زیرەك کە لەم ساڵانەی دوایی‌دا بە هاوکاریی خەڵکی شارو شووڕای شاری بۆکان، نوێژەن کراوەتەوەو ڕۆژانە دەیان کەس سەردانی دەکەن، چەند شەو لەمەوبەر بوتە ئامانجی خراپکارانەی گرووپە توندڕۆیە ئیسلامییەکان.

بەپێی هەواڵ کەسانی سەر بە گرووپە توندڕۆیە ئیسلامییەکان کە هەردەم دژایەتی‌و نەیارییان لەگەڵ هێما کلتووری‌و نەتەوەییەکانی کورد نیشان داوە، بە شەو چوونەتە گڵکۆی هونەرمەند، حەسەن زیرەك‌و وێنەکانی ئەو هونەرمەندەو هونەرمەندی شمشاڵژەن، قالەمەڕەو نەخش‌و نیگارەکانیان شێواندوە.

ئەو کردەوە دزێوە بۆتە هۆی بێزاریی خەڵکی شاری بۆکانو ئەو کەسانەی ڕۆژانە سەردانی گڵکۆی هونەرمەند حەسەن زیرەك دەکەن.

# کودەتایەکی ئیدئۆلۆژیک یا شۆڕشێکی کولتووری

**رامبود لوتفپووری**

لێکدانەوەو پێناسەکردنی هەر دیاردەیەك پێویستیی بە ناسینی بنەما تیۆرییەکانی ئەو دیاردەیە هەیە. واتە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی یا.... خاوەن پێناسەیەکە کە زانایانو پسپۆرانی ئەو بوارە بۆیان کردوە، ڕەنگە پێناسەکان لە دیاردەیەك جیاواز بنو تا رادەیەك ئاڵۆزییەکیان پێوە دیار بێ. بەڵام لە پێناسەی زۆربەی هەرە زۆری دیاردە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا هێندێك هێڵی گشتی لە ئارادان کە جێگای پەسندی زۆرینەی پسپۆڕانو توێژەرانی ئەو بوارەن. یەکێك لەودیاردە سیاسیو کۆمەڵایەتییانە، دیاردەی شۆڕش یا ئینقیلابە (revolution)، کە لە کۆمەڵێك روانگەی لیبرالیو مارکسیستییەوە پێناسە کراوە. بۆ وێنە لیبراڵەکانی وەك پێتی، هانتینگتۆن، کووهێنو.... زۆرتر لەسەر ئەو بڕوایەن کە شۆڕش بەرهەمی گۆڕانی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان، واتە بەرهەمی گۆڕانو سەروبن بوونەوەیەکی گشتگیرو بنەڕەتییە لە ئوستوورەی زاڵ بەسەر هاوڕێکیی کۆمەڵایەتیدا. یان مارکسیستەکان زیاتر پێ لەسەر گۆڕانی پێکهاتەیی کۆمەڵ دادەگرن، واتە شۆڕش بە بەرهەمی گۆڕانی هاوسەنگیی نێوان چینەکانی کۆمەڵگاو شێوازەکانی بەرهەمهێنان دەزانن. دیارە بۆچوونەکان سەبارەت بە دیاردەی شۆڕش چ لە بواری گشتیو چ لە بارەی وردەکارییەکانەوە جیاوازو فرە چەشنن، بەڵام ئەو هێڵە گشتییە کە لە زۆربەی روانگەکاندا بەدی دەکرێ، گەیشتن بە ئازادی، دادپەروەریو پێکهێنانی سیستمێکی نوێیە کە "هانا ئارێنت" گوتەنی، چیرۆکێکی تەواو نوێیە کە هیچ کات نەگوتراوە یا نەزانراوەو بە زوویی ئاشکرا دەبێ. بە بۆچوونی هانا ئارێنت، تەنیا ئەوکاتە دەتوانین باس لە شۆڕش بکەین کە گۆڕانێك بە واتای دەسپێکێکی نوێ روو بدا، واتە ئەو کاتە کە توندوتیژی بە مەبەستی پێکهێنانی بیچمێکی تەواو جیاواز لە حکوومەتو دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نوێی سیاسی بەکار بهێنرێ، کاتێك کە ئامانجی رزگاربوون لە زەبرو سەرکوت، لانیکەم سەقامگیرکردنی ئازادی بێ. دیارە گرینگیی ئەم تایبەتمەندییانە بەپێی روانگەکان جیاوازە، بۆ وێنە لیبراڵەکان کە زیاتر بە دوای سەقامگیرکردنی دیمۆکراسییەوەن، ڕێگا نادەن ئازادی فیدای دادپەروەری ببێ لە کاتێکدا کە مارکسیستەکان بۆ پێکهێنانی یەکسانیو دادپەروەری ئامادەن ئازادی فیدا بکەنو دیکتاتۆرییەکی پرۆلیتاریایی دابمەزرێنن.



**شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا:**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم سەرەتایە دەتوانین خوێندنەوەیەکمان بۆ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران هەبێ. با بزانین شۆڕشی ئێران، بەرهەمی کام گۆڕانی هزری یا کۆمەڵایەتی بووو کام لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شۆڕش واتە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی نوێ، ئازادو یەکسانی هێناوەتە دی. ئەوەی راستی بێ لە لایەك بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای پێش شۆڕشی ئێران لەچاو رابردوویدا تووشی گۆڕانێکی بەرچاو هاتبوون کە زۆرتر بەرهەمی گۆڕانی پەروەردەی ئێرانی بوون کە کەوتبووە ژێر کاریگەریی پەروەردەی ڕۆژئاواییەوە کە پەروەردەیەکی عەقڵانیو زانستییەو بەرهەمهێنەری مرۆڤی ئازا، رەخنەگرو پرسیارکەرە کە هیچ بنەمایەك بە پیرۆزو هێڵی سوور نازانێ. لە لایەکی دیکەش کۆمەڵگای فیۆدالیی ئێران، گۆڕانێکی پێکهاتەیی بەسەردا هاتبوو واتە شارنشینیو پیشەسازی تارادەیەك پەرەیان سەندبوو چینێکی بورژواو وردە بورژوای شاری دروست ببوو کە داخوازیی ئابووریو سیاسیی جیاوازی هەبوو.

ئەمانە هەم لە باری کولتووریو هەم لە بواری پێکهاتەییەوە بواریان بۆ شۆڕشو گۆڕانێکی گەورەی کۆمەڵایەتیو سیاسی لە ئێراندا رەخساندبوو. بۆیە زۆربەی شارەزایانو زانایانی سیاسیو کۆمەڵایەتی، شۆڕشو گۆڕانێکی گەورەیان لە ئێراندا ڕەچاو دەکرد. بەڵام بە چ ئاقارێکدا؟ کۆمەڵگای ئێران لە باری کولتوورییەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی کولتووری ڕۆژئاوا کە لیبراڵو دیمۆکراسیخوازە، لە لایەکی دیکەش چینێکی بورژواو وردە بورژوای شاری سەری هەڵدابوو کە ئاواتی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازادو دیمۆکرات بوو. کەوابوو هەوێنی شۆڕشی ئێران لە راستیدا خواستی ئازادیو دیمۆکراسی بووو دەبوو بەرهەمهێنەری سیستمێکی دیمۆکراتیك بێ. کەچی هێندێك هۆکاری وەك پڕۆپاگەندەی نەگونجاوی چەند گرووپێکی مارکسیستی کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی راستییەکانی کۆمەڵگای ئێرانو ئاراستەی گۆڕانگارییەکان خولیای کۆمەڵگای بێ چینیان لەسەردا بووو کەڵکاژۆ کردنی (سوءاستفادە کردن) ئاخوندەکانو توێژە نەریتییەکانی کۆمەڵگای ئێرانو کەم ئەزموونیی خەڵكو لایەنە سیاسییەکانی دیکەو هەروەها دەستێوەردانی دەرەکی، بوون بە هۆی بەلارێدا چوونی بزووتنەوەی خەڵكو بێئاکام مانەوەی شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران، بە چەشنێك کە دەتوانین بڵێین ئەوەی لە ئێراندا رووی‌دا شۆڕش نەبوو. بەڵکوو گەڕانەوە بۆ قۆناغێکی دواتر بوو. بە کورتی مەبەستو ئاکامەکانی شۆڕشی ئێران تەواو جیاواز بوون. مەبەست پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی تەواو نوێو دیمۆکراتیك واتە هەموو تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شۆڕش (ئازادی، دادپەروەریو نوێبوونەوە) بوو لە کاتێکدا ئاکامەکەی نەك هەر نوێ بوونەوە نەبوو، بەڵکوو گەڕانەوە بۆ سیستمێکی هەرە دواکەوتووی سەدەناوەڕاستی بوو، نەك ئازادیو دادپەروەری بەدی نەهات، بەڵکوو تەنانەت ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە ئایدۆلۆژییەکی دواکەوتووی دینیدا بەرتەسك کرانەوە. کەوابوو میراتگرانی ئەو بەناو شۆڕشە دەیانزانی کە چ غەدرێکیان لە ئامانجەکانی خەڵكو کۆمەڵگای ئێران کردوەو خۆیانو ئامانجەکانیان بەرامبەر بە شۆڕشو کۆمەڵگای سەردەم چەندە نامۆو نارەسەنن. دەیانزانی کە پێکهاتەو کولتووری نوێی کۆمەڵگای ئێران، ئەوانو ئامانجەکانیان هەرس ناکا. بۆیە بەکەڵك وەرگرتن لە زۆرو دەسەڵات هەوڵێکی نەزۆکیان بۆ گۆڕینی کولتوورو بەرەوپاش بردنەوەی کۆمەڵگای ئێران لە ژێر ناوی شۆڕشی کولتووریدا دەست پێکرد.

**شۆڕشی کولتووری** ( cultural revolution):

ئەم دەستەواژەیە ناوی پرۆژەیەك بوو کە یەکەمجار لەلایەن مائوتسەتۆنگی ڕێبەری چینەوە، بە مەبەستی پێکهێنانی گۆڕانێکی بناغەیی لە کۆمەڵگای چیندا بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە ١٩٦٦ تا ١٩٦٩ بەڕێوەچوو. ئەم پرۆژەیە کە بۆ گۆڕینی کولتوورو ئاکاری خەڵکی چینو بە کارێزما کردنی کەسایەتیی مائۆ بەڕێو چوو لە سەردەمی "گاردە سوورەکان"و بە توندوتیژییەکی زۆرەوە جێبەجێ کرا. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییش بە لاسایی کردنەوەی ئەم ئەزموونە، لە ساڵی ١٣٥٩دا لێژنەیەکیان بە ناوی "شورای ئینقیلابی فەرهەنگی" پێك هیناو بە داخستنی زانستگەکان بۆ ماوەی ٣ ساڵو گرتنو دەرکردنی مامۆستایانو خوێندکارانی جیابیر لە ژێر ناوی شۆڕشی کولتووریدا، دەستیان بە سڕینەوەی کولتووری مۆدێرنو دیمۆکراسیخواز لە کۆمەڵگای ئێران کرد.

ئەم پرۆژەیە لە جێدا دوو رەخنەی مانایيو پراکتیکیی لەسەرە: یەکەم ئەوە کە لە باری ماناییەوە وەك باسمان کرد شۆڕش گۆڕانێکە بۆ پێشەوە بە مەبەستی پێکهێنانی سیستمێکی تەواو نوێ کە پێشتر لە ئارادا نەبووە. لە کاتێکدا مەبەستی شۆڕشی کولتووریی ئێران، گەڕانەوە بۆ ئەزموونی رابردووو ئەو بنەما کۆنو نەریتییانە بوو کە زۆربەیان لە مێژ بوو لە کارایی کەوتبوون. هەروەها گۆڕانە پێکهاتەییو کولتوورییەکانن کە دەبنە هەوێنی شۆڕش، واتە شۆڕش لە خۆیدا بەرهەمی گۆڕانی پێکهاتەییو کولتوورییە، نەك ئەوەی کە شۆڕش بکرێ ئینجا بە زەبرو سەرکوت گۆڕانی پێکهاتەییو کولتووریی گونجاو لەگەڵ سیستمی نوێ دروست ببێ. لە راستیدا شۆڕش بەرهەمی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتییە کە گۆڕانی سیاسییش بەرهەم دێنێ. ئەوە روانگەیەکی بەرتەسکی ئیدئۆلۆژیکە، کە هەوڵ دەدا جیهانو کۆمەڵگاو گۆڕانەکانی لە چوارچێوەی جیهانبینییەکەی خۆیدا بگونجێنیو لەسەر بناغەی هێندێك چەمكو بیرۆکەی وشكو رەها کۆمەڵگایەکی یۆتوپیایی بەرهەم بێنێ. بەڵام لە باری پراکتیکەوە ڕێژیم بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستە، پەنای بردە بەر هێندێك کردەوەی وەك:

- داخستنی زانستگەکان بۆ ماوەی ٣ ساڵ
- پاکتاوکردنی مامۆستایانو خوێندکارانی جیابیر
- گۆڕینی دەقە وانەییەکان بە پێی ئیدئۆلۆژیی خۆی
- دامەزراندنی هێندێك ناوەندی جاسووسیو کۆنترۆڵیی وەك "حەراسەت"، "بەسیجی خوێندکاری"، "دەفتەری نوێنەرایەتیی وەلیی فەقیە"و....
- مۆنۆپۆلیزەکردنی سیستمی پەروەردەو فێرکردنو دەزگا کولتوورییەکان
- دانانی حەوزەی عیلمییە، وەك ناوەندی مەعریفەو زانست لە جێگەی زانستگەو جێبەجێکردنی پرۆژەی یەکگرتنی حەوزەو زانستگە.

ئەمانەو هێندێك کردەوەی دیکەش هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گونجاندنی کۆمەڵگا لەگەڵ ئیدئۆلۆژیی خۆیو رەوایی بەخشین بە دەسەڵاتەکەی بوون. بەڵام وەك باسمان کرد بە پێی ئەوەی کە لە جێدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، شۆڕشی خەڵکیان بە تاڵان بردبووو هیچ تەباییەکیان لەگەڵ ویستو ئامانجەکانی خەڵکدا نەبوو، نەك هەر لەم پرۆژەیەدا سەرکەوتوو نەبوون بەڵکوو هەم خۆیانو هەم کۆمەڵگای ئێرانیان تووشی قەیرانێکی گەورەی سیاسیو کۆمەڵایەتی کرد. ڕاپەڕینە خوێندکارییەکانی پاش ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٧ پیشانیان دا کە ڕێژیم لە گۆڕینی پێکهاتەو کولتووری کۆمەڵگاو نیوەرۆکی زانستگەکانو سیستمی پەروەردەدا سەرکەوتوو نەبووەو شکستی هێناوە. بەڵام ئەوەی لە ئاکامی ئەم پرۆژەیەدا بوو بە هۆی زەرەرو زیانی کۆمەڵگای ئێران، سەرهەڵدانی کۆمەڵێك دیاردەی وەك: بێوازیی گەنجان، ئیلیناسیۆنی کولتووریی خەڵكو بە تایبەت لاوانی ئێران، دابەزینی ئاستی پەروەردە، دواکەوتنی ئێران لە کۆمەڵگای جیهانی لە باری زانستییەوە، هەڵاتنی مێشکەکان، بێبەشبوونی بەشێکی زۆری لاوان بە تایبەت لاوانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران لە خوێندنی بەرزو...... بوون. هەر ئەو بۆچوونە چەوتەی کۆماری ئیسلامییە کە ئێستا بووە بە هۆی ئەوە کە هیچ ڕەواییەکی نە لە ئاستی نێوخۆو نە لە ئاستی نێونەتەوەییدا نەماوەو بۆ مانەوەی خۆی وەك لە سەرەتای هاتنەسەرکاریدا کردی ناچار لە بەکارهێنانی زۆرو هێزی سوپاییە.



کۆبوونەوەی ئیعتیرازیی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی تاران، بە بۆنەی ڕووداوەکانی "ماکۆ"وە

# تێڕامانێك لە سەر قسەکانی باڵوێزی ئێران لە تورکیە

**سمایل شەرەفی**

لەسەروبەندی راپەڕینەکانی ئەم دوایانەی خەڵکی شارەکانی باکووری کوردستاندا، باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تورکیە لە لێدوانێکی تایبەتدا لەگەڵ رۆژنامەیەکی تورك زمان نیگەرانیی خۆی لە پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەربڕی.

فیرووزی دەولەتئابادی لە وتووێژێکدا لەگەڵ رۆژنامەی "میللییەتی" چاپی ئەستەمبوڵ، ئەمریکای بەوە تاوانبار کرد کە پرۆژەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەبەر دەست دایە. باڵوێزی ئێران لە تورکیە دەڵـێ؛ ئەمریکا هەوڵی زەقکردنەوەی کێشەی نەتەوەکان لە ئێران دەداو، دامەزرانی چەند کاناڵێکی کوردیو تورکی بۆ تورکەکانو کوردەکانی ئێران دەبەستێتەوە بە ئەمریکاوەو دەڵـێ: ئەمریکا دەیەوێ بە لەت لەت کردنی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بۆ کوردەکانو نەتەوەکانی دیکە پێك بێنێ. باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تورکیە لە دوایین بەشی لێدوانەکەی‌دا لەگەڵ رۆژنامەی "میللییەت" داوا لە سێ وڵاتی تورکیە، ئێرانو سووریە دەکا کە بە نیسبەت کێشەی کوردەوە سیاسەتێکی هاوبەشیان هەبێو پێش بە پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان بگرن.

ئەوە کە باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تورکیە داوا لە سێ وڵاتی سووریە، تورکیەو ئێران دەکا کە بە نیسبەت مەسەلەی کوردەکانەوە سیاسەتێکی یەکدەستو هاوبەشیان هەبێ، لانیکەم بە لای ئێمەی کوردەوە شتێکی تازە نیە. پێش ئەوە کە جەنابی دەوڵەتئابادی ئەو پێشنیارە بکا، لەمێژە ئەوان لەسەر کێشەی کوردو کوردستان بە یەکدەنگیو یەك هەڵوێستی کاریان کردوە. بەڵام ئەوەی بە لای ئێمەو کۆمەڵانی خەڵکی باکووری کوردستانەوە جێی سەرنجو ورد بوونەوەیە کە باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو رۆژنامەی تورکی زمانی "میللییەت" لە کاتێك دا باس لەو مەسەلەیە دەکەن کە زۆربەی شارو ناوچەکانی باکووری کوردستان لە بارودۆخێکی نائاساییو بشێوی دایە، زیاتر لە حەوتوویەکە خەڵکی ئازادیخوازیی ئەو بەشە لە کوردستانو بە تایبەت شاری ئامەد دژ بە رەشەکوژییەکانی دەوڵەتی تورکیە لە کوردستانو کوشتنی تێکۆشەرانی کورد لە حاڵی خۆپیشاندانو ناڕەزایەتی دەربڕین دان کە هەمدیسان لە لایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە بە توندی سەرکوت کراونو تا ئێستا چەند کەسێك لە خۆپیشاندەران گیانیان لـێئەستێندراوە.

لە راستی‌دا ئامانجی رۆژنانەی "میللییەت"و باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رێکخستنی ئەم لێدوانە بە جۆرێك پاساو بەخشینە بە سەرکوتی کوردەکان لە تورکیەو ئێران. ئەم رۆژنامەیە بە گوتارێکی شۆڤینیستانەوە دەیەوێ لە لایەك بە پشت بەستن بە قسەکانی باڵوێزی رێژیمی ئێران پاساوی سەرکوتی کوردەکانی باکووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی ئۆردەغانەوە بداتەوە، لە لایەکی دیکەش هەر لە زمان ناوبراوەوە کێشەی نەتەوەکەمان چەواشە بکاو بیبەستێتەوە بە لایەنێکی دەرەکی، کە ئەمریکا بێ. هەروەك چۆن باڵوێزی ئێران لە وتووێژێکدا باس لە پارچە پارچە بوونی ئێرانو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردەکان دەکاو بە پیلانی ئەمریکای ناو دەبا، ئەم شێوە گوتارە شۆڤینیستییانە رووی لە بزووتنەوەی کورد بە گشتی بە تایبەتی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە.

رۆژنامەی "میللییەت"ی تورکی زمانو باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك نوێنەری دوو گوتاری مەزنیخوازو شۆڤینیستی تورکو فارس، وێڕای حاشا کردن لە نەتەوەکانی ئەم دوو وڵاتەو لەبەرچاونەگرتنی مافەکانیان، بەردەوام کار لەسەر بێگانە کردنی ئەم نەتەوانەو نارەوا نیشاندانی ویستو داخوازییەکانیان دەکەنو، پاساوی سەرکوتکردنیان دەدەنەوە.

باسکردن لە کوردستانی گەورەو دامەزراندنی دەوڵەوتی سەربەخۆی کوردیو بەستەنەوەی بە ئەمریکا لەلایەن شۆڤینیستەکانی فارسو تورکو عەرەبەوە جیا لە پاساو هێنانەوە بۆ سەرکوتی کوردەکان لەلایەن دەسەڵاتە دژی نەتەوەیی‌یەکانیانەوە ئیددیعایەکی پڕوپووچە.

بەستنەوەی راپەڕینەکانی ساڵی رابردووی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانو پارچەکانی دیکەی کوردستانو بە تایبەت لەم دوایانەدا راپەڕینی مافخوازانەی نەتەوەکەمان لە باکووری کوردستانو، بەستنەوەیان بە لایەنێکی دەرەکی‌یەوە، هەوڵێکی دوژمنانەی رێژیمە دژی گەلی‌یەکانی ئێران، تورکیەو سووریەیەو، دەیانەوێ بە هێنانەبەرباسی ئەم جۆرە ئیددیعایانە هێرشی هێزە دژی‌گەلی‌یەکانیان بۆ سەر خەڵکی مافخوازی کوردستان پاساو بدەن.

بەڵام هەروەك زۆرجار گوتوومانە؛ ئەم جۆرە هەڵوێستو سیاسەتانە جیا لە هەولێکی نەزۆكو بێئاکام شتێکی دیکە نینو ناتوانن نە ئیرادەی مافخوازانەی نەتەوەکەمان بە چۆکدا بێننو نە کارێك بکەن کە بەوهۆیانە بیروڕای گشتیی جیهانیو کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکان چاو لە سەرکوتی نەتەوەکەمان بنووقێنن. دوو نموونەی بەرچاوو نزیکیش سەلمێنەری ئەم راستییانەن: ١ـ هەر دوابەدوای راپەڕینەکانی خەڵکی شارەکانی باکووری کوردستانو سەرکوتی خۆپیشاندەران لەلایەن سەربازانی تورکەوە، خەڵکی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هاودەنگ لەگەڵ خوشكو براکانیان لە تورکیە، سیاسەتە دژی نەتەوەیی‌یەکانی دەوڵەتی ئۆردەغانیان مەحکووم کردو بە پشتیوانی لە خەڵکی شاری ئامەدو شارەکانی دیکە دەنگیان هەڵبڕی. ٢ـ ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا بە تێکڕای دەنگ سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئۆردەغانیان بە نیسبەت کێشەی کوردەوە مەحکووم کردو داوایان لە دەوڵەتی تورکیە کرد بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەو جیددی گوێ لە ویستی کوردەکان رابگرنو دەست لە توندوتیژی هەڵگرن.

کەوایە بەرزکردنەوەی ئەو جۆرە گوتارانە لەلایەن تورکیەو ئێرانەوە کە جیا لە گوتارێکی نەژادپەرستانەو شۆڤینیستانە ناکرێ هیچ ناوێکی دیکەی لەسەر دابنرێ، ناتوانن پێش بە رەوتی نەتەوەخوازیی نەتەوەکانی تورکیەو ئێران بگرن، ئەویش بە تایبەت کورد کە نەتەوەیەکی خاوەن مێژووو کولتوورو زمانو خاکی تایبەت بە خۆیەتی.

# کای کۆن بەبا کردن

## وەڵامێك بۆ باڵوێزی ئێران لە تورکیە

محەممەدجەمیل کولاهی

ماوەیەك لەمەوپێش فیرووز دەوڵەتئابادی، باڵوێزی ئێران لە تورکیە، لە وتووێژێك لەگەڵ رۆژنامەی "میللییەت"ی چاپی ئەوڵاتە خوازیاری ئەوە بوو کە دوو دەوڵەتی تورکیەو سووریە لەگەڵ ئێران رێك کەونو سیاسەتێکی هاوبەش لەسەر کێشەی کورد بگرنە پێش، تا بە وتەی ناوبراو پلانی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی کوردستانی گەورەو سەربەخۆ پووچەڵ بکەنەوە. ئەم شێوە هەڵوێست گرتنە بۆ خۆی هەڵگری چەند پرسیارە، ئەم وتانە لە کوێوە سەرچاوەکە دەگرن؟ مەبەست لە گرتنی هەڵوێستێکی لەو بابەتە چیە؟ بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستانو کێشەی سیاسیی کورد لە چ ئاستێك دایە؟ بارودۆخی سیاسیی ئێستای دەوڵەتەکانی حاکم بەسەر کوردستان دا چۆنە؟ هەڵوێستی کورد دەبێ لەم بارەیەوە چۆن بێ؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانەو روون بوونەوەی راستییەکان پێویستە بە کورتی ئاماژە بە باری ژیئۆپولیتیکیو هەڵکەوتی جوغرافیاییو سیاسیو مێژوویی کوردستانو رۆژهەڵاتی ناڤین بکرێ.

ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین بەهۆی ئەوەی کە پردی نێوان سێقارەی ئەفریقا، ئورووپاو ئاسیاسیە، هەر لەکۆنەوە لەبوارگەلی بازرگانی، نیزامیو سیاسییەوە خاوەن گرینگییەکی تایبەت بووەو هەموو کاتێك جێگای سەرنجی دەوڵەتە گەورەکانی دنیا بووە. سێ ئایینی گەورە، واتە یەهوودییەت، مەسیحییەتو ئیسلام لەم ناوچەیە سەریان هەڵداوە. رێگای هەورێشم کە لە باری بازرگانییەوە گرینگییەکی زۆری هەبووە، لەم ناوچەیەوە تێپەڕیوە، ئەم ناوچەیە مەیدانی پێگەیشتنو پێکدادانی ئیمپراتوریو گەورە دەوڵەتانی دنیا بووە. لە مێژووی هاوچەرخیش دا، لە شۆڕشی پیشەسازییەوە کە بوو بە هۆی پەرەسەندنو پێشکەوتنی وڵاتانی ئورووپایی، رۆژهەڵاتی ناڤین بەهۆی دەوڵەمەندبوون بە سەرچاوەی زۆر ژێرزەویو بازاڕی فرۆشی بەرهەمە ئورووپاییەکان، جارێکی دیکە بوو بە مەیدانی ململانێی وڵاتانی گەورەو پێشکەوتووی دنیا.

بەدوای هاتنەسەرکاری کۆمۆنیستەکان لە یەکیەتیی سۆڤیەتو پێکهاتنی دنیای دووجەمسەری بایەخی رۆژهەڵاتی ناڤین لە باری ژێئۆپۆلێتیکییەوە بە نیسبەت جاران زۆرتر بوەو بوو بە سەنگەری بلووکی سەرمایەداری دژی بلووکی سۆسیالیستی. وڵاتانی بلووکی سەرمایەداری بە تایبەت ئەمریکا بۆ کورت کردنەوەی دەستی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ناوچەکەو بەرگری لە پەرەسەندنی کۆمۆنیزم چەندین پەیمانی نیزامییان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری یەکیەتیی سۆڤیەت بەست، کە بریتی بوون لە: ناتو، سینتو، سیتو ئانزوس کە لەسەریەك بە پشتوێنی ئەمنییەتی ناوبانگیان دەرکرد.

ئەگەر سەیری نەخشەی جوغرافیایی بکەین، دەبینین کە کوردستان لە هەستیارترین شوێنی ناوچەی، ئیستراتیژیکی، رۆژهەڵاتی ناڤین هەڵکەوتوەو لەباری سروشتو سامانو سەرچاوەی ژێرزەوییو ئاوو هەواوە شازترین شوێنی رۆژهەڵاتی ناڤینەو، لە سەردەمە جیاجیاکان دا رێگایەکی ئیستراتیژیکی سوپاو لەشکرکێشیی گەورە دەوڵەتان، بۆ سەر یەکتری بووە.

**به درێژایی مێژووی ئەو وڵاتانە، تەنیا خاڵی هاوبەشی چوار دەوڵەتی ئێران، عێراق، تورکیەو سووریە، کوردستانو کێشەی کورد بووە**




بۆیە هەموو کاتێك شوێنی پێکدادانو ململانێی دەوڵەتان بووە.

شەڕی چاڵدران کە لە نێوان دوو ئیمپراتۆریی سەفەویو عوسمانیدا رووی‌دا لە کوردستان دا بوو، کە لە ئاکام دا بوو بە هۆی دابەشبوونی کوردستان لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەو ئەمە یەکەم دابەش بوونی کوردستان بوو. دووەم دابەش بوونیشی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بوو، کە لە ئاکامی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتوریی عوسمانیدا، هێندێ دەوڵەتی تازە لە لایەن بەرەی سەررکەوتوو لە شەڕی یەکەم دا پێك هاتن کە هەر بەشێك لە کوردستانیان بە خاکی یەکێك لەو دەوڵەتانەوە لکاند، ئەوە بوو بەهۆی ئەوە کە کوردستان بە فەرمی ببێ بە چوارپارچەو هەر پارچەیەکی بڕواتە بندەستی یەکێك لەو وڵاتانە. بۆیە ئەو وتەیەی ئاغای دەوڵەت ئابادی کە دەڵێ "ئەگەر (دەوڵەتانی ئێرانو سووریەو تورکیە) پێك نەیەن ئەمریکا لە هەر کام لە ئێمە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بەشێك جیا دەکاتەوە" بە تەواوی بێنێوەڕۆکە، چونکە کوردستان خاکی کوردە، خاکی لایەنێکی دیکە نیە، تا بڕیاری لەسەر بدا. بەڵکوو ئەوە نەتەوەی کوردو رۆڵەکانی کوردن کە دەبێ بڕیاری لەسەر بدەنو کوردیش ئەگەر بیەوێ، مافی خۆیەتی کە لەسەر خاکی خۆی، وەك نەتەوەکانی دیکە، دەوڵەت پێك بێنێ. ئەوە نە تەنیا بۆ کورد بەڵکوو مافی هەموو نەتەوەکانە کە لەسەر خاکی خۆیان دەوڵەت پێك بێنن. بۆیە کوردستان خاکی هیچ دەوڵەتێك نەبووە، تا ئێستا لێیان جیا بێتەوە، ئەوە راستییەکە کە بەڵگەمێژوویییەکانیش دەیسەلمێنن.

ئەگەر سەیری پەیماننامەی سێڤەر بکەین وەکوو یەك پارچە سەیری کوردستانی کردوەو داوای پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ کورد کردوە جیا لەوانە لەو کاتەدا دەوڵەتێك بەناوی تورکیەو سوریەو عێراق پێك نەهاتوون تا کوردستان هی ئەوان بێو ئەمڕۆ لەدەستی بدەن.

بەدوای ئەو پارچەپارچە بوونەدا، کورد بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانیو رزگارکردنی کوردستان شۆڕشو سەرهەڵدانی زۆری کردوە، بەڵام لە لایەن وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستانەوە، بە درندانەترین شێوە سەرکوت کراوە. لەو شۆڕشانە دەتوانین ئاماژە بە راپەڕینی شێخ سەعید پیران، شۆڕشی ئارارات بە سەرۆکایەتیی ئێحسان نووریپاشا، راپەڕینی درسیم، سمایل ئاغای سمکۆ، خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو دامەزراندنی کۆماری کوردستان، راپەڕینی شێخ مەحموودی نەمر، شۆڕشی ئەیلوولو شۆڕشی گوڵانو... بکەین. پێویستە بگوترێ کە بە درێژایی مێژوویی ئەو وڵاتانە، تەنیا خاڵی هاوبەشی چوار دەوڵەتی ئێران، عێراق، تورکیەو سووریە، کوردستانو کێشەی کورد بووە، بۆیە کاتێك کە شۆڕشەکانی کورد تەنگیان بەوان هەڵچنیوە، چاوپۆشیان لە هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیان کردوەو لەسەر، سەرکوتی کورد پێك هاتون، بۆ ئەم مەبەستە تا ئێستا چەندین پەیمانی نیزامیو ئاسایشییان پێکەوە گرێداوە بۆ وێنە، پەیمانی سەعدئاباد، پەیمانی بەغدا، رێککەوتننامەی رەشی "جەزایر"، هەموو ئەو رێککەوتننامانەی کە دوایساڵی ١٩٩١ دژ بە کوردستانی عێراق لەنێوان تورکیە، سووریەو ئێران دا بەستراونو... بۆیە ئەوەی کە فیرووز دەوڵەتئابادی دەڵێ کە دەبێ ئەو سێ دەوڵەتە لەسەر کوردەکان پێکبێن، سیاسەتێکی نوێ نیە، بەڵکوو ئەوە سیاسەتێکە کە ئەو دەوڵەتانە بە مەبەستی سەرکوتکردنی نەتەوەی کورد بە درێژایی سەدەی بیست هەتا ئێستا بەرێوەیان بردووەوو، هەر کات لەو بارەیەوە هەستیان بە مەترسی کردبێ لەگەڵ یەکتری پێك هاتوونو نەیان هێشتوە شۆڕشەکانی کورد بە ئاکام بگەن.

ئاغای فیروز دەوڵەت ئابادی سەردەمی ئێستای لەگەڵ سەردەمی شەڕی ساردو جیهانی دوو جەمسەری لێ تێك چووە. بۆیە دەیەوێ بە بەستنی پەیمانێك لە سەردەمی ئێستادا پێش بە شۆڕشی نەتەوەیەك بگرێو قڕی بکات! سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە بۆ سەرکەوتنی هەر شۆڕشێك سێ فاکتەری نێوخۆیی، ناوچەییو جێهانی پێویستن. بە ئاوڕدانەوەیەك لە شۆڕشەکانی رابردووی کورد دەردەکەوێ کە هیچ کاتێك ئەو سێ فاکتەرە بۆ کورد، یان هەر نەبوون یان یەکیان نەگرتوە. فاکتەری نێوخۆیی بەهۆی نزم بوونی رادەی هوشیاریی نەتەوەیی، لاوازیی ئابووریو دابەشبوونی هێزی کورد، لاواز بووە. فاکتەری ناوچەییش بەهۆی ئەوە کە کوردستان لە لایەن رێژیمگەلێکی دیکتاتۆر وەك رێژیمی کەمالیستی تورك، پەهلەویو بەعسەوە گەمارۆ دراوەو پشتی جبهەی بۆ، لەبار نەبووە. لەباری جێهانیشەوە لە لایەکەوە بەهۆی ئەوە کە کوردستان لەسەر پشتوێنی ئەمنییەتی بووەو، بوونی ئاسایش لەسەر ئەو هێڵە ئەمنییەتییە بۆ دنیای سەرمایەداری گرینگ بووەو لە لایەکی دیکەشەوە، بە هۆی ئەوەی کە رۆژهەڵاتی ناڤین لە باری ئابوورییەوە گرنگ بووە، وڵاتانی گەورەی جیهان چاوپۆشییان لە سەرکوتی شۆڕشەکانی کوردستان کردوە، تەنانەت لەبەرامبەر کیمیابارانی هەڵەبجەش دا بێدەنگ بوون. رێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستان دا هەموو کاتێك لەو فاکتەرانە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان، کەڵکیان وەرگرتوە، بۆیە شۆڕشەکانی کوردستان، تێکڕا بێئاکام ماونەتەوە.

بە هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتو پارچەپارچە بوونی ئەو وڵاتە بارودۆخی جیهان بە تەواوی گۆڕاو دنیا لە دوو جەمسەرییەوە بوو بە یەك جەمسەری، کە ئەمە کار تێکەرییەکی زۆری لەسەر رۆژهەڵاتی ناڤینو بە تایبەت کوردستان هەبوو. مەسەلەی دێموکراسی، مافی مرۆڤو مافی دیاریکردنی چارەنووس لە وڵاتانی ناوچە، کە زۆربەیان وڵاتگەلێکی فرەنەتەوەیین، زەق بوونەوە. بە هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سوڤیەت، جارێکی دیکە باری ژێئوپولوتیکی ناوچە ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتو ئێستراتیژیی رۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا لەبارەی رۆژهەڵاتی ناڤینەوە گۆڕا، ئەگەر لە رابردوودا دەوڵەتە دیکتاتورەکان بەرژەوەندیی رۆژئاوایان لە بەرامبەر یەکیەتیی سوڤیەتدا دەپاراستو پێشگیرییان لە تەشەنە کردنی کومونیزم دەکرد، بەدوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سوڤیەتدا، ئەو دەوڵەتانە بە هۆی نێوەرۆکی دیکتاتوریو تیرۆریست پەروەرییانەوە، هەردەم بەرژەوەندیی رۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکایان دەخستە مەترسییەوە. بۆ وێنە رێژیمی بەعس کە بەنیاز بوو هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان داگیر بکات، بۆ وێنە کوێت هاوپەیمانی ئەمریکای داگیرکرد، رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە پشتیوانی تیروریزمەو بەدوای دەستراگەیشتن بە چەکی ناوکییەوەیە هەروەها سەرهەڵدانی رێژیمێك وەك تالیبان لەناوچە یان تاقمی ئەلقاعیدە بوو کە راستەوخۆ هێرشی دەکردە سەرئەمریکا، هەروەها مەسەلەی ئیسراییلو فەلەستینو... . بۆیە ئەمریکا کەوتە بیری پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی قوولی سیاسی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا، کە بۆ ئەم مەبەستە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناڤینی گەورەی خستەروو. کە بەپێی ئەو پرۆژەیە دەیەوێ دەوڵەتگەلێك لەو ناوچەیە بێنە سەرکار کە لەگەڵ سیستمی نوێی جێهانی بگونجێن. بۆیە دەبێ ئەو رێژیمانە کە لەگەڵ دنیای ئەمرۆدا نایەنەوە، یەك لەدوای یەك وەك رێژیمی بەعسی عێراقو تالیبان لە ئەفغانستان جێگای خۆیان بە سیستمگەلێکی گەلی، دێموکراتیكو سەردەمییانە بدەن. ئەمە رەوتێکەو دەستی پێکردوە، راناوەستێو رۆژ لەدوای رۆژیش کات بە قازانجی نەتەوە بندەستەکانی ئەو ناوچەیەو بە زیانی دەوڵەتە سەرەروکان دەرواتە پێش. بۆیە کورد دەبێ خۆی لەگەڵ ئەو رەوتە رێك بخات. چوونکە کورد تەنیا لەسێبەری دێموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناڤیندا بە مافی خۆی دەگا.

ترسی ئاغای دەوڵەتئابادی لەوەیە ئەو رەوتە لە داهاتووشدا ئێران بگرێتەوە، ناوبراو باش دەزانی کە کێشەی کورد، ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێك زەق بوتەوە کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ گوڕانی باری ژێئۆپولوتیکی کوردستان، پێداگریی کورد لەسەر گەیشتن بە مافەکانی، پشتیوانیی کورد لە رەوتی دێموکراتیزاسیۆنی رۆژهەڵاتی ناڤین بۆ وێنە لە عێراق.

ئێستا کە یەکیەتیی سوڤیەت نەماوە، پشتیوێنی ئەمنییەتی نەماوە، هوشیاریی نەتەوەیی بەشێوەیەکی بێوێنە لە چوار پارچەی کوردستان گەشەی کردوە، دۆستانی کورد رۆژ لەدوای رۆژ لە زیاد بووندان، گرینگتر لەوانەش ئێستا کە لە وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا کێشەو قەیرانی زۆر سەریان هەڵ داوەو، بۆ وێنە ئێران بە هۆی کێشەی ئەتۆمی، پێشێلکردنی مافی مرۆڤو دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەو دەوڵەتی سووریەش بە هۆی ئەوەوە کە بە تیرۆری رەفێق حەریری، سەرۆك وزیری پێشووی لوبنان تاوانبارکراوەو، تاوانی پشتیوانی لە تاقمە تیرۆریستەکانی لوبنانو فەلەستینی دراوەتە پاڵ، بەشێوەیەکی بەرچاو لە دنیادا تەریك کەوتوونەتەوەو، لەژێر فشاری نێونەتەوەییدان. تورکیەش لە لایەکەوە لەباری ئابوورییەوە بە توندی لاوازەو لە لایەکی دیکەشەوە دەیەوێ ببێتە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، بۆ ئەم مەبەستە، یەکێ لە پێش مەرجەکانی وەرگیرانی لەو یەکیەتییەدا، چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانییەتی، کە یەکێ لەوانە کێشەی کوردە، بۆیە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە لەژێر گوشاردایە. هەمووی ئەو خاڵانە کە باس کران لەخزمەت بەرەوپێش چوونی چارەسەری کێشەی کورددانو دەبێ هێزە سیاسییەکانی کورد بە تێگەیشتوویی‌و بیرکردنەوەیەکی وردو زانستییانە لەو خاڵانە کەڵك وەربگرنو بیانخەنە خزمەت بەرەوپێش چوونی جووڵانەوەی رەوای کوردەوە.

باڵوێزی ئێران لە تورکیە لەو راستییە تێگەیشتوە کە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا لەدۆخێکی نالەباردانو لەباری سیاسیو ئابوورییەوە تووشی ئاڵۆزیو قەیرانن. ئاغای دەوڵەتئابادی پەیامەکانی رۆژهەڵاتی ناڤینی گەورەی پێگەیشتون کە تەمەنی دەوڵەتە توتالێترو سەرکوتکەرەکان تێپەڕیوەو دەبێ نەتەوە بندەستەکان بە مافی رەوای خۆیان بگەن. بۆیە دەڵێ: "ئەمریکا دەیەوێ ناوچەکە پڕ بێ لە وڵاتگەلی قەومی، تا باشتر بتوانێ بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بێت" دەوڵەت ئابادی دەیەوێ بە ئاخاوتنێکی لەو بابەتە لە لایەکەوە ئەو سیاسەتە کە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بۆ سەرکوتی کورد بە کاریان هێناوە وەگەڕی بخاتەوەو لە لایەکی دیکەوە وتەکانی بانگەوازێکە بۆ پێکهێنانی بەرەیەك دژی دێموکراتیزە کردنی رۆژهەڵاتی ناڤین، چونکە دێموکراتیزەکردنی ناوچەکە بەمانای لەنێو چوونی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانە. گرتنە پێشی ئەو سیاسەتە لە دژی نەتەوەی کورد لەو سەردەمەدا نیشانەی ئەو پەڕی سەرلێشێواوییە چوونکە ئەو سەردەمە بەسەرچووە کە سەرکۆماری وڵاتێك بەدادگاییکردنێکی ناعادیلانە لەسێدارە بدرێو رێبەری جووڵانەوەیەك لە سەرمێزی وتووێژ تیرۆر بکرێ یان لە چرکە ساتێکدا شارێك قڕ بکرێو کەس دەنگی لێوە نەیەت، ئێستا سەردەمێکە کە بە بۆنەی خۆپیشاندانی شارێك وەك "ئامەد" یەکیەتیی ئورووپا هەڵوێست دەگرێ، لەسەر خۆ پیشاندانی شارەکانی کوردستانی ئێران ئەمریکا دژکردەوە نیشان دەدا. ئێستا سەرکۆمارو رێبەرانی گەورەترین وڵاتانی دنیا پێشوازی لە رێبەرانی کورد دەکەن. ئێستا زلهێزێك وەك ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی دێموکراسیو پێکهێنانی دەوڵەت لە عێراق لەسەر کورد حیساب دەکاو ... بۆیە مەسەلەی کورد لەوانە تێپەریوە کە بە رێککەوتنێك یان پەیماننامەیەك لە نێوان ئەو سێ دەوڵەتە لاوازەدا بو دواوە بگەرێتەوە.

ئاغای دەوڵەتئابادی دەیەوێ کێشەو ئاڵۆزییەکانی کوردستان بە ئەمریکاوە ببەستێتەوە وا تەبلیغ دەکات کە گوایا ئەمریکا بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی دەیەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێنێ،و بەوتەی خۆیان ئیسرائیلی دووهەم پێك بێنێ تا بەم جۆرە بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بێ. ئەم تەبلیغە بێنێوەرۆکە رێگەخۆشکەری دووشتە (١) دەیەوێ ئەو ئاڵوزیو کێشانە کە لە ئاکامی سیاسەتی چەوتو دوژمنانەی سەرکوتکەرانی کوردستانەوە پێك هاتوون، بخاتە ئەستوی ئەمریکاو مارکی ئەمریکایی لەو راپەرینانە بدا لەژێر ناوی دستێوەردانی دەرەکی سەرکوتیان بکات (٢) هەستی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین دژی کورد بورووژێنێ. ئەم سیاسەتەش هەر لە ئێستاوە تووشی تێکشکان هاتوە چوونکە خەباتی کورد بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی، خەباتێکی رەسەنە کە بەدرێژایی سەدەی رابردوو تا ئێستا درێژەی هەیە. بۆیە تەنیا رێگا، چارەسەری کێشەکە بە شێوەیەکی دێموکراتیکە کە ئەمە لە عەقلییەتی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بەدوورە. چوونکە بیرێکی شوڤێنیستی وا بەسەریاندا زاڵە کە مانەوەی خۆیان لەنێوچوونی نەتەوەکانی دیکەدا دەبینن.

**دەوڵەت ئابادی دەیەوەێ بە ئاخاوتنێکی لەو بابەتە لە لایەکەوە ئەو سیاسەتە کە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بۆ سەرکوتی کورد بە کاریان هێناوە وەگەڕی بخاتەوەو لە لایەکی دیکەوە وتەکانی بانگەوازێکە بۆ پێکهێنانی بەرەیەك دژی دێموکراتیزە کردنی رۆژهەڵاتی ناڤین، چونکە دێموکراتیزەکردنی ناوچەکە بەمانای لەنێو چوونی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانە**

## وردە سەرنج

مەسعوود بابایی

**سەرنجی هەشتەم:**

**بەرەنجامگیریەك بۆ سەرەتایەکی تازە**

تا ئێرە و بە درێژایی هەشت سەرنج پێکەوە باسمان لە زمان کرد. رەنگە ئەو خوێنەرانەی پێ بەپێی باسەکەمان هاتن، لێمان بپرسن ئاخۆ مەبەست لەم باسە چیبوە؟ رەنگە کەسانێکیش بڵێن پرسیاری سەرەتای ئەم باسە بۆچی دەکەوێتە ئەم بەشەوە و ئایا نەدەکرا لە بەشی یەکەم دا ئەم پرسیارە هاتبایە گۆڕێ؟ بەراشکاوی دەبێ بڵێم ئەو روانگەیەی کە لێرەدا لە هەمبەر زمان ویستومانە پەیڕەوی لێ بکەین، روانگەیەکی تازەیە و لە رێگەی بەڵگەهێنانەوەو مێتۆدی فەلسەفی‌یەوە دەیەوێ خزمەتی ناسیونالیزمی کورد ـ ئەگەر هەبێ ـ بکا، چونکە ئەوەی تا ئێستا لەبیری سیاسیی بزوتنەوەی کورد دا هەبوە وشەکانی (هەستی نەتەوایەتی ـ کوردایەتی) بوون. زمان گەورەترین چەکی ناسیونالیزمەو دابڕانی زمانەوانی هەمان دابڕانی کولتووررییە. ناسیونالیزم بۆ هارمۆنی‌یەکی کولتووری دەگەڕێ تاکو بتوانێ ئامانجی سیاسیی خۆی کە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوایەتی‌یە بێنێتە دی. بەبێ هەبوونی یەکپارچەیی کولتووری هەرگیز یەکپارچەیی سیاسی نایەتە دی. لێرەدا دەتوانین بڵێین نەتەوەی کورد بە جەبری جوگرافیا دابەش کراوە، لە جوگرافیای سیاسیش دا چەند قات ئەم جەبرەمان بەسەردا سەپاوە، هەروەها چەندین دیالکت و شێوەزاری جیاواز لەلایەکەوە میراتێکی دەوڵەمەندی زمانەوانی‌یەو لەلایەکی دیکەشەوە تێکدەری هارمۆنی‌یە. زمان لە دروست کردنی هارمۆنی‌دا رۆڵێکی سەرەکی هەیە، زمانی هاوبەش ئاخێو (Discourse)ێکی هاوبەش دروست دەکات چونکە توخمە کولتووری‌یەکان وێك دەخا و یەك شێوازی گێڕانەوەی سەروەریەکانی نەتەوە دەخاتە ڕوو. لە سەرنجی پێشوودا باسمان لە کولتووری زارەکی و کولتووری نووسراو کرد و وتمان کە بە کولتووری نووسراوەوە دێیە نێو مێژوو. مێژووی دەست پێکردنی کولتووری نووسراو مێژووی نەتەوەیە کە خاوەنی رێنووس و زمانی تایبەت بە خۆیەتی و لە رێگەی ئەو کەلتوورە نووسراوە زێدی نەتەوەش دەبێتە نیشتمانێك کە خاوەنی جوگرافیا و مێژووی خۆیەتی. لایەنی تیۆریی سەرنجەکانی پێشوو هەوڵێك بوو لە پێناو توکمە کردنی ئەو باسەی کە لە بەشی دووهەمی وردەسەرنج دەخرێتە ڕوو. ئێستا هەست دەکەم تا رادەیەك گرنگیی زمان لە توکمە کردنی کوکتووری نەتەوایەتی ڕوون بۆتەوە، بەڕای من هەموو کولتوورێك بۆ دروست کردنی هارمۆنی لەنێو توخمەکانی خۆی دا پێویستی بە ڕامانی فەلسەفی هەیە، هیچ زمانێکی فەلسەفی بەبێ چەمکسازی ( Concepht Formation)ـ کە لە سەرنجی سێهەم دا باسمان کرد ـ ناتوانێ بەرەو سیستمێکی فەلسەفی هەنگاو بنێ، ئەمەش بەبێ ئامادە کردنی زمان بۆ چەمکسازی نالوێ. کاتێك کە دەوترێ عەقڵ زمان دەورۆژێنێ و زمانیش عەقڵ، مەبەست رۆڵی زمانە لە دروستکردنی "کارلێك". سیستمی فەلسەفی پێویستیی بە سیستمێکی تۆکمەی زمانەوانی هەیە کە پاژەکانی بتوانن لەڕێگەی مۆرفیمەکانی زمان توانای داڕشتن تا ئاستێك کە دەربڕی ڕامانی فەلسەفی بن بەرز بکەنەوە. بۆ نمونە زمانی ئاڵمانی توانایەکی زۆر باشی هەیە لە داڕشتن و پێگەیاندنی فەلسەفە لەو وڵاتە کە لەپاش سەردەمی رۆشنگەری نوێنەری فەلسەفە لە رۆژئاوا بوە.

بۆ پێکهێنانی هارمۆنیی کولتووری ـ کە من پێم وایە هێشتا وەکو کورد پێی نەگەیشتوین ـ و پێناسەیەك بۆ ناسیونالیزم کە هەڵقوڵاوی جەرگەی کۆمەڵگاکەمان بێ، دوو لێڕوانین (رویکرد) لەمەڕ زمان بە پێویست دەزانم:

١ـ لێڕوانینی زمانەوانیی مێژوویی

٢ـ لێڕوانینی ڕێزمانی

قازانجەکانی ئەم دوو لێڕوانینە چین؟ روانگەی مێژوویی بۆ زمان بریتی‌یە لەوەی کە ئێمە سەرچاوەی زامانەوانیی خۆمان بۆ دەقێکی پێوەر لە شوێنکاتێکی مێژوویی بگەڕێینەوە، ئەم شوێنکاتە، شوێنکاتی دەقێکی دیاریکراوە کە ئێمە وەکو کورد خۆمان لێی بە نزیك دەزانین (ئاڤێستا، درەختی ئاسوریك، گلگامێش، ریگ ڤیدا، کلیلە و دەمنە) هەر یەك لەم دەقانە لە مێژوویەکی نەچەندان دیاریکراو دا بەرهەم هاتون، بەڵام لەو میراتەدا خۆمان بەشدار دەزانین. لەرووی زمانەوانی‌یەوە کورد خۆی لە زمانی ئاڤێستاوە نزیکتر دەزانێ، وێنای ئێمە لە ئاڤێستا وێنەیەکە کە لە شوێنکاتی ئێستامانەوە لەبەرانبەر مێژوو سەرچاوەی گرتوە.

بۆ ئەوەی بتوانین لەڕووی زمانەوانی‌یەوە خۆمان بە ئاڤێستا وەگرێ بدەین، دەبێ پێوەرێکی ئەوڕۆیی بۆ پێوەریکی مێژوویی بەکار بێنین، یا ڕوونتر بڵێین: دەبێ شوێنکاتی ئێستایی و شوێنکاتی مێژوویی تێهەڵکێشی یەکدی بکەین و دەقی ناوبراو بەپێی ئاستەکانی زمانی کوردی هەڵسەنگێنین، زمانی کوردی خاوەنی دیالکت و شێوازی جیاواز و هەمەجۆرە، بۆ ئەوەی بتوانین کەڵك لە توخمە زمانی‌یەکانی ئاڤێستا وەربگرین دەبێ پێوەرێکمان بۆ بەراورد هەبێ، لەنێو دیالکتە کوردیەکان دا هەورامی لە ئاڤێستاوە نزیکترە. کەوابوو کاتێك پێوەرەکەمان دیاری کرد ئەوسا دەست دەکەین بە لێکۆڵینەوە لە ئاستە جیاوازەکانی زمانی ئاڤێستا و زمانی کوردی، بەم کارە دەگەینە دوو ئەنجام:

١ـ ساخ کردنەوەی مێژووی زمانی کوردی و دروست کردن و قووڵ کردنەوەی بابەتی مەودا ـ جیاوازی کە پێشتر باسمان کرد. واتە بە دوور کەوتنەوە لە مێژووی تۆ لە مێژووی خۆم نزیك دەبمەوەو ئیدی ناتوانی من بە بەشێك لە خۆت بزانی. واتە زمانی فارسی ناتوانێ کوردی بە پاشکۆی خۆی بزانێ.

٢ـ ساخ کردنەوە و نووسینی مێژوویەکی ناسیونالیستی لەسەر بنەمای زمان.

لە باستەوەری دووهەمی وردە سەرنج دا زیاتر لەم بابەتە دەدوێین.

# چەند تەزویەك

م. بابایی

## میوان

میوانێك پڕ لە ئەفسونی نەزانی و شەیدای فێربوون، میوانێك کە دنیا بە پرتەقاڵێکی چکۆلە تێ دەگا لەسەر سینگی ئافرەتێکەوە قووت بۆتەوە، لەبەرانبەرما بە بزە وەکوو کەسێك کە گوێ لە وەسفی بەهەشت لە زاری مزگەوت سالارێکەوە دەگرێ، دانیشتوە. لەباس خواوە بۆ گومان و لە گومانەوە دیسان بۆ گومان، هەست دەکەم مێشکی زۆر بچوکەو بەرگەی فەلسەفە ناگرێ، ئەچمە سەر باسی شێعر، خەیاڵی هێشتا ساوایە و وشە وەکوو دەنکە تەزبیحێ تێ دەگا کە زمان دەنك ئەیژمێری و کاتی پێ ئەکوژێ. کە باسی ژنی بۆ دەکەم پێی وایە ژن رێنووسی هیرۆگلیفی‌یەو بۆی ناخوێندرێتەوە... کە باسی خۆمی بۆ دەکەم، خۆم دەبمە پرتەقاڵێکی چکۆلە و منارەی مزگەوت و گومانکارێکی پرسێحر و بازرگانی وشەو و دەنکە تەزبیحی شکاوی شیعرێك و ئەوینێکی هیرۆگلیفی.

## هەواڵێك و تەنیا

لەمڕۆوە تا سبەینێ دەست پێ دەکا، یاری بە سێبەری خۆم دەکەم، پێ لە ئاوی رژوای باپیرم هەتا ئەژنۆ هاوار دەکەم، گەورە ئاوێ دەرژێنێ، بچوك پێی لێ دەخشینێ.

کرێوەیە ژانێك بەڕێوەیە، دەڵێن: شەو لە دوێنێوە بەرێوەتەوەو بەرەولامان هەنگاو دەنێ، دەڵێن: سوپایەك لەو دیوی سنوورەکانەوە خاچەکان دابەش دەکا، دەڵێن: خواش لەگەڵیان رێك کەوتووە و دەڵێن: کوردیش جەنگ لەگەڵ قەدەر دەکا! بەڵێ: ئەمە چیرۆکی هەزاران ساڵەی ئێمەیە...

## کچە شاعیرێك

ئەمڕۆ گوڵە شێعرێکم گەیشتە دەست، پڕبوو لە چەپکی رەنگاورەنگی پڕسۆز و دڵدارانە، سەیرم کرد و خوێندمەوە، خەیاڵ و خولیای من و شێعرەکە وەکو دوو کەس کە ژوانیان لە کۆڵانێکی تەنگەبەر و تاریك دا دیاری کردبێ، چاوەڕوان بووین، ئاخ چاوەڕوانی چ دەردێکی کوشندەی! شێعرەکە دەستی خستبوویە ژێر چەناگەی و لە دڵەخۆرپێ‌دا دەسووتا، سەیری خەیاڵو خولیای من و مەبەستە نهێنی‌یەکەی کچە شاعیرەکەی دەکرد، کیژە شاعیرەکەشمان نهێنی‌یەکەی بەگوێی وشەدا نەچرپاند و شێعر چاو سەزەکەشمان لەبەردەمی هەردووکمان دا زمانی هەڵوەری و لاڵ بوو، منیش بی ماچ گەڕامەوە.

## ئاگاداری....!!

ئەگەر بۆ خوا ئەگەڕێن لەم شوێنانە ئامادەبن:

١ـ کۆڵانی سواڵکەرە بێ عارەکان

٢ـ ژوانگەی عاشقە پەڕپوتە دۆڕاوەکان

٣ـ گیرفانی دڕاوی هەتیوێکی کەری بێ دەسەڵاتی زمان درێژ

٤ـ لە سینەی نووسەرێکی بەندکراوی پەنجەشکاوی ئەتك کراوی زمان بڕاو

٥ـ لە سینگی سیاسەتمەدارێکی دۆڕاوی ئیمرالی‌دا

٦ـ لەژێر عەبای ریش درێژێکی پڕ لە خەیاڵ پلاوی شەڕی ئوحود دا ناونیشانەکەی لە شێخوڵلای هەولێر و سابونکەرانی سلێمانی ئەدۆزیەوە

**لەم شوێنانەدا هەرگیز پەیدای ناکەن:**

١ـ لە مزگەوت دا هەرگیز و هەرگیز...

٢ـ لە خواردنگە و ریستۆرانەکان دا خوا مەزاد کراوە، کاتێ دەڵێن: بەخوا دەری ناهێنێ!!

٣ـ لە دەریای ئیجە و قاچاخچیەکانی سنوور بەدەگمەن هەیە

٤ـ لەلای بۆیاخچیەکانی سەر شەقام هەر هەواڵی مەپرسە

٥ـ لەناو دڵی شاعیران دا هەیە بەڵام وەکو بۆڤ وایە زوو زوو رەنگی ئەگۆڕێ.

## لەیادی هێمن دا



### خانە نشین

بولبولێك بووم لە رکەیدا بە بەهاری رەنگین
دوور لە گوڵزار و لە دیداری گوڵاڵە و نەسرین
کازیوە، بۆ لك و پۆپی گوڵی باغی دەفڕیم
پەڕوپۆم پێوە نەما نیمە ئیتر هێزی فڕین
دەستی ئەو راوکەرە برزی کە بڕی باز و بڕست
سووری سوور گوڵ بدەم و روو بکەمە مێرگی شین
من چریکەم هەموو سووچی چەمەنی پڕ کردبوو
ئێستە نایە لە گەرووم بێجگە لە ناڵەی خەمگین
من کە شین گێڕی هەموو سوورە گوڵی پەڕپەڕ بووم
رەنگە هەر دڕکی پەریو لێرە بکا بۆ من شین
من کە بۆ دیبتنی گوڵ هێلی سنوورم دەپەڕاند
هەر لەسەر حەق گوتنی رووتە کرام خانەنشین
شاوەریخنە دەگەڕێ وا لە دەراوی چۆمەڵ
دینی دینی گوڵە ئەو بولبولی دڵ پڕ لە ئەوین
تازە دڵ خەستە و پەربەستە و بێ دەستەم من
وەرە دەر راوکەری دڵڕەق لە کەلێن و لە کەمین
تێپەڕێ هێندە بە ناخۆشی ئەگەر ژینی درێژ
خۆزگە سەد خۆزگە بەوانەی کەم و ئاسوودە دەژین

## ئاخی دوو هاورێ

هەرمان

ماتیکەکەی دەرهێنا و لەپێش ئاوێنە چکۆلەکەی نێودەستی، لێوەکانی تەڕ کرد. پێش نووستن بوو، لێم پرسی بۆچی؟... و پەتووەکەی تا سەرسینگی راکێشا، کەناڵی کوردی وێنەی چەند چەکداری شۆڕشگێری کچ و کوڕی کوردی خستە سەر ئاوێتە سترانی دڵگیر، ئاخێك لە هاوڕێم و ئاخێك لە من بۆ دوارۆژ!!

## هیوا

تۆیش بێبەش نەبوویت لە سپی کردنی ڕۆخسار، ئەمە دوا وتەکانی بوو لە دوا هەناسەکانێکدا! تۆیش دڵمت شکاندو...و بۆچی هاوڕێ؟ بۆ گەردن ئازایی؟ لەژێر گوشار و ..........؟ بڕۆ! بڕ....!! لە شووشە تۆز گرتوەکەی سەیارەکەوە لە رۆخساریم ئەڕوانی لە وێنەی پەیکەرێك دەهاتە بەرچاو، پەیکەرەیەك کە گیانی لەبەردا بێ! ڕاچڵەکام، گەرچی نەخەوتبووم! تۆ بڵێی پەیکەرەکان چەن پڕ سکاڵا بن!؟ بەیانی سەرلەنوێ کە دیتمەوە، پڕشنگە بزەیەکم بۆ پژاند، لە چاوانیا خۆم هەتاو دیتەوە!

## بێزار

تا تۆ نەمری ئاواتی من نایێتە دی، ئاخر بۆ چی؟ ناتوانم نا جێت...!! بۆ من نەمرم، مەگەر نا کە من و ئاواتم هاورێین تا ئەبەد! من و تۆ لە ئاواتێکا هاوبەشین ئەویش جیانەبوونەوەمانە کە نایەتە دی، ئاخر خوا گەرەکیەتی! نیگای پڕ لە حەزی بوون و دەستە ساردەکانت بۆ ئەبەد لەبیر ناچێ! چل رۆژ تێپەڕی.... دوو رۆژ دواتر پێمیان وت.... دڵمیان شکاند!!
وتیان تۆ، تۆ سی ساڵ و دوو رۆژی، بۆ شۆڕش نابی!!




بێ دوان

## پێشنیارێك بۆ كۆڕی پەروەردە

# ڕۆڵی ڕەنگەكان و كاریگەرییان لەسەر منداڵان

**بەشی سێهەم و كۆتایی**

**ناسر فەتحی**

لە سەردەمێكدا كە ڕەنگ بۆتە یەكێك لە پێداویستی‌یە گرینگەكان بۆ مرۆڤ و، زۆربەی ئەم حاڵەتانەی ئاماژەم پێ كردن بۆ مرۆڤ ساز دەكەن و بگرە زیاتریش، بۆ دەبێ هیچ ئاورێكی ئەوتۆی لێ نەدرێتەوە؟! بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دا! بەداخەوە لەنێو كۆمەڵگەی ئێمەدا كەمتر بایەخ بە ڕەنگە جۆراوجۆرەكان دراوە و خەڵك زیاتر روو لە ڕەنگە ڕەش، بۆر، خۆڵەمێشی، خاكی و تۆخەكان دەكەن و ڕەنگی جل و بەرگ و كەرەسەی نێو ماڵەكانیشیان بەپێی ئەو ڕەنگە مات و مردووانە هەڵ دەبژێرن. ئەوە لەحاڵێك دایە كە ئەو ڕەنگە مردووانە كاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر حاڵەتە دەروونییەكانی مرۆڤ هەیە. تەنیا ڕەنگێك كە خەڵكی كۆمەڵگای ئێمە زۆر بە كەمی كەڵكی لێ وەردەگرن و كەمێك كاریگەری پۆزەتیڤی هەیە ڕەنگی سپی‌یە.



ڕەنگی جل و بەرگی فەرمی لەنێو قوتابیانی ئێمە دوو ڕەنگە، ڕەنگی ڕەش و ڕەنگی سپی. ئەمەش جێگای داخە چونكە ڕەنگی ڕەش، ڕەنگی ڕەش بینی، گومان، خەم و خەفەت و تازیەباری‌یە. بەگشتی ڕەنگی ڕەش ڕەنگی تاریكی‌یە و هەموو تایبەتمەندیە نیگەتیڤەكانی تێدایە، ڕەنگی ڕەش هەموو تیشكە ڕووناكەكان لە خۆی دا خڕ دەكاتەوە و شەبەنگیان ناداتەوە.

بەڵام ڕەنگی سپی، ئەم ڕەنگە لەگەڵ ئەوەی ڕەنگێكی پاك و بێ گەردە و نیشاندەری پاكی و سەداقەتە، بەڵام ڕەنگێكی بێ تەفاوەت و ساردە. ڕەنگی سپی كاتێك لەپەنای ڕەنگی ڕەش دادەنرێ تەنیا پێی دەكرێ ئەو كاریگەری‌یە نێگەتیڤانەی لە ڕەش دا هەن كەم كاتەوە. ئەوەش بەربەستە لەسەر ڕێگای ئەوە كە خۆی بە جوانی بنوێنێ‌و كاریگەریی ئەرێنی لەسەر بینەرەكانی دابنێ بەتایبەت كاتێك كە لەپەنای ڕەنگی ڕەش دانراوە.

دنیای منداڵان پان و بەرین و بێگەردە، پڕە لە جم وجۆڵ و هات و هاوار، هەڵسووڕان و هەڵبەز و دابەز و بە تامەزرۆیی‌یەوە لە ژیان دەڕوانن. دنیای منداڵان دنیایەكە كە ئێمەی گەورە دەورانێك تێیدا ژیاوین و ئەگەر لەخۆمان نەگۆڕین دەتوانین زۆر لە ئاوات و، ویست و داخوازی‌و خولیاكانیان بناسین و هەنگاو بۆ جێبەجێكردنیان باوێین. كەواتە بۆ ئەوەی لە دنیای ئەوان تێ بگەین پێویستە، بە خەیاڵ بۆ جارێكیش بێ، بگەڕێینەوە دەوری منداڵی و وەبیر خۆمان بێنینەوە چ ڕەنگێكمان پێ جوان بوو؟ چەندەمان ڕەنگ خۆش دەویست؟ هەروەها چەندەمان حەز لە ڕەنگی جۆراوجۆر دەكرد؟! ئەم فلاش بەك و گەڕانەوەیە بۆ منداڵی، سەرەتا پێویستە كۆڕی پەروەردە و ڕاگەیەنە گشتی‌یەكان بیكەن. بۆ ئەوەی هەستیارانە بچووكترین بابەتی پێوەندی‌دار بە منداڵانەوە بدۆزنەوە و بەرپرسیارانە كاری لەسەر بكەن. ڕەنگی ڕەش و سپی لە جل و بەرگی قوتابیان دا بەپێی ئەو سەرچاوە زانستییانەی من بینیومە ڕۆنانێكی هەڵەیە و دەبێ كۆڕی پەروەردە لەبیری گۆڕینی ڕەنگی جل و بەرگی فۆرمی منداڵان دا بێت و بە زووترین كات هەوڵی بۆ بدا. چوونكە هەر بەپێی ئەو كورتە ئاماژەیەی كە پێوەندی لەگەڵ دەروون ناسیی ڕەنگەكان دا باسمان كرد، بەو ئاكامە دەگەین كە ڕەنگی یۆنیفۆرمی قوتابیان رۆنانی هەڵە و نازانستی‌یە و دەبێ بگۆڕدرێ. دوارۆژی هەر نەتەوەیەك، پێشكەوتن و دواكەوتنی، هەمووی لە گرەوی پەروەردەی دروستی منداڵانی ئەو نەتەوەیەدایە.

كەوابوو وەرن هەموومان بەیەكەوە خۆمان و منداڵەكانمان فێر بكەین ڕەنگە جۆراوجۆرەكان بناسین و كەڵكیان لێ وەربگرین. ڕەنگەكانمان خۆش بوێ و خۆشەویستیی ڕەنگە زیندووەكانیش پەرە پێ بدەین.

لە دوابەشی بابەتەكەم دا جارێكی دیكە داوا لە ناوەندە پەروەردەیی‌یەكان، قوتابخانەكان، میدیاكان، ڕێكخراوە مەدەنی، NGOیەكان، دەزگا حكوومەتی‌یەكان و... بەتایبەت كۆڕی پەروەردە دەكەمەوە ڕەنگی جل و بەرگی فۆرمی قوتابیان و خوێندكارانی كوردستان لە ڕەنگی ڕەش و سپی‌ڕا بگوازنەوە بۆ ڕەنگەكانی دیكەی شەبەنگدار یا (تیف)، ڕەنگە شاد و زیندووەكان. واتە دەكرێ بەجێی ڕەش و سپی بۆ وێنە لە ڕەنگی سوور و سەوز، زەرد و بنەوش، شین و نارنجی و... هتد كەڵك وەربگیرێ. هەروەها پێشنیاری ئەوەش دەكەم كە بە شێوەیەكی زانستی بڕواننە خودی یۆنیفۆرم، تا دەركەوێ بەراستی یۆنیفۆرم پێویستە یان نا...

با هەر لە ئێستاوە منداڵەكانمان لەڕووی راستەقینەو خۆشەویستیی ڕەنگەكان تێ بگەیەنین بۆ ئەوەی هەموو شتێك بە ڕەش یان سپی نەبینن.

لە كۆتایی بابەتەكەمدا تەنیا دەڵێم: ڕەنگەكان زۆر گرینگن و ڕۆڵێكی بەرچاویان لەسەر كەسایەتیی مرۆڤ بەتایبەت منداڵەكان دا هەیە. پێویستیشە جارێكی دیكە بەو كۆمەڵە یاساكۆنانەی كۆمەڵگاكەمان دا بچینەوە و باشەكانی باشتر و خراپەكانی لاواز و لاوازتر بكەینەوە بۆئەوەی بە یەكجارەكی لە كۆمەڵگاكەمانی دەرهاوێژین.

**ئەم بابەتە لە كۆنفرانسی یەكەمی میدیای منداڵان لە كتێبخانەی گشتیی سلێمانیدا خوێندراوەتەوە.**

ژێدەر: اطلاعات جامع هنر ـ ع.شروه

# ریالیزم و لایەنگری

**فردریك ئینگلس**

**بەشی دووهەم و كۆتایی**

**و: لە فارسییەوە: شەریف فەلاح (هێژا)**



گراند دامی

تەنیا ڕەخنەی من لە ڕۆمانی ئێوە ئەوەیە كە بەرادەی پێویست ریالیزم نیە. بەڕای من ریالیزم جیا لە حەقیقەت و ڕاستی لاوەكی و سەرەكیی دووبارە خۆ بینینەوەی كەسایەتگەلی نموونەی واقیعی‌یە كە دەبێتە هۆكاری هەلومەرجی تایبەتی خۆی.

ئێستا ئەو كەسایەتییە خولقاوانەی ئێوە لە مەیدان و پانتایەكدا كە وێنایان دەكەی بە ڕادەی پێویست نموونەی واقیعین. بەڵام هەر بەو شێوەیە ناتوانن لە هەلومەرجی دەوروبەریان و بەدەر لە چوارچێوە و شوێنێك كە كردەی ئەوان دەردەكەوێ قسان بكەی.

لە ڕۆمانی كچی شار دا چینی كرێكار بە شێوە و فۆرمی ڕەشۆكیی پاسیڤ و بێ توانا لە هاریكاری بەخۆی یا تەنانەت هەوڵ دان بۆ هاوكاری بە خۆی شوناس و پێناسەی خۆی دەكات. هەموو هەوڵەكان ئەو لە دەرەوەی هەژاری و دەست كورتی ـ زۆر و بەرینێك كە لە ئاسمان و لەناو جەرگەی كۆمەڵەوە سەر هەڵدەدەن كەسایەتییان پێ دەدەن. ئەم كارە ڕەنگە لە ساڵەكانی ١٨٠٠ یا ١٨١٠ لەماوەی ژیانی "سێن سیمۆن" و "رابێرت ئۆڤێن" پێدا هەڵگوتن وەسفێكی شایستەتری هەبووبێت، بەڵام ئێستا لە ساڵی ١٨٨٧ كە هەر مرۆڤێكی ٥٠ ساڵە شانازیی بەشداری كردن لە زۆربەی شۆڕشەكانی پڕوتالیتاریای خەباتكاریدا بووە و لە هەموو ئەو ماوەیەش دا ئەم بنەمایە كە دەبێ ڕزگاری چینی كرێكار ئارمان و خولیای خودی چینی كرێكار بێت، ڕێنوێنی بووە و ناكرێ خاوەنی متمانە بێ. وەڵامی شۆڕشگێڕانەی توخم و پێكهاتەی چینی كرێكار بە زوڵم و ستەمێك كە دەوریانی دەتەنێ، هەوڵ و تەقەلای نیوەئاگایانە یا ئاگایانەی هەژێنەریان لە بەدەستهێنانی مافەكانیان لە چوارچێوەی مافە مرۆییەكان دا بەشێكی زۆر لە مێژووی مرۆڤەكان پێك دێنن، لەم ڕووە دەتوانن لە ریالیزم دا جێگایەك بۆ خۆیان بكەنەوە و بە شیاوی بزانن.

من بە هیچ شێوەیەك نامەوێ ئێوە لەبەر خاتری ڕۆمانی سۆسیالیستی نەنووسراو، كە ئێمە ئەڵمانی‌یەكان Tendenzromanی پێدەڵێن، واتە تاریف كردن و پێداهەڵگوتن بە بیروڕای سیاسی و كۆمەڵایەتیی نووسەر، بە تاوانبار بزانم، ئەمە قەت ئەو شتە نییە كە من مەبەستمە، هەرچەند و تا هەر ئاستێك بیروڕای نووسەر لەناو نووسراوەو دەقدا شاراوە و نهێنی بێت بۆ بەرهەمی هونەری بە قازانجە. ریالیزمی جێگای پەسندی من ڕەنگە پێچەوانەی ڕوانگەكانی نووسەر لە دەقی نووسراو دا وەدەركەوێ. لەم بارەیەوە نموونەیەكی بەرچاو لە خوارەوە دەخەمە بەردەست.

بالزاك، نووسەرێك كە من بە مامۆستای گەورە و واقیعی ریالیزم و گەورەتر و بەرچاوتر لە "زولا" لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی دەزانم، لە كومێدیی مرۆیی خۆیدا مێژووی ریالیزم سەرسووڕ هێنەری كۆمەڵگای فەرانسەی لانی كەم ساڵ بە ساڵ لە ساڵی ١٨١٦ تا ١٨٤٨و زۆر بوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی بۆرژوازیی ڕابوو و ڕاپەڕیو بە دژی كۆمەڵگای ئەریستۆكراتیك، كە دوای ١,٨١٥خۆی جێگیر كرد و دیسان تا ئەو جێگایەی بۆی لوا و ڕێگا هەبوو و شێوازە فەرەنسەییەكانی زیندوو كردەوە، بە فۆرم و قەوارەی ڕووداوەكان پێیا هەڵدەڵێ و وێنای دەكات و ئەوەی كە بە چ شێوەیەك پاشماوەكانی كۆمەڵگای كۆنی فەرانسە لە بەرامبەر



بالزاك

هێرش و دەست درێژیی تازە ساماندار یا پاسیڤەكاندا وردە وردە بە چۆك دادێن بە باشترین شێوەو فۆرم وێنایان دەكات. بە چ شێوەیەك خاتوونی گەورە Grand dame كە لە بێوەفایی هاوسەرێتی‌دا بەناوبانگ بوو بەڵام لەسەر شێواز و ئەندێشەی خۆی پێداگری دەكرد، بەڵام لە هاودەنگی گشتی‌دا لەگەڵ ئەوڕایەدا بوو، ڕێگای بە چینی بۆرژوا نیشان دا، كە هاوسەرەكەی بە پارەو خوری و پشتێن ڕاهاتبوو.

ئەو لە پەنای ئەم نەخش و وێنا كردنە تەوەرییەدا، مێژووی گشت كۆمەڵگای فەرانسە بە وردەكاریی ئابووری دووبارە دابەش كردنەوەی خاوەنداریێتی تاكەكەسی و واقیعی دوای شۆڕشی فەرانسە لەدەوری یەك كۆ دەكاتەوە. من لە نووسینەكانی بالزاك زیاتر لە هەموو مێژوونووسان، پڕۆفیسۆر، ئابووریزانان و كارناسانی ئاماری دەوران شت فێر بووم. بالزاك لەباری سیاسی‌یەوە یاساخواز بوو، بەرهەمی بەرچاو و بەناوبانگی شێوەن و هاودەردییە لەگەڵ فەوتانی قەربووكراوی هەتا هەتایی كۆمەڵگای بەشكۆدا، هاودەردیی لەگەڵ چینێكی ڕوو بە لەنێوچونە. ئەوەشی لەگەڵدا بێ، تەنز هیچ كات كاریگەرتر و شوێندانەرتر و تانەی هیچ كات تاڵتر لەسەردەمێك نییە كە لەبارەی ژنان و پیاوانی ئەریستۆكرات، كە بە تەواوەتی و لەناخەوە لەگەڵیان هەستی هاودڵی هەیە، قسان دەكات، و تەنیا تاڵترین نەیارانی سیاسی خۆی، واتە قارەمانانی كۆماری "سێن مێری كلووتێر" كە لەو سەردەمەدا نوێنەرانی ڕاستەقینەی ڕەشایی خەڵك بوون ڕاشكاوانە ئافەرین و دەست خۆشانەیان لێ دەكا.

باڵزاك بەم شێوەیە ناچار بوو دژ بە پێچەوانەی هاودەردیی چینی خۆی و ویست و داوا سیاسیەكانی هەنگاو هەڵێنێ. ئەو پێویستیی ڕووخانی oristocrasy دەرەبەگی دڵخوازیی خۆی هەست پێ كرد و بەو چەشنە پەسنی ئەو كەسانەی كرد كە حەق نییە تووشی چارەنووسی ڕەش بن. ئەو لەسەردەمی خۆی دا مرۆڤە ڕاستەقینەكانی داهاتووی بەباشی ناسی و، من ئەمە بە یەكێك لە گەورەترین سەركەوتنەكانی ریالیزم و بەرچاوترین وێناگەلی كۆمەڵایەتیی باڵزاكی پیر دادەنێم. دەبێ ڕابگەیەنم كە لایەنگری ئێوە، لە جیهانی شارستانییەتی چینی كرێكار دا بەرگری و خۆڕاگرییەكی ئەكتیڤی كەمتریان هەیە، زیاتر بە شێوەیەكی پاسیڤ گوێڕایەل و ملكەچی چارەنووس مەلوولتر و چارەڕەشتر لە خەڵكی "ئیست ئێندی" لە لەندەن. بە وێنا كردن و نیشان دانی بەشی پاسیڤی ژیانی چینی كرێكار و سڕینەوەو لابردنی بەشی ئەكتیڤی ژیانی چینی كرێكار لە بەرهەمی‌تر دا بە چ شێوەیەك قبووڵ بكەم كە هۆكارتان بۆ ڕازی كردنی خۆتان تەنیا یەك جار بووە؟

**دەتوانن بەرهەمەكانتان بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆ بەشی "ئەدەب و هونەر" بنێرن**

**edeb_huner@yahoo.com**

# باڵە سیاسییەکان لە ئێران لە شورشی( ١٣٥٧ ) ەوە تا ئێستا

خۆشناو
وەرگێران: محەممەد جەمیل کولاهی

پێکهاتنی باڵ، یەکێ لە دیاردە گرینگە سیاسییەکانە. کە لێکۆڵینەوەی ورد و زانستیانە لە سەر ئەو دیاردەیە، ناسینێکی وردتر و زانستییانەتری لە سەر مەسەلە سیاسییەکان و پێکهاتەی سیاسیی ئێرانی بە دواوەیە. بە لە بەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دا دیکتاتورییە و ئولیگاریشیی زاڵ، هەموو ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی ـ بەرێوەبەرایەتیی بە دەستەوەیە، دەوڵەت مەیدانی نفووزی باڵەکانی نێو دەسەڵاتە. بۆیە لێکۆڵینەوە لە سەر باڵە سیاسییەکانی ئێران، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکاندا دەسەڵاتداری راستەقینە، خەڵکن، بوونی سیستەمی نوێنەرایەتی بە شێوەی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی ئەوەکە، دەوڵەت لە رێگای دەنگی راستەوخۆی خەڵك و کێبڕکێیەکی ئازادو خاوێنەوە هەڵ بژێردرێ. لە وەها کۆمەڵگایەکدا، پێکهاتنی باڵی سیاسی و پێشبڕکێی باڵەکان لە دەرەوەی دەسەڵاتەو، لە نێو کۆمەڵگا و بیرورای گشتیدایە. ئەوە لە کاتێك دایە کە لە

**بە واتایەکی دیکە بە پێچەوانەی دەسەڵاتە دێموکراتیکەکان کە لەواندا نیزامی لیبراڵ ـ دنیایی لە سەر بنەمای بایەخە کەرەسەیی و پێکهاتە قووچەکییەکان پێکهاتوە و دەسەڵاتی سیاسی تایبەتی و یاسایی ـ پیرۆز نین**

ئێران دا باڵە سیاسییەکان و، پێشبڕکێی باڵەکان لە نێو دەسەڵات و ئیلیتی زاڵدایە. بە واتایەکی دیکە پێکهاتنی باڵی سیاسی لە ئێراندا بە شێوەی داخراوە. بە دوای سەرکەوتنی شورشی ئێران لە ساڵی ٥٧ دا، بۆ ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ پێشبڕکێی باڵە سیاسییەکان، لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات و لە نێو کۆمەڵگادا بوو، بەڵام پۆپۆلیزمی مەزهەبیی پێکهاتوو لە کۆمەڵگا، بوو بە هۆی دەرپەراندنی باڵە کەمینەکان و پێکهاتنی ئولیگاریشیی زاڵ. پێویست بە ئاماژەیە کە ئەم دەرپەراندنە شەڕ و خوێنرێژییەکی توندی بەدواوە بوو. کۆی ئەم رەوشانە بوون بە هۆی ئەوە کە لە دەیەی شەست بەم لاوە، گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە کومەڵگادا بە شێوەی هیرارشی و ئەستووتی بێ. بە واتایەکی دیکە بە پێچەوانەی دەسەڵاتە دێموکراتیکەکان کە لەواندا نیزامی لیبراڵ ـ دنیایی لە سەر بنەمای بایەخە کەرەسەیی و پێکهاتە قووچەکییەکان پێکهاتوە و دەسەڵاتی سیاسی تایبەتی و یاسایی ـ پیرۆز نین. لە ئێراندا نیزامی کویی ـ پیرۆز لە سەر بنەمای بایەخە ئایینییەکان و پێکهاتەی هیرارشی پێك هاتوە کە لەودا بە هۆی ئایینی بوونی بایەخەکان کە نیزام لە سەر بنەمای ئەوانەدا پێك هاتوە، دەسەڵات شێوەی تایبەتی هەیە و بە هۆی پێکهاتەی هیرارشییەوە، ئاستی وەڵامدانەوەی زۆر لە خوارێیەو کەڵك وەرگرتن لە زۆر لەم نیزامەدا ئاساییە.



زانایانی سیاسی چەکی باڵبەندی بە سێ شێوە بە کا دێنن.

١ـ باڵ بە مانای پێکهێنانی گرووپ لە نێو حیزب یان رێکخراوێکی سیاسیدا.

٢ـ باڵ بە مانای پێکهێنانی گرووپ لە شەڕی نێوخۆییدا.

٣ـ باڵ بە مانای پێشبڕکی لە نێو نیزامێکی سیاسیدا.

نموونە بۆ ژمارەی ١ـ، پێکهاتەیەکی دێموکراتیك کە لەواندا نیزامی حیزبی پێك هاتوەو جێگیر بووە، نموونە بۆ ژمارەی ٢و٣، لە وڵاتگەلی یونیتری و تاقە پێکهاتەیی لە بواری دەسەڵاتی سیاسی کە خاوەنی پێکهاتەی توتالیتاریستین، بەدی دەکرێ. پێکهێنانی باڵ یان گرووپ بەندی لە شەڕی نێوخویی کە ماوەی سێ ساڵ بوو، کە لە سەرکەوتنی شورش تا ساڵی ٦٠. بەدی دەکرێ، باڵبەندی لە ژێر ناوی پێشبڕکی لە نێو نیزامێکی سیاسی لە گەڵ بارودۆخی ئێران لە دوای شەڕ لە ساڵی ٦٧ تا ئەورۆ کە گرووپ و رەوتەکانی نێو دەسەڵات، سنووریان روونتر بۆتەوە، دەگونجێ، ئەم رەوشە بە هۆی نەبوونی باوەڕ بە دێموکراسیی لیبراڵ، کە بە بەرهەمی مادییان دەزانی، بوو بە هۆی ئەوەکە لە ئێراندا نیزامێکی حیزبی پێك نەیە.

باڵە پێکهاتوەکان لە دوای سەرکەوتنی شورشەوە کە بەستراوە بە دەسەڵات بوون، بریتین لە:

١ـ باڵی لیبراڵ: ئەم باڵە بە رێبەریی بازرگان و لە گەڵ پێکهاتنی دەوڵەتی کاتی لە دوای سەرکەوتنی شورشدا، پێك هات. بە شێوەیەك کە زۆربەی کەسایەتییەکانی دەوڵەتی کاتی، لەم باڵەدا بوون و بۆ ماوەی ٩ مانگ درێژەی کێشا، بەڵام بە دوای ململانێ لە گەڵ هێزە رادیکاڵ و شورشییەکان کە لە لایەن پوپولیزمی مەزهەبی و رێبەرییەوە پشتیوانییان لێ دەکرا و بە دوای داگیرکردنی باڵویزخانەی ئەمریکا لە تاران پاشەکشەی کرد. ئەم باڵە بە دوای خەباتی چەکدارانەی رێکخراوی موجاهێدینی خەڵك لە گەڵ نیزام و لە نێو چوونی گرووپە سەربەخۆکان دەستی بە تێکوشانی نێوە فەرمی کرد و ئێستایشی لە گەڵ بێ، بە هۆی نەبوونی کەشێکی دێموکراتیك لە بەشداری لە هەڵبژاردندا خۆ دەبوێرن. گرووپی فەرمیی ئەم باڵە، نێهزەتی ئازادییەو گۆڤارە فەرمییەکەشی "ایران فردا" یە ولە کەسایەتییە ناوبانگەکانی دەتوانین لە بازرگان، دوکتور یەزدی و عێزەتوڵڵا سەحابی ناو بێنین.

٢ـ باڵی حیزبوڵڵا: لە باڵە کونەکانی نیزامە، ئەم باڵە بە دوای سەرکەوتنی شورش لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە بنیاتە شورشییەکان دەبێ لە دەرەوەی دەزگای دەوڵەت پێك بێن، تا نیزامی نوێ لە بەرامبەر ١ بەنیسەدرو موجاهێدینی خەڵك دا لە ژێر ناوی حیزبوڵڵا دەستی دایە شەڕگەلێکی خوێناوی کە لە ئاکام دا لە بەرانبەر بەنیسەدر و موجاهێدیندا سەرکەوت. لە دوای دروستبوونی ناکۆکی لە ئاستی بەرزی رێبەریدا لە مەڕ مەسەلە ئابووری و نێونەتەوەییەکان، باڵی حیزبوڵڵا بە رێبەریی میرحسینی مووسەوی، باڵادەستیی سیاسیی خۆی پاراست و نەیارانی خستە پەراوێزەوە. بەڵام لەم ناکۆکییەدا، گەرای دوو باڵی نوێ کە دواتر لە بەرانبەر ئەو باڵەدا راوەستان، پێك هات. ئەم دوو باڵەش لە گەڵ هزری حیزبوڵڵادا دژایەتییان هەبوو و بە جێگای دروشم، کە تایبەت بە حیزبوڵڵا بوو، زیاتر خۆیان بە خێرخواز و پراگماتیست پیشان دەدا. تایبەتمەندییەکانی حیزبوڵڵا، بەم جۆرەن کە ئەم باڵە لە ژێر کاریگەریی رادیکالیزمی کومەڵایەتیدایەو بۆچوونی لە سەر مەزهەب لە ژێر کاریگەریی ئەو هۆکارەدایە. پاڵ پێوەنەرانی حیزبوڵڵا چینی خوارووی شاری و چینە نێونجی و رووبە خواروەکانن، لە بارودۆخی نێوخۆییدا حیزبوڵڵا، بە توندی دژی پێکهاتنی ئاخێوی سیاسی لە نێو چین وتوێژەکانی کومەڵگا بە تایبەت رووناکبیرو رەوتە لیبراڵەکانن. بە دوای وەرچەرخانی ئیستراتیژیکیی هێندێك لە پێشڕەوەکانی حیزبوڵڵا، بەرەو رێفورمخوازی لە دەیەی حەفتا بەم لاوە، پاشماوەی ئەو رەوتە، بە رێکخستنی هێزەکانی خۆی لە کومەڵی پاریزگاری لە بایەخە ئیسلامییەکان "ئەنساری حیزبوڵڵا" کومەڵی خۆنەویستانی "ایشار گران" شورشی ئیسلامی لەو دوایانەشدا "کومەڵی ئابادگەرانی ئێرانی ئیسلامی" جووڵانەوەی سیاسیی روونتریان دەست پێکردەوە. ئەم باڵە رەوشتی دژی لیبراڵیی خۆیانیان پاراست، بلاوکراوە گەلێکی وەك: "کەیهان"، "جمهووری ئیسلامی"؟؟ پەرەپێدانی هزری حیزبوڵڵایان دەر دەکردو کەسانێك وەك ئایەتوڵڵا میسباح یەزدی، ئایەتوڵڵا ئەحمەد جەننەتی و حوجەتولئیسلام محەممەدی رەی شەهری لە لایەنگرانی ئەو رەوتەن. پێگە سەرەکییەکانی ئەم رەوتە، بێجگە لە چینی خواروی شار، بنیاتە شورشییەکان وەك سوپاو بەسیجن.

٣ـ باڵی نێونجی: دوای تەواو بوونی شەڕ، لە ساڵی ٦٧و تێکشکانی ئیستراتێژیی نیزامی ـ سیاسیی ئێران، دروشمی "رێگای قودس بە کەربەلادا تێپەڕێ"ی باڵی حیزبوڵڵا، کە تیوریسیەن و دارێژەری ئەو ئیستراتێژییە بوو، دەسەڵاتی خۆی لە دەست دا. لە جێگای ئەو باڵی نێونجی کە بەرژەوەندیخواز بە نێوبانگ بوو دەسەڵاتی بە دەستەوەگرت و ئیستراتێژیی خۆی لە سەر دوو بنەمای چاکسازیی ئابووریی و بەرژەوەندیخوازی لە سیاسەتی دەرەوەدا دارشت. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم باڵە، بە پێچەوانەی حیزبوڵڵا ئەوەیە کە لە شێوەکاری سیاسیدا نەرمترە. ئەم باڵە لە نێو دەزگا دەوڵەتییەکان، بەرپرسانی دەزگا بەرێوەبەرایەتییەکان، کە خاوەنی پلەی نێونجی و بەرزن، پێگەی هەیە و بە هۆی ئەوەوە کە حیزبوڵڵا، بوروکراسی وەك جۆرە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ـ هزری نارەواو غەیری مەزهەبی و نوێخوازی دەزانێ، خوازیاری بەشداری لەودا نەبوو، بۆیە باڵی نێونجی توانیی بە ئاسانی ئەو پلەوپایانە بە دەست بێنێ. بە واتایەکی دیکە باڵی نێونجی پتر لە هەموو باڵەکان بوروکرات و تێکنوکراتە, لە ساڵی ١٣٧١ لە خولی چوارەمی پارلمانیدا، یەکیەتیی باڵی نێونجی و باڵی راست توانیی، زورینەی پارلمان بە دەست بێنێ. هاشمیی رەفسەنجانی، ئاغازادە بەرپرسی رێکخراوی وزەی ئەتومی، نێعمەت زادە بەرپرسی پتروشیمیی ئێران، کرباسچی شارەوانی پێشووی تاران، عبدوڵڵا نووری وزیری پێشووی دەوڵەت، حەسەن رووحانی جێگیری بەرپرسی پێشووی پارلمان و بەرپرسی پێشووی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و عەتائوڵڵا موهاجیرانی وەزیری پێشووی ئیرشاد، لە کەسایەتییەکانی ئەو باڵەن. حیزبی "کارگوزارانی سازندەگی" گرووپی فەرمیی ئەو باڵەیە و رۆژنامەی "همشهری" (بۆ ماوەیەك)، "اطلاعات" و"شرق" لە بلاوکراوە هزرییەکانی ئەو باڵەن.

٤ـ باڵی راست: باڵی بە ناو، راست کە بە شێوەیەکی بەرین لە خولی چوارەمی پارلمان ریشەی داکوتا. ئەو باڵە لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پارلمان بە

**بە لەبەرچاوگرتنی ریشەی فەرهەنگیی باڵی راست، ئەو باڵە لە کاروباری ئابووریدا، بە بازار نێزیک دەکاتەوە و بازارییەکان هاوپەیمانی کۆنی ئەو رەوتەن.**

دروشمی پشتیوانی لە رێبەرو سەرکۆمار لە بەرامبەر حیزبوڵڵادا راوەستاو بە هێزەوە سەرکەوت، بەڵام پاش دووساڵ، هیدیهیدی هێڵی خۆی و باڵی خۆی لە باڵی نێونجی جیا کردەوە، ئەو باڵە لە پارلمانی پێنجەمدا لە ساڵی ١٣٧٥، جارێکی دیکە زۆرینەی پارلمانی بە دەست هێنا. ئەم باڵە پتر لە هەر شتێکی دیکە، ئیدیولوژیی و پێگەی خۆی لە هزری کۆنی شیعە بە دەست هێناوە

ئەم باڵە تا شۆرشی ١٣٥٧ جیایی نێوان سیاسەتو مەزهەبی قەبوڵ کردبووو دەوڵەتی بەکردەوە بەداگیرکەری مافی ئیمامەکان دەزانی لە روانگەی باڵی راستەوە، رەوایی نیزامی پێکهاتووی مەزهەبی، زیاتر لە هەموو شتێك لە سەر بنەمای فەرمان و رای فەقیەو زانایانی ئایینیە، ئەم باڵە بە گشتی پاوانخوازو خوازیاری پاراستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە کونەکانە. بە لە بەرچاوگرتنی ریشەی فەرهەنگیی باڵی راست، ئەو باڵە لە کاروباری ئابووریدا، بە بازار نێزیك دەکاتەوە و بازارییەکان هاوپەیمانی کۆنی ئەو رەوتەن. بە گشتی ئەم رەوتە لە بەشگەلێك لە "حەوزەی عیلمیە"و "کوڕی روحانییەتی خەباتکار"و بیناتگەلێك وەك یانەی بازەرگانی دەستیان هەیە. وەڤدە یەکگرتوەکانی ئیسلامی و "کوڕی روحانییەتی خەباتکار" بنەمای تەشکیلاتیی باڵی راستن. رۆژنامە،"رسالت" بڵندگوی ئەم رەوتەیە. حوجەتولئیسلام ناتق نووری، ئەسەدوڵڵا بادامچیان، عەلی فەلاحیان، عەلی لاریجانی، مورتەزا نەبەوی و حەداد عادڵ لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەم باڵەن.

٥ـ باڵی رێفورمخواز: ئەم باڵە بە شێوەیەکی روون بەرهەمی پێداچوونەوەی هێزە پێشڕەوەکانی حیزبوڵڵا لە هەڵویستەکانی رابردوویانە. ئەم باڵە لە سەرەتادا، بەتوندی لە بەرامبەر باڵی نێونجیو راست راوەستا. بەڵام هێواش هێواش چووە ژێر چەتری پشتیوانیی باڵی نێونجییەوە و بە پشتیوانیی باڵی نیونجی خاتەمی پالێوراوی ئەو باڵە توانیی لە جۆزەردانی ١٣٧٦دا ببێ بە سەرکۆمار.

گرینگترین هەڵویستی ئەو باڵە ئەوەیە کە لە سەر نیازی جێبەجێکردنی یاسای بنچینەیی و پاراستنی مافەکانی خەڵك و پەرەپێدانی ئازادییە سیاسییەکان پێدادەگرێ، لە روانگەی ئەم باڵەوە زەمانەتی ئازادییە سیاسییەکان کە لە یاسای بنچینەییدا هاتون گرینگترین کەرەسەن بۆ پەرەگرتنی کۆمەڵگاو، ئاوردانەوە لەم مەسەلەیە لە مەسەلەکانی دیکە گرینگترە. باڵی چەپ (رێفورمخواز)، باڵی راست بە پاوانخوازی مەحکووم دەکاو لە سەر تێکشکاندنی باڵی راست پێ دادەگرێ. روونترین تەشکیلاتی ئەم باڵە، گرد بوونەوەی رووحانییەتی خەباتکار (کە لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنەکانی پارلمانیدا لە ساڵی ١٣٦٧ لە کومەڵی روحانییەتی خەباتکار جیا بوونەوە) موجاهیدینی شورشی ئیسلامی ، حیزبی موشارێکەتی ئێرانی ئیسلامی و حیزبی هەمبەستەگییە. کەسایەتیگەلێك وەك سەید محەممەدی خاتەمی، بێهزاد نەبەوی، موحسین ئارمین و مەهدی کەرووبی لە کەسایەتییە بە ناوبانگەکانی ئەم باڵەن. ئەو گۆڤارانەی کە دەربڕی روانگەی ئەم باڵە بوون بریتی بوون لە "سلام" "عصرما" همبستگی" "بیان" "مردم سالاری"و تارادەیەکیش "شرق" بە دوای تەواو بوونی سەرکۆماریی خاتەمی بۆ خولی نوهەم، باڵی حیزبوڵڵای سوننەتی کە هاوپەیمانێکی کۆنی باڵی راستە، توانیی لەو کەشەی کە لە ناوخوو دەرەوەدا پێك هاتبوو کەڵك وەربگرێ و بە پشتیوانیی ناراستەوخوی رێبەری و تێکوشانەکانی مەهدی خامینەی ( کوڕی رێبەر) و پشتیوانیی راستەوخۆی میسباح یەزدی، کە لە سەردەمی خاتەمیدا بە تەواوی لە پەراوێز خرابوو و هێندێك لە ناوەندەکانی دەسەڵات و بنیاتە نیزامی و میلیشیاییکاندا بە شێوەیەکی کودتا ئاسا بە دەسەڵات گەیشت. دوو پالێوراوی ئەم رەوتە، سەردار قالیباف کە کومەڵی "خونەویستانی شورشی ئیسلامیی "ایثارگران" پیشتیوانیی لێ دەکردو ئەحمەدی نەژاد کە "ئابادگەرانی ئێرانی ئیسلامی" و سوپاو بەسیج پشتیوانییان لێ دەکرد، کە لە ئاکامدا ئەحمەدی نەژاد، بە دەسەڵات گەیشت. ئەم شانۆی هەڵبژاردنە بۆ پیشاندانی بوون و هێزی حیزبوڵڵا بوو، چوونکە دوو پالێوراوی حیزبوڵڵا لە نێو چوار کەسی دەوری یەکەم دابوون و پتر لە ٤٠٪ی کۆی دەنگەکانی بە دەست هێنا و باڵەکانی دیکە ٦٠٪ی دیکەی دەنگەکانیان بە دەست هێناو بە پشتیوانیی فەرماندەکانی سوپا ئەحمەدی نەژاد دەوڵەتێکی بە تەواوی نیزامیی هێنایە سەرکار.

# مین مەرگێکی شاراوەو نەدیتراو

## ساڵانە ٢٠هەزار کەس لە جیهان دا، بەهۆی تەقینەوەی مین دەبنە قوربانی

ئازاد کوردی

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕۆژی ٤ی ئاڤریلی، وەك ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی مینە زەوینەکان دیاری کردوە. مەبەست لە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە لە لایەك نیشاندانی پێشکەوتن لە بواری هەڵگرتن‌و نەهێشتنی مین‌و لە لایەکی دیکەوە مەترسیداریی مینگەلی بەجێماو لە وڵاتانی جیهان دایە.

دیاریکردنی ڕۆژێك لە ساڵدا وەك ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی مین، لە زیاتر لە ٨٠ وڵاتی جیهان دا، لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، گرینگی تایبەتی هەیەو ئەو ڕاستییەشمان بۆ دەسەلمێنێ کە لەگەڵ تەواوبوونی شەڕ لە زۆربەی وڵاتان، هێشتا مینەچێندراوەکان‌و تەڵەکانی تەقینەوە، هەڕەشەو مەترسیی گەورەن بۆ سەر ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتانە.

گەورەترین پەیمانی نێونەتەوەیی سەبارەت بە قەدەخەکردنی بەرهەمهێنان، ئەنبارکردن، بەکارهێنان‌و فرۆشتنی مینگەلی دژی‌نەفەرو لەنێوبردنیان، بە پەیمانی "ئۆتاوا" بەناوبانگە، کە لە ساڵی ١٩٩٧ لە وڵاتی کانادا بەستراو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم پەیمانەی وەك کونوانسیۆنێکی نێونەتەوەیی‌بۆ قەدەخەکردن‌و بەکارنەهێنانی مین پەسند کرد.

### کارنامەی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە نەهێشتنی مین

ئێران پاش وڵاتی میسر، دووهەمین وڵاتی جیهان لە بواری هەبوونی زیاترین ڕێژەی مینی نەتەقێندراو بەحیساب دێ. بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ساڵی ڕابردوودا ١٦میلیۆن مینی نەتەقێندراو لە ڕۆژئاوای ئێران بەجێماون. زۆربەی مین‌و ماددە تەقینەوەکان لە ئێران دا، لەنێوان سنوورەکانی باکووری ڕۆژئاڤا، ڕۆژئاڤاو باشووری ڕۆژئاڤای ئێران هەڵکەوتوون. سنوور یان حدوودێك کە هەر ٤ پارێزگای کوردنشین‌و چەند شاری عەرەب نشینی باشووری ڕۆژئاڤای ئێران دەگرێتەوە. مین‌و تەڵەکانی تەقینەوە لە ماوەی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران ـ عێراق دا بەکار هاتون، کە هەتا ئێستا پاکسازی نەکراون. بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی نێوخۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لە ٣ میلیۆن هێکتار لە ئەرزەکانی شارە سنوورییەکانی ڕۆژئاڤای ئێران، مینڕێژ کراون.

سەرەڕای پەژراندنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و کۆتایی هاتنی شەڕ لەنێوان ئێران‌و عێراق، لە ساڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨)، بەشێکی بەرین لە ناوچە مینڕێژکراوەکان هێشتا پاقژ نەکراون. کەتا ساڵی ١٣٧٦ (١٩٩٧)، تەنیا ٥٠ هەزار هێکتار لە ناوچەکانی مینڕێژکراو پاکسازی کراون. لەم ٨ ساڵەی دواییش دا، خەبات‌و پرۆژەیەکی ئەوتۆمان لە بەرپرسانی ڕێژیم بۆ نەهێشتنی مین لە ئێران دا نەدیتوە. ئەمە لە حاڵێك دایە ، هەر وەك پێشتریش باس کرا، زیاتر لە ٣ میلیۆن هێکتار زەویی مینڕێژکراو، لە ئێران دا هەیە. ڕەوتی پاکسازیی مەیدانەکانی مین نیشان دەدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوودجەو ئیمکاناتی زۆرکەمی ماڵی‌و مرۆڤیی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردوە.

### هەموو سنوورەکانی کوردستانی ئێران مینڕێژ کراون

بەهۆی هەڵکەوتنی بواری جوغرافیایی کوردستانی ئێران لەسەر خاڵە سنوورییەکانی ڕۆژئاڤای ئێران، ڕۆژ نیە کە ئێمە لە دەنگوباسەکان دا نەبیسین کە لە یەکێك لە شارەکانی کوردستانی ئێران دا، کەسێك یان چەند کەسێك، بەهۆی تەقینەوەی مینەوە ژیانیان لەدەست نەدەن یان ئەندامێك یان چەند بەش لە لەشی خۆیان لەدەست نەدەن.

کوردستان دەڤەرێکی دواکەوتووو بێبەش لەنێو وڵاتێکی پاشڤەڕۆدایە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەهۆی بێکاری، هەژاری‌و نەداری بە مەبەستی پەیداکردنی بژێوی بنەماڵەکانیان، ناچارن بەردەوام سەردان‌و هاتوچۆی سنوورەکان بکەن‌و بە کۆڵبەری‌و کاسبکاری ژیانی دژواری خۆیان بەڕێوە بەرن. بەڵام هەر ڕۆژ هەواڵی گرتن، دەست بەسەرداگرتنی کەرەسەکانیان، کوشتن، کێم ئەندامییان، بە گوێمان دەگا. لەوانە دڵتەزێنتر، دەبینین کە هێندێك لە کاسبکارانی زەحمەتکێشی کورد، بەهۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم لە شارو گوندە سنوورییەکان ژیانی خۆیان لەدەست دەدەن.

ئوستانەکانی ئیلام، کرماشان، ئازەربایجانی ڕۆژئاڤا، کوردستان‌و خووزستان، زیاترین ڕێژەی مینی نەتەقێنراویان هەیە کە لەم ٥ ئوستانە کەچواریان ئوستانی کوردنشینن. دەکرێ بڵێین سنووری هەر ٤ ئوستانی، کوردستانی ئێران، مینڕێژ کراون. خەڵکی شارەکانی شنۆ، پیرانشار، دیواندەرە، سەردەشت، ورمێ، پاوە، نەغەدە، بانە، مەریوان‌و هەموو شارەکانی ئوستانەکانی کرماشان‌و ئیلام لەگەڵ خەتەری مەترسیداری مین بەرەوروون.

لەو نێوەدا، شارەکانی ئوستانی ئیلام، زیاترین ڕووبەری ناوچە مینڕێژکراوەکانی ئێران پێك دێنن. ئیلام ٤٣٠ کیلۆمێتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ عێراق دا هەیەو بە وتەی بەرپرسانی ڕێژیم زیاتر لە یەك میلیۆن‌وحەوت سەدهەزار هێکتار، ناوچەی مینڕێژکراوی لەخۆ گرتوە. بەدوای شەڕدا، تەنیا لە شاری ئیلام دا ٨٠٠ کەس بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون‌و ١٣٠٠ کەسیش بریندارو کەم ئەندام بوون. بە وتەی ئوستانداری ئیلام، لەدوای ڕووخاندنی ڕێژیمی بەعس لە عێراق دا تا ئێستا لە ئوستانی ئیلام دا ٣٠٠ کەس کوژراون‌و بە دەیان کەسیش بریندار بوون. هەروەها شارەکانی شنۆ، پیرانشارو سەردەشتیش، ژمارەیەکی زۆر قوربانیی تەقینەوەی مین یان لە ساڵدا تێدایە. بەپێی وتەکانی ڕۆژنامەڤانی کورد، خوسرەو کوردپوور لە بۆکان، بە شێوەیەکی گشتی لە هەر ڕۆژێك دا لە سەرانسەری ڕۆژئاڤای ئێران، نزیك بە ٢٢ کەس بەهۆی تەقینەوەی مین‌و تەڵەکانی تەقینەوە بریندار دەبن‌و هێندێکیشیان دەکوژرێن.

تەقینەوەی مین‌و تەقەمەنییەکانی تر، بۆ دانیشتوانی شارو گوندەکانی کوردستانی ئێران وەك شتێکی عادەتی‌و ئاسایی لێ هاتوە. سەرەڕای ئەم ڕاستییە کە ڕێژیم هیچ گرینگی‌یەکی بۆ شارە کوردییەکانی ئێران لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و... نەداوە، بەڵام ئامادەیە بە میلیونان دۆلار سەرمایە بۆ یارمەتی‌و پشتیوانی لە هێزە توندڕەوو تیرۆریستەکان‌و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی‌تر سەرف بکا. لە حاڵێك دا دەبینین کە لە شارەکانی کوردستانی ئێران دا ڕۆژانە بە دەیان کەس بەهۆی تەقینەوەی مین، دیاریی شەڕی ئەقڵییەتی ڕادیکاڵی خومەینی‌و کاربەدەستانی دیکەی کۆماری ئیسلامی دەکوژرێن‌و بریندار دەبن، کەچی ڕێژیم هیچ بایەخێك بەم کێشەیە نادا‌و حازر نیە کە لە هەڵمەت‌و عەمەلییاتێکی خێرادا مینەکان پاکسازی بکاو خەڵکی کوردستانیش چی‌دیکە نەبنە قوربانیی مین.لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە بەرپرسێکی وەزارەتی (پاراستن)ی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەم دواییانە ڕایگەیاند کە ڕەنگە عەمەلییاتی لەنێوبردن‌و پاکسازیی ناوچە مینڕێژکراوەکانی ڕۆژئاڤای ئێران ٥ دەیە (٥٠ ساڵ) کاتی بوێ.

ئێستا لە هێندێك وڵات دا کە مینیان تێدایە بە یارمەتی‌و هاوکاریی ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان، پێشکەوتنی بەرچاو لە بواری پاکسازیی مەیدانەکانی مینەوەدا، هاتۆتە دی. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتێکی وەك ئەفغانستان بکەین کە چەندین ساڵ تووشی شەڕ ببووو ماوەیەکە بە یارمەتیی ڕێکخراوگەلی نێونەتەوەیی، بەشێکی زۆری ناوچە مینڕێژ کراوەکانی، پاقژ کردۆتەوە.

حەتا چاوەڕوانی هەنگاوو هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ هەڵگرتن‌و لەنێوبردنی مینەکان بین، هەموو ڕۆژێك شاهیدی کوشتن‌و بریندداربوون‌و کەم ئەندامبوونی خەڵکی ئێران‌و، لەو نێوەدا زیاتر لە هەموویان کوردەکان دەبینین. بۆیە پێویستە داوای یارمەتی‌و هاوکاری لە ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی‌و NGOکان‌و مرۆڤدۆستان بۆ بەشداریی ئاکتیڤ‌و چالاکی ئەوان لەم بوارەداو چێکردنی وڵاتێکی بێ‌مین‌و ماددە تەقەمەنی‌و تەڵەکانی تەقینەوە بکری.

ئەگەر کاسبکار، کۆڵبەر، جووتیار، ئاژەڵدار، منداڵان‌و خەڵکی سیڤل‌و... ترس‌و نیگەرانی‌یان لە هەبوونی مین‌و ماددەکانی تەقینەوەیان هەیەو ژیان‌و کارو خەباتی ئەوانی لەگەڵ مەترسی‌و خەتەردا بەرەوروو کردوە، ناحەق نین ئەگەر خەڵك لە سەرمین ناوی بکوژانی شاراوەو نهێنی دادەنێ. ئەمانەو زۆر ئەگەری دیکە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە دەبێ ئاگادارو هوشیاری ئەم لێستە گەورەو بێچارەسەرییە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران بین‌و زیاتر هەنگاوی جیدو کارای بۆ هەڵگرین.



## لەم دوایانەدا بە هۆی تەقینەوەی مین لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا کۆمەڵێك خەڵکی مەدەنی کوژران‌و کەم ئەندام بوون

## بۆنموونە:

### سەقز

ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوە، دوو میرمنداڵ لە گەڕەکی بەهارستانی سەرووی سەقزدا کەوتنە سەر مینی چێندراوی سوپای پاسداران‌و بە توندی برینداربوون. ئومید شامحەممەدی، کوڕی حوسێن، تەمەن ١٣ ساڵە، قوتابیی ٢ی ناوەندی، دەست‌و لاق‌و دەم‌و چاوی بریندار بووەو تەها مورادی، کوڕی عەتا، ١٣ ساڵە، قوتابیی ٢ی ناوەندی، کەڕ بووە.

* ڕۆژی ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٥، لاوێکی ١٥ ساڵان، بەناوی نیزام شەهابی، کوڕی عومەر، خەڵکی گوندی وزمان، لە ناوچەی سەقزبەهۆی تەقینەوەی مین لە دەوروبەری مۆڵگەیەکی کۆنی ڕێژیم دا لە گوندی ناوبراو، هەردوو دەست‌و چاوی لەدەست داو بە توندیش لە سەروسینەوە بریندار بوو.

ناوبراو ئێستا لە نەخۆشخانەیەو مەترسیی گیان لەدەست دانی زۆرە.

دیاریی ڕێژیمی دژی‌گەلیی ئاخوندی، پاش نزیکەی ٢٨ ساڵ بۆ خەڵکی مەینەتباری کوردستان، پاشماوەی مینە چێندراوەکان لە مولگە کۆنەکانی‌دایە!! چونکە نایەوێ خەڵك بۆ ساتێکیش لە نەبوونی سێبەری پڕ لە نگریسی بحەسێنەوە.

### سەردەشت

ڕێکەوتی ١٣٨٥/١/٢٤، کاروانی کاسبکارانی گوندی "کونەمشکێ"ی سەردەشت لە چیای بلغەت دا، کەوتنە نێو مەیدانی مین‌و بەهۆی تەقینەوەی مینەوە کەسێك بەناوی عووسمان عەبدوڵڵایی گیانی لەدەست داو سێ‌کەسی دیکەش بەم ناوانەی خوارەوە بریندار بوون:

- ڕەحمەت عەبدوڵڵایی
- کامران خەیاڵی
- ئومید خەیاڵی

سەرجەم کوژراوو بریندارەکان خەڵکی گوندی کونەمشکێن.

### سنە

ڕۆژی شەممە، ١٣٨٥/١/١٩، قوتابی‌یەك بەناوی سیروان سەڵواتی، قوتابیی پۆلی یەکەمی دواناوەندی لە قوتابخانەی خەیام لە گوندی "سەڵوات ئاوا"ی سنە، بەهۆی تەقینەوەی مینەوە لاقێکی لەدەست دا.

شایانی باسە کە قوتابخانەی کوڕانەی گوندی سەڵوات ئاوا لەسەر گردێك سازکراوە کە پێشتر پایەگایەکی نیزامی بووە. دەوروبەری ئەم پایەگایە کە بە مین چێندراوە، پاش چۆڵکردنی، لە لایەن هێزە دژی‌گەلییەکانی ڕێژیمەوە لەو مینانە پاك نەکراوەتەوە. ئیدارەی ئاموزش‌و پەروەرشیش کە هەمووکات لەبیری لەشساغی‌و پێگەیاندنی قوتابییان دایە!!! لەم پێوەندییەدا هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشتووە.

تەقینەوەی پاشماوەی ئەو مینانە تا ئێستا بۆتە هۆی کوژران‌و برینداربوونی ژمارەیەك لە خەڵکی گوندی ناوبراوو قوتابییانی ئەو قوتابخانەیە.

هەروەها تا ئێستا سەرەڕای داخوازیی خەڵك لە بەرپرسانی پێوەندیدار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، لە لایەن ئەوانەوە هیچ هەنگاوێك نەهاوێژراوە.

کۆماری ئیسلامی بەم کردەوەیەی دەیەوێت قوتابییانی کورد وەك "حوسێن فەهمیدە"و بەسیجی‌یە توندڕەوەکان ڕابێنێت کە لە چوونەسەرمین‌و مین بەخۆدا تەقاندنەوە نەترسن!!!



## دەقی تەواوی وتووێژی دەنگی ئامریکا بەشی فارسی لەگەڵ خوسرەو کورد پوور، ڕۆژنامەنووس لە کوردستانی ئێران، سەبارەت بە کارنامەی مافەکانی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێران دا

**ئاغای خوسرەو کوردپوور بە تەواوبوونی ساڵی ١٣٨٤و دەسپێکردنی ساڵی نوێی هەتاوی، دەکرێ لێکدانەوەیەك یان کۆبەندییەکی گشتی لەسەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ یان لە ڕاستی‌دا ڕەچاوکردن یان ڕەچاونەکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران دا بهێننە ئاراوە؟**

ئەگەر بمەوێ ڕاپۆرتێکی کورت لە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لەم یەك ساڵەی دوایی‌دا بەگوێی بیسەرانی بەڕێز بگەیەنم لە سەرەتادا دەبێ ئاماژەیەکی کورت بە ڕەوشی بڵاوکراوەکان‌و نووسەران بکەم.

لە دواین ڕۆژەکانی ساڵی ڕابردوودا لە کرماشان یەکێك لە ڕۆژژنامەنووسەکانی حەوتوونامەی "ندای وقت" بەناوی شەهسەوار بەستامی دەستبەسەر کرا.

لە سنەدا حەوتوونامەکانی "ئاسۆ" و "پیام مردم" داخران‌و هەروەها حەوتوونامەی ئاشتی هەروا لە مەترسیی داخران دایە. هەروەها ئاغای ئیرەج عیبادی، سەردەبیری حەوتوونامەی "کەرەفتوو" بانگ کرایە دادگا.

لە ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەك لە چالاکانی مەدەنی‌و سیاسی بانگ کران‌و دەستبەسەرکران کە دەتوانرێ ئاماژە بەمانەی خوارەوە بکرێ:

لە ڕەوتی ئاڵۆزییەکانی هاوینی ڕابردوودا لە سنە ئیجلال قەوامی، سەعید ساعدی‌و ڕۆئیا تلووعی لە چالاکانی مەدەنی دەستبەسەرکران‌و چوونەدەرەوەیان قەدەغەکراو محەممەدڕەزا عەلیخانی‌و مورتەزا سلێمانی، بە داخەوە هەروا لە بەندیخانەدان‌و ئاغای مادێح ئەحمەدیش دەستبەسەرکرا. حوسێن محەممەدی‌و محەممەد دەرەوەزمی لە چالاکانی سیاسی بانگ کرانە دادگا.

لە شارستانی سەقزیش دا لە ساڵی ڕابردوودا بورهان دیوارگەر لە چالاکانی مافەکانی منداڵان دەستبەسەرکراو تاهیر عەلیپوور لە چالاکانی سیاسی خرایە بەندیخانەوە. هەروەها مەحموود ساڵحی‌و جەلال حسێنی لە چالاکانی کرێکاری، بڕیاری خرانە بەندیخانەیان لەسەر درا. ژمارەیەك لە دەستبەسەرکراوانی ئاڵۆزییەکانی هاوینی ڕابردووی سەقز بانگ کراونەتە دادگا کە دەتوانم ئاماژە بەم ناوانەی خوارەوە بکەم:

عەبباس ڕەزازادە، فەتاح ڕەزازادە، هادی حەیدەری، پەیمان مێهری، لوقمان مێهری، محەممەد ساڵح نەسری، کەیوان قارەمانی، حەسەن نووری، لوقمان خەیاتباشی، ئەفشین محەممەدی‌و مستەفا تۆفیقی.

ساڵی ڕابردوو لە شارستانی بۆکانیش دا ئەمیر عەبدوڵڵازادە، ڕۆژنامەنووسی کورد، دەستبەسەرکراو بانگ کرایە دادگاو هەروەها سمکۆو عەلی پاسباریش دەستبەسەرکران‌و سمکۆ قادرپوورو کەماڵ پەرویزیان بڕیای خرانە بەنداخانەیان لەسەر درا.

لە ساڵی ڕابردوودا لە شارستانی مەهابادیش دا، سامان ڕەسووڵپوور، شەریف محەممەدئەمینی، عەزیز محەممەدئەمینی، زەینەب بایزیدی، غەفوور محەممەدی، قادر خرامانفەرو عەزیز عەبدوڵڵایی دەستبەسەرکران‌و عەزیز محەممەد جانی‌و خالق حەمدزادە تا ئێستاش لە بەندیخانەدان.

# تەوەرێك لە سەر تیرۆریزم

هوشیار ئەحمەدی
hoshearahmady@yahoo.com

## تیرۆریزمی نێو دەوڵەتی (جیهانی):

کاتێك باس لە سەردەمی ئینفۆرماتیك و گلوبالیزم هاتە ئاراوە، دەبوایە روانگەکان بەگشتی بەنیسبەت جیهان و رەهەندە پێکهێنەرەکانیەوە بگۆڕدرایە، کە وا نەبوو، ئەوەی کە هەوڵی گلۆبالیزە کردنی بە چڕی دەدرا نە هەموو لایەنەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگای جیهانی، بەڵکوو شەپۆلێك لە بەشێکی کاریگەر لەو فاکتەرانەی گلۆبالیزم بوو، لێرەدا پرسیارێك دەورۆژێ، چ شوپۆلێك؟ کام بەش؟ بۆچی کاریگەر؟ بۆ ئەوەی بتوانین باشتر بچینە ناو باسەکەوە و وردتریش لە مەبەستەکانمان کۆڵیبێتەوە، پێویستە ئاورێك لە قوناغەکانی بنج گرتنی، توندوتیژیی سیستماتیك لە جیهان دا بدەینەوە.

بێ گۆمان هەر مرۆڤێکی سیاسی، کەم یان زۆر لە قوناغە جیاجیاکانی شەڕی جیهانیی یەکەم، شەڕی جیهانیی دووهەم، شەڕی سارد، رووخانی بلووکی سوڤیەت و تەك جەمسەر بوونەوەی جیهان، ئاگادارە. چوونکی بە خوێندنەوەیەکی دیکە، بە هاتنە ئارای ئەم قۆناخانە فونداسیونی جیهانێك هەڵ وەشێنرایەوە و جیهانێکی نوێی لەسەر ئەساسی ئەو هاوکێشە سیاسییە نوێیانە بینا نرایەوە کە دەکرێ بە ئاخێزگەی بەشێکی زۆر لە قەیرانە هاوچەرخەکانی دنیای بزانین، ئەو قۆناخانە بە دەستەواژەیەکی دی مەیدانی پێکدادانی ئیدئولوژییەکان بوون، ئامانج و بیرۆکەی هەرکام لەو ئیدئولوژیانە، دەیتوانی پەیکانی نێزەی ئاڵۆزییەکی بەردەوام بێ، ئیدئۆلۆژیی دۆڕاوی نازیسم لەلایەك ئاڵای ڕاسیستی بەسەر نێزەی تیرۆریزمەوە کردبوو، فاشیستەکان خۆیان لە هەموو کەسێك پێ شایستەتر بوو، بۆ ئەو دەسەلاتەی کە بە مافی خۆیانیان دەزانی، کەوابوو لە ئەوانیش دژکردەوەیەك دوور لە نازیستە براکانیان چاوەڕوان نەدەکرا، ئیدەی کۆمونیزم و سوسیالیزمیش کە کارێکی یەکجار زۆری لە بەشێك لە کۆمەڵگاکاندا کردبوو و خۆی بە ئاڵاهەڵگری بیری شوڕشگێڕی ئەو کاتە دەزانی و لەواقعیش دا بەشێك لە فاکتەرەکانی لەباربوون، حازر نەبوو مەیدانداری بە هیچ لایەنێکی دیکە بسپێرێ، لەلایەکی دیکەوە نەتەوەکان و ڕەهەندی ناسیونالیزم لەنێویاندا بەهۆی دەرك کردن بە مەترسیی توانەوەیان لە نێوان ئەو چەند هاوکێشە ئیدئۆلۆژییانەدا لە هەوڵی خۆ رێکخستندا بوون، پێکدادانی ئایینەکان، بەتایبەت ئیسلام و جوو لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا، بووە هۆی کردەوە و دژکردوەی توند لەنێوان ئیسلام، وەکوو ئیسلامی سیاسی یان ڕادیکالیزمی ئیسلامیو جووەکان وەکوو بزوتنەوەی سەهیونیزم، بەڵام ئەمانە بەشێك لە کێشەکە بوون، لەبەرامبەر ئەو تەووژمە ئاڵۆزانەدا چەمکی ئازادی و دێموکراسی بە هەموو واتاکانیانەوە لە ئەوبەری مەیدانەوە راوەستابوون.

**ئەوە دەسەڵات و سەنگ و هێزە، پێناسە بۆ بەشێك لە چەمکە سیاسییەکان دەکاو هەر ئەویشە مکانیزمیان بۆ دادەرێژێ و دەیانخاتە قۆناخی پراکتیکەوە**

مەبەستم لێرەدا تەنیا ئاماژە بەو فاکتەرانەی پێکهێنەری ئەو ئاڵۆزاوییە بوون کە دەتوانین بە ئاخێزگەی توندوتیژی لەئاستی جیهاندا یان بە واتایەکی دیکە تیرۆریزمی جیهانییان نێو بەرین.

هەروەها کە گوتمان دەکرێ خوێندنەوەی جیاواز و جۆراوجۆر بۆ ڕەهەندەکانی دیکەی تیرۆریزم بکرێ، هەروەها دەکرێ ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز بۆ تیرۆریزمی نێودەوڵەتی یان جیهانی هەبێ، بەڵام پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد کە ئەوە دەسەڵات و سەنگ و هێزە، پێناسە بۆ بەشێك لە چەمکە سیاسییەکان دەکاو هەر ئەویشە مکانیزمیان بۆ دادەرێژێ و دەیانخاتە قۆناخی پراکتیکەوە.

ئەگەر نەختێ بە وردی سەرنج بدەینە جیهانی پێش شەڕی سارد و پاش شەڕی ساردیش، بە ڕوونی دەرك بە بوونی تیرۆریزم لە ئاستی جیهانیدا دەکەین. بۆ دەرکەوتنی راستیی ئەم قسەیەش دەتوانین لە کردەوەی هێزە پولیسی نهێنی و دەزگا سیخورییە بەهێزەکانی جیهان بکۆڵێینەوە، ئەو کاتەیە کە بێگۆمان بۆمان دەردەکەوێ چ هێز، گرۆپ، لایەن، حیزب و دەوڵەتگەلێکی تا سەر ئێسقان تیرۆریست بە پیلان و پشتیوانیی دەسەڵاتدارانی زلهێز بوون بەهێز و پاڵپشت بۆ تیرۆریزمی جیهانی، بەڵام لەبیرمان نەچێ، گوتم ئەوە هێزە، واتای سیاسی دەبەخشێ و پێناسەکان دیاری دەکات، دەسەڵاتدارانی بەهێز یاریکەری مەیدان بوون و مینی هێزەکان بەتەنیا کارت یان مۆرەی ئەو یارییە بوون. کەواتە ئەوە یاریکەرەکان بوون کە سەنگ و هێزیان دەدایە کارت یان مۆرەکان. زۆرجار تەنانەت کارت یا مۆرەکەیان وەکوو پێویستی یاریی سیاسی دەسووتاند، وەکوو قوربانییەك بۆ باشتر بەرێوەچوونی یارییەکە و ڕاگرتنی باڵانسە سیاسییەکان و لە ئاکامدا کەوتنەوەی دەستکەوتی سیاسیی دڵخواز، بەرهەمی ئەو یارییە سیاسییانە سەرهەڵدانی دەوڵەت و نیزامگەلێکی توتالیتار بنئاژوو لە جیهاندا بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەت بوو، وەکوو سێ وێنەی دیار و ناسراو دەتوانین ئاماژە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، عێراقی ژێر دەسەڵاتی بەعس و ئەفغانستانی ژێر دەسەڵاتی تاڵیبان بکەین.

ئەو نیزامانەی ئاماژەیان پێ کرا سێ وێنەی راستەقینە و سەلمێنەری ئیددیعاکانی ئێمەن، سێ دەسەڵات کە خاوەنی هەموو فاکتەرەکانی سێ نیزامی توتالیتارن، کەس ناتوانێ نکۆڵی لە پشتیوانیی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی زلهێزان لەو نیزامانە بکات، ئەو هێزانە بۆ ماوەیەك کارتی هاوکێشە سیاسییەکان بوون، مافی مرۆڤ، ئازادی، دێموکراسی، و تیرۆریزم گرینگ نەبوون، چونکی ئەوان پێویستیی ئەو قۆناخە بوون، بە پێچەوانەوە رەنگە بە حکوومەتگەلی خەڵکی، مەشرووع و دێموکراتیش ناودێر کرابایان، ئەوە لەحاڵێکدا بوو کە نێوەرۆکی ئەو دەوڵەتانە بۆ جیهان ڕوون و ئاشکرا بوون، بەڵام ئیتر سەردەمی یارییپێکردنیان بەسەر چووە کەم کەم کامێرای ڕاگەیەنەکان، هەواڵدەر و ژورنالیستەکان ڕوویان کردە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تریبوونەکان دژی دەوڵەتانی توتالیتار وەرچەرخان، سەردەمی حکوومەتی ئەوان ئیدی بەرەو ئێکسپایەربوون دەرۆیشت، تەپوتۆز و تەمومژی کوێرە ڕێگاکان، قانگ و دووکەڵی هاوکێشە سیاسییەکان بۆ مۆدێرنیزەبوونی جیهان ڕووی لە کەمبوونەوە دەکرد، کەوا بوو تا ڕادەیەکیش بە خۆشەی خۆیان نەبوو، ئەو دیوی دەرکە داخراوەکان ئیدی نهێنی نەمابوو و دنیا لەناخی جینایەتە تیرۆریستییەکان ئاگادار بوو، پڕوپاگەندە دژ بە تیرۆر و تیرۆریزم وەکوو گوتار خەریك بوو دەبوو سووژەی کۆڕ، سمینار، کونفرانس و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی، پێش لە گەیشتن بەو قوناخە دەتوانرا پێش بە جیهانی بوونی تیرۆریزم بگیرێ، بەڵام بەرژەوەندی ئوردوگاداران سەرەکیترین کۆسپی سەر ڕێگای خەباتی دژە تیرۆر بوو لەسەر ئاستی جیهانیدا، لەباوەڕی وڵاتانی زلهێزدا نەبوو، کە ڕۆژێ تیرۆر وەك دیاردە و قەیرانێکی گلوبال (بەجیهانیبوون) هەموو پێکهاتە سیستماتیکە ئەمنی‌یەکانی جیهان هەڵتەکێنێ و لەوەش سەختتر ئەوە بوو کە ئەوان ئاگاهانە یان نائاگاهانە ماریان لە سفرە و خوانی خۆیان دا پەروەردە کردبوو، کەچی دڵی خۆیان گەستەوە، بەڵێ ئەو مارەی کە هێلانەکەی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدایە، ئەو ناوچەیەی کە دەتوانێ حەشارگەیەکی پڕ لە ترس و خۆفی تیرۆریزمی جیهانی بەخۆی و بنەماڵەکەیەوە بێ، واتە بە تیرۆریزمی دەوڵەتیو غەیری دەوڵەتیشەوە.




## تیرۆریزمی جیهانی ١١ی سپتامبرو کاریگەرییەکانی:

بەبڕوایی ڕامیارانو زۆربەی زانایانی سیاسی یازدەی سپتامبر کاتالیزۆرێکی چاوەڕواننەکراو بوو لە سیاسەتی جیهانی دژبە تیرۆردا.

دوو فڕۆکەی گەورەی نەفەرهەڵگر لەرۆژی ڕووندا بەسەر ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەسەر ئاسمانی نیویورك‌دا، ئاسمانێك کە ڕەشەمیشوولە لەشەوە زەنگدا نەیدەتوانی دوور لەچاوی ئاسایشی دەزگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە بجووڵێ، ڕۆیشتنو خۆیان بە تاوەری دوانەی تیجارەتی جیهانی‌داو هەزاران کەس کوژرانو ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون، تەلەویزیونت دەکردەوە، ڕادیوت هەڵدەکرد، رۆژنامەو بڵاوکراوەت چاو لێ دەکرد بەشوێن یەکدا مەحکووم کردن لەدوای مەحکووم کردنت لە لایەن دەسەڵاتدارانی جیهانەوە دەدی، خەباتی دژە تیرۆر لە قاڵبی تیئوری‌دا بە ئەو پەڕی خۆی گەیشتبوو، ببووە سەردێڕی هەواڵو دروشمی ئەنجومەنەکان، کۆمەڵگای جیهانی و تەنانەت تیرۆریستانیش دروشمی مەرگ بۆ تیرۆریزمیان دەگوتەوە، جیهان بە گشتی حەپەسابوو چوونکی ئێدی نائەمنیی جیهانی، بەو کارەساتە بە تەواوی سەلمابوو، تاوەرە سووتاوەکانی تیجارەتی جیهانی، ببوونە هێمای قوربانیی تیرۆریزمو نائەمنی لەجیهاندا، شەڕی دژە تیرۆر دەچوو ببێتە گۆتارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی لە ئاستی کۆمەڵگای جێهانی‌دا، دەوڵەتی ئەمریکا بەخێرایی وەخۆ کەوت بۆ تەسکیندان بەدڵی برینداری خەڵکی وڵاتەکەی، لەلێکۆڵینەوەی دەزگا ئەمنییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، دەرکەوت کە ئەو هێرشە لە لایەن گرووپی ئەلقاعیدەوە رێك خراوە.

گومانێکی نزیك لەباوڕ، لەسەر ئەوە هەبوو کە ئۆسامە بن لادەن، رێبەری گرووپی ناوبراو لە ئەفغانستان بێ. داوا لە حکوومەتی تاڵیبان کرا کە بن لادەن تەسلیمی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکا، بەڵام ئەو حکوومەتە وەڵامی ڕەدی بەو داوایە دایەوە، بەقەولی دەوڵەتی ئەمریکاش بە باشی دەی‌زانی " تا تەنوور داخە، نانی پێوەدەن"، هەر بۆیە بەخێرایی ژمارەی پێچەوانەی بۆ لێدانی دەوڵەتی ئەفغانستان، بە قەولی ئەوان لانکەی بەشێك لە ئیسلامی سیاسی دیاری کرد. ئەڵبەتە پێویستە، ئاورێك لە ڕابردووی نزیك بدەینەوە هاوینی ساڵی ١٩٩٣ ساموئێل هانتیگتۆن تێزو وتاری پێکدادانی ژیارەکانی هێنایە ئاراوە، تێزی ناوبراو لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، بڵاوکرایەوە، تێزی هانتینگتون لە ناوەندە سیاسیو ئاکادیمییەکانی جیهاندا چ لەلای کەسایەتییە سیاسییەکانەوە چ لەلای بیرمەندانی سەربەخۆوە هەڵڵاو هەنگامەیەکی زۆری نایەوە، ئەوەیەش ئاکامی ئەو پێشبینیانە بوو کە بەنیسبەت سیاسەتی ئەمریکاوە کرابوون، واتە ئەم وتارە لە هەڵدابوو تا بە تێزێکی مودێڕن خەڵکی ئەمریکا بە دنیای سیاسەتی پاش کۆتایی شەڕی سارد ئاشنا بکا، بەقەولی خۆی فازێکی نوێ بینێتە ئاراوە، ئەوەیکە تێزی ناوبراو پێشانی دەدا، ئەوە بوو کە دژایەتیی جیهان نە ئیدئۆلۆژیکی‌یە، نە ئابووری بەڵکوو دژایەتییەکی کەلتووری‌یە کە تێدا دەوڵەتان یاریکەرانی سەرەکیی مەیدانن، لەو نێوانەشدا گرنگترین پێکدادان، بە پێکدادانی نێوان ئیسلامو رۆژئاوا دادەنرێ، هەر بۆیە ١١ سپتامبر کە باسمان کرد نەتەنیا کاریگەریی خۆی وەکوو کاتالیزۆرێك هێنایە گۆڕێ، بەڵکوو بەکردەوە ڕێخۆشکەرێك بوو بۆ چوونە قاڵبی پراکتیکیی تێزەکەی سامۆئێل هانتینگتون، واتە پێکدادانی ژیارەکان و بۆاری لە بارکرد بۆ شەڕێکی جیهانیی پڕمەترسیتر لە دوو شەڕی جیهانی، جۆرج بووش، سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەسەرنجدان بەو مەترسییە تۆقێنەرەی هەستی پێ‌دەکرد، بەشێوەیەکی فەرمی شەڕێکی جیهانیی راگەیاند، شەڕێك کە بەکردەوە دیسان جیهانی دووجەمسەر کردەوە، شەڕێکی جیهانی لە نێوان تیرۆر دژە تیرۆردا، بەرەی تیرۆر بە سەرکردایەتی دیاری ئۆسامە بنلادەنو گرووپەکەی واتە ئەلقاعیدەو هەموو هێز، لایەنگرو پاڵپشتەکانیو هەموو ئەوانەی لەبەرەی دژە تیرۆردا نەبوونو لەگەڵ ئەمریکا نەکەوتن لەسەروی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو پاڵپشتێکی بەردەوامو بە هێزی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، دیاریکراو بەرەی دژە تیرۆریش بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جێ ئاماژەپێکردنە کە جۆرج بووش پێش لێدانی ئەفغانستان، بەفەرمی لە تریبونی دەوڵەتی ئەمریکاوە ڕایگەیاند "هەرکەس لەگەڵ ئێمەدا نیە دژ بە ئێمەیە" هەربۆیە خوازراو یان نەخوازراو دنیایەکی، دوو جەمسەری بۆ شەڕێکی جیهانی ئامادە دەکرد، بەڵام ئەوەیکە هاتە ئاراوە نازانین چی نێو بنێین؟! شەڕی خاچپەرستان؟ شەڕی چاکەو خراپە؟ شەڕی ئازادی دژبە مەترسیو خۆف؟ شەڕی دێموکراسیو توتالیتاریزم؟ هتدو ... هتد.

بەڵام گرینگ ئەو ناوانە نین کە ئێمەو دەوروبەرەکانمان، واتە هێزو وڵاتە لاواز یان بێ دەسەڵاتەکان دایدەنێین، گرینگ ئەو ناونیشانەیە کە زلهێزان لەسەرەوەی هەموویانەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوی دەکەنەوەو دەیکەنە پەردەی داپۆشینی یاری‌یە سیاسییەکان.

گەرچی تێزەکەی فرانسیس فۆکۆیاما "کۆتایی مێژوو"، کە لەودا لیبرالیزم بە قۆناغی کۆتایی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێ شکستی هێنا، بەڵام بەردەوام فاکتەرێکی سەرەکیی فونداسیۆنی دونیای مودێرن حەرەکەت بەرەو دێموکراسیو لیبراڵ دێموکراسی‌یە، سروشتیشە کە دێموکراسیو لیبراڵ دێموکراسی بە بەشێك لە ژیاری رۆژئاوا دادەنرێنو بەپێ تێزو ڕوانگەی "شەڕی ژیاری "مەهدی ئەلماندجرا" پێکدادانو شەڕ لەنێوان ژیاری رۆژئاواو دەستکەوتەکانیداو ژیاری رۆژهەڵات بەتایبەت" ئیسلامو شوێنکەوتوانی دەبێ، جێ ئاماژە پێدانە بە پێی تێزەکەی فرانسیس فۆکویاما لە وڵاتانی باشوورو رۆژهەڵاتدا نیزامو حکوومەتگەلێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر دەسەڵاتدارانو لەژێر گۆشاری دواکەوتوویی، هەژاریو توتالیتاریزمدانو بۆ ڕزگارییان هیچ ڕێگایەك نیە جگە لە پەنابردن بۆ دێموکراسیو لیبرالیزم. لە لایەکی دیکەوە، ترسی رۆژئاوا لە مەزهەبە، واتە لە ئیسلام، چوونکی حەشیمەتی موسڵمانان لە جیهاندا زیادی کردوە، واتە تا چەند ساڵی دیکە ٤٠٪ حەشیمەتی جێهان لەخۆ دەگرنو بەو میکانیزمە پەروەردەیی‌ییەوە کە وڵاتانی ئیسلامی هەیانەو بەو دەسەڵاتە ئیدئۆلۆژیکییە ئیسلامی‌یەوە، کە بەسەر وڵاتانی ئیسلامیدا حاکمەو، بەوکەش‌و بوارە هزری‌یەوە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەریتگەرێتی باڵی بەسەر کۆمەڵگاکاندا کێشاوە، واتە لە نێوان سێکوچکەی دەوڵەتی توتالیتار، پەروەردەی ئایینیو کەشوهەوای ترسو خۆفدا باکگراوندێکی لەبار بۆ پەروەردەو بارهاتنی تیرۆریزم ئامادەیە، کەوابوو ئەو ڕەوتە لە بەرژەوەندی تیرۆریزمو بەرەی تیرۆردایەو بەرەی دژە تیرۆریش دەبێ مکانیزمێك بۆ پاشکەشە یان ریفۆرمێك لەو بارودۆخەدا ئامادەو پێکەش بکا، مکانیزمێك کە بتوانێ، ڕەوایی بەدەست بێنێت، ڕەوایی‌یەکی جیهانی، باشترینو لەبارترین مکانیزم "نظم نوین جهانی" و "دێموکراتیزە کردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست"و پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیە، سێ مکانیزم کە دەتوانن تەواوکەری یەکتربن.

**باشترینو لەبارترین مکانیزم "نظم نوین جهانی" و "دێموکراتیزە کردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" و پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیە، سێ مکانیزم کە دەتوانن تەواوکەری یەکتربن**

# دەورەی ١٧٣ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێهات

کاتژمێر ٩:٣٠ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە، ١٣٨٤/١/١٧، لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزب، بە بەشداریی بەڕێز ئەسعەد ئەحمەدی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی کومیتەی خەدەمات‌و هەیئەتی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی‌و وەهەروەها بەرپرس‌و مامۆستایانی فێرگە‌و کۆمەڵێك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب‌و بنەماڵەکانیان، ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی١٧٣ی سەرەتایی پێشمەرگە بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد.

پاشان بەڕێز ئەسعەد ئەحمەدی، بەبۆنەی کۆتایی دەورە وتەیەکی پێشکەشی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کرد. ناوبراو دوای پیرۆزبایی لە بەشدارانی دەورە بە بۆنەی کۆتایی‌هاتنی سەرکەوتووانەی دەورەکەیان، باسێکی سەبارەت بە وەزعییەتی ناوچەو ئێران‌و کوردستان پێشکەش کرد. بەڕێزیان لە قسەکانی‌دا ئاماژەی بە ڕووداوی ١١ی سێپتامبر کە لە لایەن هێزە تیرۆریستییەکانەوە ڕوویداو بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە هاتنی هێزی نیزامیی ئامریکاو هاوپەیمانان بۆ ناوچە بە مەبەستی دەستپێکردنی شەڕی دژی تیرۆریزم کە دەسپێکی بە لێدانی بنکەی سەرەکییان‌و بە لابردنی دەسەڵاتی تالێبان لە ئەفغانستان دەستی پێکردو پاشان بە ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی سەدام چووە قۆناغێکی نوێوەو، هەروەها سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس کورتەیەکی پێشکەش کردو گوتی: "بە دیتنی چارەنووسی سەرانی ڕێژیمی بەعس وەك دراوسێیەکی ئێران، دەسەڵاتدارانی ئێرانی تووشی ئالۆزی‌و شپرزەیی بوون‌و بە هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناوچەکە بە مەبەستی سڕینەوەی یەك لەدوای یەکی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان‌و پیادەکردنی گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە کە ئیستراتێژی سەرەکیی ئامریکایە، لە واقیع دا بازنەیەکی نیزامی بە دەورەی وڵاتانی دیکتاتۆرو پێشێلکەری مافی مرۆڤ لە ناوچەدا کێشراو ئامریکاو هاوپەیمانان بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان‌و سەقامگیرکردنی دێموکراسی‌و دامەزراندنی حکوومەتگەلی خەڵکی‌و مەدەنی کەوتنە بەرەی دژە تیرۆرەوە کە نموونەکەشی ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە عێراق دا دەبیندرێ". لە درێژەی باسەکەی‌دا گوتی: "ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوو لایەنەوە تووشی قەیران‌و ئالۆزییەکی زەق‌و بەرچاو بۆتەوە کە لە بەرامبەر بیروڕای گشتیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌یەوە کەوتۆتە پەراوێزەوەو ئەو قەیرانا بونەتە کێشەی سەرەکیی ئەو دەسەڵاتەو دەربازبوون لێیان ئەستەمە.

لە لایەك دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران کە بۆتە کێشەیەکی سەرەکیی جیهانی‌و مەترسییەکی یەکجار گەورەیە لە بەردەم ئازادی‌و دێموکراسی لە جیهان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، لە لایەکی دیکەوە مەسەلەی مافی مرۆڤ‌و ئازادییە مەدەنییەکان‌و زیندانی‌کردنی نەیاران‌و ڕۆژنامەنووسان‌و ڕۆشنبیران وەك قەیرانێکی نێوخۆیی زەق بۆتەوەو ئەو قەیرانانە بە هەڵبژاردنی مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاد بۆ سەرۆك کۆماری ئێران‌و بە هەڵوێستە توندڕەوانەو نالۆژیکی‌و دژە مرۆییەکانی هەر ڕۆژە ئێران تووشی قەیرانێکی نێوخۆیی‌و دەرەکی دەکاو لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تەریکی دەخاتەوەو" هەروەها سەبارەت بە ئەو پێشهات‌و ئەگەرانەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا لە لایەن ئامریکاو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە، سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی، ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە بێتەوە گوتی: "کە ڕەنگە گەمارۆیەکی سیاسی‌و ئابووری بخرێتە سەر ئێران‌و ئەگەر بێت‌و پەلاماری نیزامی بکرێتە سەر ئێران‌و خەڵکی بێتاوان لێی زەرەرمەند بن، تاوانباری سەرەکیی ئەو دەرەنجامانە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، چونکە ئەو هۆکاری هاتنەئارای ئەو دۆخە نالەبارەیە". بەڕێز ئەسعەد ئەحمەدی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا سەبارەت بە بەرنامەو پرۆژەی هێزو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەرامبەر ئەو هەلومەرجە ناسك‌و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بەردەم ئێران‌و ناوچەو کوردستان دایە، ئاماژەی بە پێویستی پێکهاتنی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی کرد کە دەبێ لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەش کۆ ببنەوە کە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری ئەم قۆناخەی خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی کوردە لە کوردستانی ئێران‌و هەروەها ئاماژەی بە هەوڵ‌و تێکۆشانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد کە لەم پێناوەدا لە ڕابردووو ئێستادا داویەتی‌و "گوتیشی حیزبی ئێمە هەمیشە باوەڕی بە فرەحیزبی‌و پلۆرالیزم هەبووەو بۆ ئەم مەبەستە گرینگەش ئامادەیە هەوڵ‌وتەقەلاکانی خۆی درێژە پێبدا تا گەیشتن بە پێکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی کە هەموو لایەنە سیاسییەکان تیایدا بەشدار بن".

بڕگەی سێهەمی بەرنامەکە، ڕاپۆرتی ئامووزشی فێرگە بوو کە لە لایەن یەکێك لە مامۆستایانی فێرگەوە پێشکەش کرا. پاشان پەیامی دەورەی ١٧٣ی سەرەتایی پێشمەرگە لە لایەن یەکێك لە هاوڕێیانی دەورەوە خوێندرایەوە.

نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکە بە شێعرو گۆرانی‌و سروودی شۆڕشگێڕانە ڕازابۆوەکە لە لایەن بەشدارانی دەورەوە بە هاوکاریی کۆڕی هونەری ئامادەکرابوو.

کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ لە نێو شادی‌و هەڵپەڕکێی ئاپۆڕای بەشداربووان دا ڕێوڕەسمەکە کۆتایی پێهات.

**ئامادەکردن: هێژا**

# تیرۆریزمی دەوڵەتی:

## سویس بڕیاری گرتنی کاربەدەستێکی پایەبەرزی ئێرانی دا

دادوەری لێکۆڵەری دەوڵەتی هەرێمی ڤۆ (یەك لەو ٢٦ دەوڵەتەیە کە کۆنفدراسیۆنی سویس پێك دێنێ کە پێتەختەکەی شاری لۆزانە)، ژاك ئانتنەن بڕیاری گرتنی نێونەتەوەیی لەسەر عەلی فەلاحیان، وەزیری پێشووی زانیاری‌و ئاسایشی ئێران، بە تاوانی تیرۆرکردرنی کازمی ڕەجەوەی لەسەر خاکی ئەم هەرێمەدا. ڕۆژنامەی فەڕانسەیی‌زمانی لۆمەتەن، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٩ی مانگی ئاوریلی ٢٠٠٦، بە چاپکردنی بەشێك لە ئەسڵی نامەکە لەنێو ڕۆژنامەکەدا، ئەم هەواڵەی ئاشکرا کردو نووسی کە "ماوەیەك دەبێ کە دادوەر، ژاك ئانتنەن لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی فیدراڵ لەسەر دۆسیەی ڕەجەوی لە هاتوچۆدا بووو لە ئاکام دا ڕێکەوتی ٢٠ی مانگی مارس، نامەیەکی بە مۆری "مووتڵەت نهێنی" ئاراستەی ئیدارەی عەداڵەتی فیدراڵ" کرد. لەم نامەیەدا دادوەر ئانتنەن، عەلی فەلاحیان، وەزیری پێشووی زانیاری‌و ئاسایشی ئێران وەك "بڕیاردەرو ڕێکخەری کوشتنی "کازم ڕەجەوی" دەناسێنێ.

شانزدەساڵ لەمەوبەر، ڕۆژی ٢٤ی ئاوریلی ١٩٩٠، بەرهەڵستکاری سیاسیی ئێرانی لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە لە شارۆچکەی کۆپی، سەر بە دەوڵەتی هەرێمی ڤۆ لەلایەن سێزدە تیرۆریستەوە پێشی پێدەگیرێ. تیرۆریستەکان دەسترێژێکی ٩ گوللەیی لە لەشی‌دا بەتاڵ دەکەن‌و بۆ تەواوکردنی گوللەیەکی لەپاش ئەستۆدەدەن‌و تیرۆری دەکەن.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی لۆمەتەن، دادوەرە لێکۆڵەری ئەوکات، ڕۆناڵد شاتلەن، بڕیاری گرتنی ئەم سێزدە کەسەی دەرکرد، بەڵام لە "ترسی دژکردەوەی کاربەدەستانی تاران‌و لەژێرناوی بەرژەوەندیی دەوڵەتی"دا لە وەدواکەوتنی عەلی فەلاحیان، وەك ڕێکخەری ئەم تیرۆرەو دەستنیشان کردنی "تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران" خۆی بوارد. بەگوێرەی هەر ئەم سەرچاوەیە دادوەر لێکۆڵەر، ژاك ئانتنەن، سەردانی وڵاتەکانی ئاڵمان‌و ئارژانتین، کە هەردووکیان بڕیاری گرتنی عەلی فەلاحیانیان لەمەوبەر دەرکردووەو ڕاوێژکاریی لەگەڵدا کردوون. ئەم سەرچاوەیە ڕادەگەیەنێ کە "سەرکوت‌و گوشاری ڕێژیمی مەلاکان تا ئێستا بۆتە هۆی ٢٥٠ قوربانی‌و بەڵام کاربەدەستانی ئێرانی هەمیشە ڕەدی ئەوەیان کردووە کە هاوکاری لەگەڵ بەشی عەداڵەتی ئە وڵاتانەدا بکەن کە تیرۆریان لەسەر ئاخەکەیان دا کردوە".

دادوەر ئانتنەن لە دانی هەر چەشنە زانیاری‌و شی‌کردنەوەیەك بۆ پرسیاری ڕۆژنامەوانان لەسەر ئەوەی کە چۆنەو چی گۆڕاوە کە ئێستا دەوڵەتی فیدراڵ ئامادەی هاوکاری بۆ دەستنیشان کردنی کارگێڕی سەرەکیی ئەم تیرۆرەیە، خۆی پاراست!

## نامەی سەرئاوەڵای ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤی کوردستان

بۆ کۆڕو کۆمەڵە جیهانی‌یەکان:
شورای مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان
کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی یەکیەتیی ئورووپا
کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ مافەکانی مرۆڤ
ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی
ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ
ڕێکخراوی پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ
کۆمەڵەی پارێزەری مافەکانی قەومە چەوساوەکان
هەواڵنێرانی بێسنوور

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤی کوردستان (RMMK) بنیاتێکی مەدەنی، نادەوڵەتی‌و ناسیاسی‌یە کە لە ٩ی ئاڤریلی ٢٠٠٥ لە کوردستان دا (بە ناوەندیەتی تاران) دامەزرا تا بۆ پارێزگاری، پاراستن‌و ڕەچاوکردنی مافەبنەڕەتی‌یەکان‌و ئازادییە سیاسی‌یەکانی گونجێندراو لە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، لە کوردستان دا هەوڵبدا. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ئەم ڕێکخراوە بە سەدان ئەندامەوە، سەرەڕای لانی‌کەمی پێداویستی‌یەکان، سەدان ڕاپۆرتی لە کەڕەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، لەوانە دەستبەسەرکردنەکان، دادگایی کردنەکان، بەندکردنەکان‌و ئێعدامی چالاکانی سیاسی، چاپەمەنی‌و کۆمەڵایەتی‌و مەدەنی لە کوردستانی ئێران دا داوەو هەروەها سەدان کەڕەت لە دەستدرێژیی بۆ سەر مافەکانی ژنان، منداڵان، کرێکاران‌و هاووڵاتیان‌و خۆکوژی‌و خۆسوتاندنی ژنان ڕاپۆرتی داوە یان لە دەیان وتووێژدا، لە ڕێگەی ڕاگەیەنەگشتی‌یەکانەوە بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی‌و ویژدانەبەخەبەرەکانی گەیاندوە. جیا لەوانەش بە دەرکردنی دەیان بەیانیەو داخوازیی‌نامەبۆ بەرپرسان‌و کاربەدەستانی دادوەریی، ئەمنییەتی‌و دەوڵەتی، خوازیاری ڕەچاوکردنی مافەکانی خەڵك‌و ڕێزدانان بۆ مافەکانی مرۆڤ بووە. ئەم ڕێکخراوەکە تا ئێستا لە چالاکترین بنیاتەکانی مافەمرۆڤانی‌یەکان لە کوردستان‌و تەنانەت ئێران دایە، تا ئێستا لە لایەن بنیاتە دەوڵەتی‌و حکوومەتی‌یەکان‌و ڕاگەیەنە دەوڵەتی‌یەکانەوە بایکۆت کراوە، بەڵام لەم دواییانەدا کەوتۆتەبەرتووڕەیی دەزگا ئەمنییەتی‌و دادوەرییەکان‌و ئەوانە لە ڕێگای گوشارەکان، هەڕەشەکان‌و سنووردانانەکانی هەر ڕۆژ پەرەگرتوووەوە دەیانەوێ چالاکی‌یەکانی ئەم ڕێکخراوە ڕابگرن.

دەرکردنی بڕیاری ٣ ساڵ زیندان‌و دوورخستنەوە بۆ سامان ڕەسوولپوور، ئەندامی چالاکیی RMMK، دەرکردرنی بڕیاری ٢ ساڵ زیندان بۆ هێمن مەحموودی‌و بانگکردن‌و دەستبەسەرکردن‌و دادگایی کردن‌و ئەگەری زیندانی کردنی ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی ڕێکخراو، لەوانە ئیجلال قەوامی، زاهیر ئەحمەدی، غەفوور محەممەدی، سروە کامکار، زەینەب بایزیدی، تونیا کەبوودەوەندو هێندێ لە بەرپرسانی RMMK لەژێر ناوی جۆراوجۆردا، لەم هەڕەشەو گوشارانەیەن. هەروەها فیلتێردانان‌و داخستنی وێب سایتی پێوەندیگرتن‌و ئاگایی گەیاندنی ئەم ڕێکخراوە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، لەو گوشاروبەربەستانەیە کە دەوڵەت لەسەر ڕێگای درێژەدان بە چالاکی‌یەکان داینـاون. لەم نێوەندەدا مانگرتن لە خواردنی سامان ڕەسوولپوور، ئەندامی بەندکراوی ڕێکخراو کە بۆ نارەزایەتیی لە بڕیاری بەندکران‌و دوورخستنەوە، لە ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی ئاڤریلەوە دەستی کردوە بە مانگرتن لە خواردن، نیگەرانی‌گەلێکی فرەی بۆ ئەندامانی RMMK پێکهێناوە.

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤی کوردستان لەم ڕێگەیەوە لە بنیاتەکان‌و ئۆرگانەکانی ناوبراو داوا دەکا کە بە پشتیوانی‌و پشتگیری لە داخوازیی ئەم ڕێکخراوە، بۆ ئازادی‌و ڕزگارکردنی گیانی سامان ڕەسوولپوور، وەستاندنی ڕاوەدوونانی ئەندامانی RMMK، لابردنی فیلتێری وێب سایتەکان‌و مۆڵەتی چالاکیی ئازادانەی ئەم بنیاتە مەدەنی‌ونادەوڵەتی‌یە لە کوردستانی ئێران‌و، هەروەها بە مەبەستی لەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان دا، گوشار بۆ دەوڵەتی ئێران بێنن.

**محەممەد سدیق کەبوودوەند**
**دەبیری ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤی کوردستان**
**تاران ـ ١١ی ئاڤریلی ٢٠٠٦**

# لە قامووسی فیمینیزمدا

وەرگێرانی: ب.هانا

(١١)

### کەلتووری ژن Woman culture

باربارا بوریس کەلتووری ژن بە جیهانی چوارەم پێناسە دەکا Burris (1971 ,). گومان (فرضیە)ەکانی کەلتووری ژن لەم دەیەی ڕابردوودا لە لایەن مرۆڤناسان، کۆمەڵناسان‌و مێژوونووسە کۆمەڵایەتی‌یە فیمینیستەکانەوە لە پێناوی دوورکەوتنەوەی بیردۆزە لە سیستمەکان (بایەخەکانی نێرینەداو، بەنیازی وەسفکردنی سروشتی سەرەتایی ئەزموونی کەلتووریی مێینە، بەرینتر بۆتەوە. چەمکی کەلتووری ژن، چەمکێکی کێشە هەڵایسێن لە مێژووی ژنان دایە، بەڵام هەموو مێژوونووسەکان لەسەر گرنگی‌یەکەی لە پێناسەکردنی گرووپەکانی ژنان دا هاودەنگن.

مێژوونووسان ڕۆڵ‌و ڕەفتارە ڕێگە پێدراوەکانی ژنان (هەرێمی ژنانە) لە کردەوەو تێکۆشانی سەرچاوگرتوو لە ژیانی ژن جیادەکەنەوە (Smith ـ Rosenberg,1975).

گێردا لێرنێر، بەتایبەتی لەم ڕووەوە کە ژنان زۆرایەتین، دان بە پێناسەی کەلتووری ژن وەك وردەکەلتوورێك دانانێ‌و، بەدژی دەوەستێ.

خەڵکناسە فیمینیستەکان جۆرێك زاراوەناسی بۆ کەلتووری ژنیان هێناوەتە گۆڕێ: بۆ نموونە شیرلی ئاردنێر ناوی "گرووپێکی دەمکوت کراو" لەسەر کەلتووری ژن دادەنێ کە لە تیۆریی ئەدەبیی فیمینیستی‌دا بە زاراوەیەکی بە کەڵك دەژمێردرێ. چونکە لەگەڵ تێگەیشتنێکی ئەدەبی لەسەر غیاب‌و دیارنەبوون، دەگونجێ ( Ardener , 1981). ڕەخنەگران لەم زاراوەیە بۆ پێناسە تایبەتبوون‌و جیاوازبوونی نووسینەکانی ژنان کەڵك وەردەگرێ. نواندنەوە (پێشاندانەوە)ی کەلتووری ژن لە ئەدەبیاتدا، هێندێك ئاماژە لە بارەی لەش، زمان‌و ڕۆح‌و گیانی



ژنان‌و بوارە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ڕوودانی ئەوان، دەگرێتەوە. ئەم درك پێکردنە ئەم توانایی‌یە دەدا بە تیۆرداڕێژان کە وێڕای ئاگاداری لە جیاوازی‌یە گرنگەکانی نێوان ژنان لەسەر بناغەی ڕەگەزی‌و باڵادەستیی جینسی، دان بەوەدا بنێن کە کەلتووری ژن ئەزموونێکی بە کۆمەڵ پێك دێنێ (Showa Lter,1982). لەگەڵ ئەمەش دا بەبڕوای ئادرین ریچ ئەگەرچی بەڵگەو نیشانەی بڕواپێکراو بۆ سەلماندنی بوونی کەلتووری ژن (بۆ نموونە بەرلە مێژوو) بەرەستەوەهەن، بەڵام بوونی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە لەوانەیە هەروا لەسەرێی بزووتنی ئێمە ڕێگر بن (Rich,1986).

ئان فێرگوسۆن‌و نانسی فولبێر لەم بڕوایەدان کە کەلتووری ژن دەتوانێ لە دەرەوەی چوارچێوەی پیاو سەرداری، پشتیوانیی ئایدۆلۆژی‌و ماددی لە ژنان بکا ( Ferguson & folbre 1981). ئێستا، ئەم زاراوەیە، ناسێنەری زیندەخەونی جیاییخوازانەی کولتوورێکی ژنتەوەری وەك "ژنستان"ی (١٩١٥)ی شاراوت پێرکینز گلیمانە کە لەوێ‌دا سەمبولەکانی پێوەندیدار بە ژنایەتی، بەشێکن لە ئوتوپیای کەلتووریی دایك سەردارانە (Galena , 1976 و Covina).

لە تیۆریی فیمینیستیی فەرانسەیی‌دا، کەلتووری ژن، ناسێنەری هەرێمێکی لە کۆت‌و بەند ڕزگارکراو، "منێکی دی"ی کۆمەڵگەی ڕەسمی‌یە کە لەوێ‌دا ئیمکانی هێنانەدیی زیندەخەوەو ڕاستەقینە یا خەیاڵی‌یەکان بۆ گەیشتن بەچێژی تایبەت، هەیە (Kristeva,1982). بەم واتایەوە، کەلتووری ژن لە بەرامبەر " ڕێککەوتننامەی کۆمەڵایەتیی سەمبۆلیك" دا دەوەستێ‌و مانای جیهانێك دەگەیەنێ کە ژنان لەوێدا لەگەڵ یەکتر هاوهەنگاون، لەهەمووو کۆت‌و بەندێك ڕزگارن، سەربەست‌و ڕەزامەندن.

فیمینیزمی ڕەش لە واتای کەلتووری ژن بۆ وەسفکردیی جۆرێك دژە کەلتووری هونەری‌و پیشەسازی کەڵك وەردەگرێ کە بیرخەرەوەی پێوەندگەلی تێکەڵ لەگەڵ بیرۆکەی دایکانەیە (Walker,1983). کەلتووری لیزبین لە نووسینەکانی ئادرین ریچ‌و ڕۆمانە لیزبینی‌یەکاندا، لەگەڵ کێشانەوەی ئوتوپیای فیمینیستیی کەلتووری ژندا، پێناسە کراوە. جیاییخوازە کەلتووری‌یەکان، کەلتووری ژن بە ئاشتیخواز‌و لە باری بایۆلۆژی‌یەوە گشتبین پێناسە دەکەن‌و، شیری موراگاو گلۆریا ئانزالدوا نازناوی، جیهانی چەپدەست EL mundo Zurdo یان داوە بە کەلتووری ژن ( Moraga & Anzaldua,1981).

کتێبی "فرهنگ نظریە‌های فیمینیستی" (قامووسی بیردۆزە فیمینیستی‌یەکان)، نووسینی مەگی هام‌و سارا گەمبڵ، لاپەڕەکانی ٤٧٠و ٤٧١

# بۆ هاوکاریی هێزە دێموکرات‌و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین


KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 435 20 Apr 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com
e- mail: info@kurdistanmedia.com
e- mail: pdkiran@club-internet.fr
e- mail: rdk_iran@yahoocom

## چیاکانی کوردستان

# کوچکەڕەش Kuchkarash



بـــالآی ڕەش‌و دێرینـــی، ئەگەرچـــی ڕووناکایی بە هیچ شوێنێکیەوە دیـار نیـە، بەڵام لـە ڕۆژی پەیدابوونیـەوە تـا ئێسـتا، پەیامهێنـەری هـەتاوی خۆشەویسـتی بـۆ نیشـتمانی جوانی‌یەکانـە. بەرەبـەیانان، بووکی هەتاو لە لووتکـەی بەرزەیـەوە دێ‌و دبێتە میوانی ئاوەرنشینانی شار.

"کوچـکەرەش" یـەکێك لـە بەرزاییـیـە بەناوبانگەکانی دەوروبـەری سنەیە (لـە ١/٥ کیلومیتریی شار)و لەلای باکووری ڕۆژهـەڵاتی ئەم شارە هەڵکەوتووە. بەرزایی‌یەکەی ١٥٠٠ میترەو بەردەڵانێکی ڕەش داپۆشیوە. بەدوای لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوایی‌یانـەی زەویناسـان، ئەم ڕایە هەیە کە ئەگەری هەبوونی نەوت لـە داوێنەکانی زۆرە.

لە سـەردەمی ئـەمانوڵڵاخانی ئـەردەڵان (والیـی شـاری سـنە)ەوە تـا ئێسـتا ئـەم چیایەو بنارە دڵگرەکـانی، بـە یـەکێك لـە سـەیرانگەکانی دانیشـتووانی سـنەو دەوروبـەری دەژمێردرێ. بەژنی سەراپا ڕەشپۆشی لووتکەکەی، ئاواییـیـە بـەربڵاوەکانی دەورانپشـتی کێوەکـە، کانیاوە وەرزی‌یەکانی وەك "کانیی فاتمـە"، کـانی "کووزەڵـــە"، "چـــەمی نەنەڵـــە"، کـــانیی "کوچکینە"، کانیی "سوقلی"و کانیی "دۆڵەتوو" بـــە گـــرنگترین دیمەنـــە سەرنجڕاکێشـــەکانی "کوچکەڕەش" دادەنرێن.

بە سەرنجدان بە ڕووبەری بـەردینی، ڕووبـەرێکی گیایی ئەوتۆی نیە، مەگەر لە بنارەکان ئەویش لـە وەرزی بەهاردا. چەند جۆرێکی تایبـەتیی ڕێـواس، جۆرە گەسکێکی تایبـەت بـەم ناوچـەیە (گـزگ)، هێنـدێك گـوڵی کـەم تەمـەنی سـەرە بـەهاران‌و پـاییزان، وێنجـە، شـەوەر (شـبدر)ی کێـوی لـە بنارەکانی‌دا دەڕوێن‌و جۆرەکـانی دارەبـی، چـنارو مێو لە نزیك ئاوایی‌یەکانی دەوروبەری‌دا دەبینرێن. بەم هۆیـەوە کـە هاتوچـۆی زۆری بـە سـەرەوەیەو ناوچـەیەکی سـەیرانگەیە، لـەباری جۆراوجـۆریی گیانلەبەرانەوە دەوڵەمەند نیە. دیارە چەند جۆر گـورگ، مـاری ژاردار، باڵندەی وەك هەڵۆو داڵاش‌و زیندەوەری وەك کەروێشك، ڕێـوی‌و کـەو، بە گرنگترین گیانلەبەرانی ئەم ناوچە دادەنـرێن. ڕێچـکەو ڕێبازەکـانی سەرکەوتن لـە "کوچـکەرەش" بـریتین لـە: گـەڕەکی کـانی کووزەڵـە، هەباساواو ئاوایی "نەنەڵە" لە نزیك سـنە. هـەروەها لـە داوێنـەکانی گوندی "فرجە"شەوە دەکرێ لە کوچکەڕەش سـەرکەوی. کـاتی چـوون‌و هاتنەوە لە کوچکەڕەش، سەعات‌و نیوێك دەخایەنێ.

سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان"، دفتر اول، "کوهها"، ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی، لاپەڕە ٣٣و ٣٤

# ژمارەی نوێی گۆڤاری "تیشك" بڵاو بۆوە




"تیشك" کە گۆڤـارێکی سیاسـی ـ ڕۆشـنبیریی گشـتی‌یەو، کۆمیســیۆنی لێکۆڵینــەوەو فێرکردنــی حیزبــی دێمــوکراتی کوردســتانی ئێــران دەریدەکــا، لــە خاکــەلێوەی ئەمســاڵدا ژمارەیەکی نوێی بڵاو بۆوە. ژمارەی نوێی "تیشك" (ژمارە ١٧) چەند بابەت‌و وتاری جۆراوجۆری سیاسی‌و فیکریی گرتۆتـە خـۆ. وتـەی ژمـارەی بـۆ باسـی کێشـەی نـاوکیی ئێـران‌و دژایـەتیی نێونەتەوەیی لەگەڵ هەوڵە ئەتۆمی‌یـە گوماناوی‌یـەکانی ڕێـژیمی کۆماری ئیسلامی تەرخان کردوە. بابەتـەکانی دیکەشـی بـریتین لە: ١ـ تێڕامانی مرۆڤ (دوکتور حوسـێن خـەلیقی) ٢ــ کـوردو کێشەی نەتەوایەتی (هاشـم کـەریمی) ٣ــ باندۆری پێکهاتنی دەوڵـەتی سـەربەخۆی کورد لە عێراق لەسەر ڕەوشی ئەمنییەتی ناوچە (مەتین) ٤ـ کوردەکان لـە عێراقـی شۆڕشگێڕدا (و: کاویان) ٥ــ تێڕوانینێـك لەسـەر مـافی دیـاریکردنی چـارەنووس (عەلی قۆیتاسی) ٦ـ داکۆکی لـە مـافی کەمینەکان (و: فواد حەقیقی).

ژمـارە ١٧ی "تیشـك" تەوەرێکیشـی هەیە لەبارەی "بەرەی کوردستانی". لـەم پێوەندی‌یەدا، گۆڤاری "تیشك"کۆمـەڵێك دیمانەی لەگەڵ کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی کـورد (بـەڕێزان عەبـدوڵڵا حەسـەن زادە، مەسـعوود تـەك، عەبـدولباقی یوسـف‌و مستەفا شەڵماشـی) سـاز داوە. گۆڤـاری "تیشك" لەم ژمارەیەی خـۆیدا، کتێبـی "ئایین‌و دەسـەڵات لـە پرۆسـەی مێـژووی ڕووحانییـەتی شـێعەدا" کـە مامۆسـتا هاشمی کەریمی نووسیویەتی، ناساندوە.

# دامەزراوێکی جیهانی بۆ بەرەوپێشبردنی مافی ژنان



خـاتوو شـیرین عیبـادی، وەرگری خەڵاتی ئاشتیی نوبێلی ٢٠٠٣، لـە کۆبوونەوەیـەکی ڕەسمـی لـە لـوس ئـانجلێس ڕایگەیاند بە هاوکـاریی ژنـانی دیکـەی وەرگـری خـەڵاتی ئاشتیی نوبێـل، دامـەزراوێکی جیهـانیی بـۆ بەرەوپێشـبردنی مافەکانی ژنان لە سەرانسـەری جیهان دا، پێك هێناوە. یەکـەم کۆبوونـەوەی ئـەم دامـەزراوە هـەر لـەم مانگـەی زایینـی‌دا لـە وڵاتـی ئیرلەنـد بەڕێوەدەچێ.

ئەم دامەزراوە کە ناوەکـەی بریتی‌یـە لـە women nobel laureates Initiaive بەهۆی ٧ ژنی وەرگری خـەڵاتی ئاشـتیی نوبێل لە کۆبوونەوەیەك دا کە لـە لـوس ئانجلێس پێك هات، دامەزرا. ئەم ٧ ژنە بریتین لە: شیرین عیبادی (لە ئێرانەوە)، جودی ویلیامز (لـە ئـەمریکا)، خـاتوو مەتائی (لە ئەفریقا)، خاتوو مـەرجوئی (لـە گواتمـالا)، خـاتوو ویلیـامز (لـە ئیرلەند)، خاتوو ئان سانگ سوشی (لـە میانمار) کە بە داخەوە لە زیندان دایـەو نەیتوانی لە کۆبوونەوەکـە بەشـدار بـێ. شیرین عیبادی لـە وتووێـژێك دا لەگـەڵ ڕادیۆفەردا گوتی یەکێك لە ئامانجەکانی ئێمە ئەوەیە هەموو ساڵێ کۆنفڕانسێکی نێونەتەوەیی لەباری کێشـەیەکی پێوەندیـدار بە ئاشتیی جیهانی‌یەوە لە وڵاتێـك دا، پێـك بێنین. یەکەم کۆنفڕانس لە ئیرلەند پێـك دێ‌و تایبەتـە بـە گرنگیـی ژنـان بـۆ ئاشـتیی ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاست. ئـەوە یەکـەم جارە ژنانی وەرگری خەڵاتی ئاشتیی نوبێـل لێـك کۆدەبنەوەو پێکەوە بۆ مافەکانی ژنـان کـار دەکـــەن. عیبـــادی گـــوتی لـــەباری جوغرافیاییـــەوە ئێمـــە هـــی شـــوێنە جۆراوجۆرەکـــانی جیهـــانین‌و دەتـــوانین هاوهەنگاوی لەنێوان ناوچە جۆراوجۆرەکـانی جیهان پێك بێنن. هەر یەك لە ئێمـە وەکـوو ئەنـدامانی دەسـتەی بەڕێوەبـەری ئـەم دامـــەزراوەین. لـــە کۆنفڕانســـە نێونەتەوەیی‌یەکانیش دا هـەموومان بەشـدار دەبین تا ئامادەبوونی هەموو ژنانی وەرگـری خەڵاتی ئاشتیی نوبێل ببێتەهۆی ڕاکێشـانی سـەرنج بـۆ لای کێشـەی ژنـان لـە هـەموو جیهان دا.

ڕادیۆ فەردا

## چیرۆکی ئەمجارە

# ڕەنگە زەقترین شتەکانیش نەبینین!

ب. هیوا کردوویە بە کوردی

کاتێك ١٠ سـاڵە بـووم بـەنرخترین سامانی من تۆپە فوتباڵەکەم بوو. بـۆ نان خواردن لەگەڵم بوو، لەگەڵ خۆم دا دەمخەواند، حەوتووی جارێك لـەجیاتی کەوشەکانم، ئەوم واکس دەکرد.

زانیاریی من لەبارەی فوتباڵ کەم و کورتی نەبوو، بەڵام لەبارەی شتەکانی دیکـەوە چـی وام نـەدەزانی. بـۆ وێنـــە شـــتێکم لـــەبارەی لەدایکبوونی منداڵان نـەدەزانی. ڕۆژێك لەسەر شەقام تۆپەکەم لێ ون بـوو. هــەموو جێیـەکی لێ گـەڕام. پاشـان گەیشـتمە ئـەو ئاکامە کـە یـەکێك دزیویـەتی. پاش گـەڕانێکی زۆر، سـەرئەنجام جێ‌پێی خاتوونێکم بەدی کرد کە پـێم وابـوو تۆپەکـەمی لـەژێر جلەکانی‌دا شاردۆتەوە، بۆیـە بـە پەلە ڕام کرد بۆ لای و گوتم: هۆی خـانم! بۆچـی تۆپەکـەمت لـەژێر جلـەکانت دا شـاردۆتەوە؟ بـۆم دەرکەوت کە تۆپێـك لـەگۆڕێدا نیـە. بـەڵام لانیکـەم ئـەوێ دوانیوەڕۆیـە تێگەیشـتم کـە منداڵان چـۆن لـەدایك دەبـن و، ژنـانی دووگیـان چـلۆنن. ئـەوەم بەلاوە سەیر بـوو کـە چـۆن بـوو هـەتا ئـەوێ ڕۆژێ هـیچ کـات سەرنجم نەدابووە ژنانی دووگیان و بۆچی لەوێ ڕۆژێ بـە دواوە، لـە هەموو لایەکـەوە لـە گـەمارۆی ژنانی دووگیان دا بووم.

گۆڤاری "موفقیت"، سایتی "ایران نیاز"

# بڕیارێکی ٣٠٠ میلیارد تمەنی!

بـە پێچـەوانەی ١٥ سـاڵی ڕابـردوو، دەوڵـەتی ئەحمەدی‌نـەژاد پـێش خسـتنی سـەعات لـە ٦ مانگـەی یەکەمی ساڵی نوێی‌دا هەڵوەشـاندەوە. ئـەم دەوڵەتـە لـە دوایین کۆبوونەوەی ساڵی ڕابردووی خـۆی‌دا، پەسـندکراوی [دەوڵەتەکانی پێشوو]ی لەبارەی گـۆڕینی سـەعات لـە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی‌دا هەڵوەشاندنەوە. ئـەم بڕیـارە لـە حاڵێـك دا ڕاگەیەنـدرا کـە پێشـتر هـیچ باسـێك و ئامادەیی‌یەك لەم بارەیەوە نەبوو. هەڵوەشاندنەوەی بردنـە پێشی سەعات لـەکاتێك دا پەسـند کـرا کـە دوو مـانگ پێشتر، هەواڵدەریی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی لـە زمـانی بەڕێوەبـەریی دەفتـەری بەڕێوەبـەرێتیی بـەرقی شـیرکەتی "توانیر" عەبدولحەمید حەسەن زادە گوتبووی: "لەسەریەك لە ئاکامی ٦٠ دەقیقە گۆڕینی سەعاتی ڕەسمیی وڵات لـە ٦ مـانگی یەکـەمی سـاڵدا، زیـاتر لـە هـەزار و ٨٢٠ گیگاوات سەعات لـە وزەی مەسـرەفیی سـاڵی لێکـۆڵراو (١٣٨٣)، یا نزیك بـە سـەدی ١/٥لـە وزەی مەسـرەفیی ساڵانەمان، بۆ گەڕاوەتەوە". عەلیرەزا شـێروانی، جێگـری سەرۆکی ناوەندی توێژینەوە لە (پژوهشگاە)ی وزە، وێـڕای ئاماژە بە لێکۆڵینـەوەی پسـپۆڕانە گوتوویـەتی: "ئەگـەر ئەمساڵیش سەعاتی ڕەسمیی وڵات گۆڕابا، دەمـانتوانی ٩ گیگـاوات سـەعات سـووتاندنی وزە و نزیـك بـە ٣٠٠ میگاوات لە دەورەی "پەیك" (ئەوپەڕی مەسـرەف) کـەم بکەینـەوە. نـاوبراو پێـی وایـە بـە گـۆڕینی سـەعات هەزینەکانی وەزارەتی وزە (ئەگەر سووتەمەنییش بێنینـە حیسێب) نزیکەی ٣٠٠ میلیارد تمن کەم دەبۆوە.

بڕیاری دەوڵەتی ئەحمەدی‌نەژاد لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری گۆڕینی سەعاتی ڕەسمیی وڵات، بووە بەهۆی ئـەوە وەزارەتـی وزە ٣٠٠ میلیـارد تمـەن زەرەر بکـا! بـەڵام لەراستی‌دا ئەوە وەزارەتی وزە و دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی نین کە باجی نەزانیی سەرکۆمار دەدەن، بەڵکوو ئەوە خەڵکی ئێرانن کە شانیان دەچێتە ژێـر قورسـاییی ئاکامـە زیانبارەکـانی بڕیـارە نەزانـەکانی سـەرکۆمارو دەوڵەتەکەی!

ماڵپەڕەکانی "اخبار روز" و بەشی فارسیی DW

## مرواریی دەریای وشە

ئەگـــەر هـــەر ئـــەم بیروهـــزرە ئاڵۆزانـــەی فەیلەسـووفەکان نـەبان، ئـەمرۆش مرۆڤـ وەك هـەزاران سـاڵ لەمەوبـەر، وەکوو وەحشییان لـە ئەشکەوتان دا دەژیا. (ئاناتۆل فرانس)

خۆشەویستی، زۆربـەی جـاران جۆرێـك عەزابـە، بەڵام بێبەشبوون لێی، مردنە. (ویلیام شکسپێر)

ئێمە ئەو کارە گەمژانەی لە ژیان دا ئـەنجامـمان داون، بـە نـاوی ئـەزموون لـە لای کەسـانیتر خۆمانیان پێوە ڕادەنێین. (ئوسکار وایلد)

بەدبەختی، ئەم لایەنە باشەشی هەیە کە دۆستە ڕاستەقینەکانمان پێ دەناسێنێ. (بالزاك)

# چارەنووسی ڕۆژنامەنووسی ئـازاو ڕۆژنامەنووسیی ئازاد لە سێبەری دیکتاتۆری‌دا

بەر لەماڵاوایی

ع. وریا

(بۆ پێشوازی لە ٢٢ی ئاوریل ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌و ٣ی مای ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی)

دیکتاتۆران‌و دەسەڵاتپەرستان هـیچ کـات لەگـەڵ ئـازادیی چـاپەمەنی‌و ئازادیی بیروڕا دەربڕین دا نەبوون‌و، هەمیشە بەوپەڕی توندوتیژی‌یەوە لەگـەڵ ڕۆژنامەنوسـانی ئـازاو بـوێرو ڕۆژنامـە ئازادەکـان دا جووڵاونـەوە. ئەگـەر هێندێك نوسـەرو ڕۆژنامەنووسیشـیان داڵـدە داون‌و، ڕێگـای بڵاوبوونـەوەی ژمارەیەك گۆڤارو ڕۆژنامەیان لە وڵاتی خۆیان‌و ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان داوە، بۆ ئەوە بووە بە بەژن‌و باڵاو بلیمەتی‌و کـردەوەو هـەنگاوەکانیان!! هـەڵبڵێن، چووکترین کاریان وەك گەورەترین خزمەت بـە گـەل‌و وڵات‌و مرۆڤایـەتی لـە قەڵەم بدەن‌و، تاوانی عەیبوعارو کەموکورتی‌و دەیان‌و سەدان گرفت‌و کێشەی خولقێنراو بەهۆی دیکتاتۆرو دەستەو تاقمەکانی‌یەوە، بەرنەوە سـەر بێگانـەو دوژمنان.

لە هەموو ئەو سیستەمانەدا کـە تاقمێـك مرۆڤـی دەسـەڵاتخواز، نـەزان‌و کەللـەڕەق هـەڵیان دەسـووڕێنن، ژمـارەی ئـەو نووسـەر، ڕەخنـەگرو ڕۆژنامەنووسانەی دەخرێنە زیندان‌و بەشێوەیەکی گومانـاوی لـەنێو دەبـرێن، بەردەوام لەزیاد بوون دان. ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانـەش کـە بەرهـەمی قەڵـەمی بوێرو مێشکی ڕەخنەگرو گۆڕانخواز بڵاو دەکەنەوە، دەکەونە بەر ڕق‌و غەزەب، پەروەندەیان بـۆ سـاز دەکـرێ‌و، بـە قـانوون‌و بڕیـاری بەرواڵـەت شـەرعی‌و، لەراستی‌دا دەسـکردی خـودی دەسـەڵاتداران، دادەخـرێن. قـەتیش دان بـەوە دانانرێ کە ئێمە توانای بیستنی ڕەخنـەو لەهـەڵڵادرانی کـەموکورتی‌و کـارو کردەوەی نەزانانەی خۆمانمـان نیـە. بـەڵکوو ڕاست بەپێچـەوانەوە، هێنانـە بەرباسی ئازادانەو ئازایانەی گیروگرفت‌و ناتەواوی‌یـەکان وەك پـیلان‌و دهـۆی نەیاران‌و دوژمنان، ئەویش بەدژی دەسەڵاتداران‌و کاربەدەستانێك کـە ڕیشـەو خۆشەویستی‌یەکی بێ‌وێنـەیان لـەنێو خـەڵکی خۆیـان دا هەیـەو، جگـە لـە خزمەت‌و دڵسۆزی، هیچ نیازو مەبەستێکی دیکەیان نیە، پێشان دەدەن. ئەم کەم سیکەدانەیی‌و بێ‌تەحەمولی‌بە بە ڕادەیەکە کە نەك هەر لەگەڵ ڕۆژنامـەو ڕۆژنامەنووسانی بوێری دوور لە دەسەڵات هەڵناکا. بەڵکوو ئەو کەسانەش کە دەکەونە نێو بازنەی دەسەڵات‌و لە خۆیانن، بـەڵام ڕاسـتی‌یەکان دەبیـنن‌و لـە کۆڕو کۆبوونەوەی تایبەتی‌دا، ددانی پێدا دەنێن، نابوێرێ‌و تڕۆیان دەکا.

ئەم نەخۆشـی‌یەی "هـەموو هەقبێـژو ڕەخنـەگرێك بـە پیـاوی دوژمنـان دانـان‌و، هـەموو هـەوڵێك بـۆ نیشـاندانی ڕاسـتی‌یەکان‌و گـەڕان بەشـوێن چارسەردا وەك پیلانی ناحەزان سەیر کردن"، زۆربەی جاران بەر لەوەی هـیچ زەمینەیـەکی دەرەکیـی هـەبێ، هۆکـاری دەروونـی‌و نێوخـۆیی هەیـە. دەسەڵاتێك یا دەسەڵاتدارانێك کە بەراستی ڕەگ‌و ڕیشـەیان لـەنێو خـەڵکی خۆیان دا هەبێ‌و، بـە ڕێگـاو شـێوازی دێموکراتیـك‌و دوور لـە خۆسـەپاندن گەیشتبنە دەسەڵات، هەر لـەو کاتـەش دا سیاسـەتی دروسـت‌و بەرنامـەی پێشکەوتنخوازانەیان بۆ خزمەتی کۆمەڵ‌و وڵاتی خۆیان هەبێ، بۆ دەبـێ لـە "شـــفافیت" (ڕوون نوانـــدن)، هاتنـــەگۆڕی ڕەخنـــەو هەڵسـەنگاندنی ڕەخنەگرانەو، دەربڕانی بیروڕای ئازادانـە بترسـن؟ بـەڵام مەسـەلەکە ڕاسـت بەپێچەوانەیە. بناغەی دەسەڵاتی ئەوان زۆر لـەرزۆك‌و بـۆش (پوشـالی)یـە، بۆیە لەگەڵ هەڵکردنی هەر بایەك دا دەکەوێتـە حەولـەوەلا. ئـەوەی بـەناوی ئامانجی پیرۆزو خزمەتی گەورە لە تـوێی وتـاری ئـاگرین‌و قسـەی بریقـەدار حەشاریان داوە، ئەگەر بەراستی هەمان ویسـت‌و ئامانجـەکانی خـەڵکن، بـۆ دەبێ لە هاتنە بەرباس‌و ڕەخنە لێگیران‌و هەڵسەنگاندنی بترسن؟ ئـەوان کـە پێیـــان وایـــە بۆخۆیـــان باشـــترین بەڕێوەبـــەران‌و کاربەدەســـتانن‌و هـــیچ کەموکورتی‌یەك لە ستراتیژی، تاکتیك‌و بەرنامەو پلان‌و هەڵوێستیان لـەبوارە جیاوازەکان دا نیە، با لە ڕەوتی هاتنەگۆڕی بـیروڕای ئـازاددا، داوەری‌یـەکی دوور لە ئینساف‌و ناواقیع بینانەشیان لەسـەر بکـرێ. ئایـا بـە مـە خـەڵك چەواشە دەکرێ‌و دەستبەجێ هەموو هەوڵ‌و خزمەتیان لەبیر دەچێتەوەو لێیان هەڵدەگەڕێنـــەوە؟ بۆچـــی لـــەجیاتی پـــەلامار بردنـــە ســـەر ڕۆژنامـــەو ڕۆژنامەنووسان، داکـۆکی لـەخۆیان‌و خزمـەت‌و بەرنامـەکانیان ناکـەن‌و بـە بەڵگـەو دەلیـل "پیلانـی ناحـەزان‌و دوژمنـانی نێوخـۆو بێگانـە"و "درۆو بوختانەکانیان" پووچەڵ ناکەنەوە؟

ئەزموونی هەموو ئەو وڵاتانەی دیکتاتۆرییـان بەسـەردا زاڵ بـووە پێمـان دەڵـــێ، دوژمنایـــەتیی دەســـەڵات لەگـــەڵ ڕۆژنامەنووســـیی ئـــازادو ڕۆژنامەنوسـانی ئـازا، توانیـوێتی بـۆ ماوەیـەك بـەر بـە ئاشـکرابوونی ڕاستی‌یەکان بگرێ‌وتەمەنی دیکتاتۆری درێژ بکاتـەوە. بـەڵام ئـەو ڕەخنـەو نارەزایەتییانەی ڕێگـەیان پێ‌نـەدراوە لـەرێگای قەڵـەمی نووسـەرانی ئـازاو ڕۆژنامە ئازادەکانەوە بڵاو ببنـەوە، بەرەبـەرە هـەر کـۆ بۆتـەوەو بـە نـاخی کۆمەڵدا چۆتە خوارو لەگەڵ یەکـەم دەرفەتـەکان دا، وەهـا تەقیوەتـەوە کـە بناغـەکانی کۆشـکی سـتەم‌و بێدادیی ڕمانـدوە. مێـژووش لەگـەڵ ئـەم ئاڵوگۆڕانـەدا، نـاوی ئـەو ڕۆژنامـەو گۆڤـارو ڕۆشـنبیرو ڕۆژنامـەنووس‌و ڕەخنەگرانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان، دیکتاتۆری بە نۆکـەری بێگانـەی لـە قەڵـەم دابوون، بـە خـەتی زێـڕین لـە لاپـەڕەکانی خـۆی‌دا تۆمـاری کـردوون‌و وەك پێشەنگ‌و قارەمانی گەل‌و وڵاتی خۆیان، ناوی بردوون.